IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# داعش
# و
# داعشناسی

کۆمەڵێک نوسەر

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (34)

ناوی کتێب: داعش و داعشناسی
نوسین و وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر
بابەت: ئیسلامی سیاسی
تایپ وهەڵەچن: زریان محەمەد
دیزاین: ئومێد محەمەد
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 5000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1332)ی ساڵی 2015 ی پێدراوە

# داعش
# و داعشناسی

کۆمەڵێک نوسەر

جەمال حسێن
فوئاد سدیق
ئازاد قەزاز
ماجید خەلیل
ئامێد سلیمان
بەهمەن تاهیر نەریمان
ئازاد. م
کارناس جوبرەئیل
سابیر عەبدوڵڵا کەریم
د.شاسوار کەمال مەحمود

# داعشناسی!!

جەمال حسێن
نوسەر، شارەزا لە ئیسلامی سیاسی

یەكێك لە شێوازە هەرە خراپەكانی دونیای رۆشنبیری كوردی، هەڵەیەك كە هەمیشە دوبارە دەبێتەوە، لە فۆرمی هەمە چەشن، لەسەر بابەتی هەمەجۆر خۆی وێنا دەكات، قسەكردنە لەسەر دیاردەیەك بە دابڕاوی لە مێژووی ئەو دیاردەیە خۆی.

دابڕینی روداوێـكـە لە دنیایەك روداوی هاوشێوە، نەبەستنەوەی پارچەكانی بابەتێكەو نەبینینی هەموو رەهەندەكانیەتی.

وەكو ئەوەی هەر دەركەوتەیەك لە هەسارەیەكی ترەوە هاتبێت و بێ ژێرخان و بێ مێژوو بێت. ئەم مۆدێلە لە نوسین، توانایەك و وزەیەكی زۆری كەڵەكە كردووە لە تەفسیری سیاسی رووت، تەفسیرێك چ پێویستی بە هەڵكۆڵین و قوڵبونەوە نییە، جاری وایە لە ئاستێكی هێندە روكەش و سادە خۆی دەنوێنێت، كە هەمان ئەو قسانە بۆ چەندین شتی تری دوور لە خودی بابەتەكەش دەگونجێت، رێك وەكو ئەو پەخشانانەی كە لە یەككاتدا بۆچەندین بابەت بەكاردێن.

بێگومان ئەوە كەمكردنەوە نیە لە بایەخی قسەكردن لە سیاسەت، بەڵكو كەمكردنەوەیە لە بایەخی بە میكانیكی سەیركردنی سیاسەت. وەكو ئەوەی سیاسەت چ پەیوەندیەكی بە كەلتورو عەقڵیەت و كۆی وشیاری كۆمەڵگایەكەوە نەبێت. وەكو ئەوەی سیاسەت كایەیەكی دابڕوا و بێ كەلتور و بێ گوتار بێت. لێرەوە لەگەڵ دەركەوتنی داعش بەسەر دنیایەك شیكاری سیاسی داكەوتین، كە گوایە هەوڵن بۆ شیكردنەوەی بونیادە فیكریەكانی داعش و هەوڵن بۆنزیك كردنەوەمان لە راستی ئەو پرسیارەی داعش چیەو چی دەوێت؟ لە ماوەی رابردووی دەركەوتنی ئەم هێزو ناوە لە ناو گۆڕەپانی سیاسی و راگەیاندندا، بێ بەرپرسانە رووبەڕووی دنیایەك قسە بوینەوە

کە گوایە قسەن لەسەر داعش، بەڵام لە جەوهەردا قسەکردن بوون بە بیانوی داعشەوە، تا ئەو ئەندازەیەی وتارمان بینی لە بارەی داعشەوە کە نوسەرەکەی لە یەکەم دێڕدا بڵێ من نازانم چ دنیابینیەك لە پشتی داعشەوەیە، ئەو بزوتنەوەیە لە ناوەڕۆکدا چییە، بەڵام هەمان نوسەریش بەردەوام بووە لە تەواوکردنی وتارەکەی لە بارەی داعشەوە! لێرەوەیە نوسین لە بارەی داعشەوە دەبێتە مۆدێل و هیچی تر، ئەگەر نا ئەوا یەکەم دێڕی دانپیانانی ئەم نوسەرە بەسە بۆ بێدەنگبوون لە بارەی ئەو دیاردەیەوە، کە خۆی وتاری لەسەر نوسیوە.

لەو رەهەندەوە هەموو هەوڵێك بۆ تێگەیشتن لە داعش، بێ ئاکام دەردەچێت ئەگەر ئاوڕدانەوە و وەستانێك لە کەلتوری داعشیزمەوە لە پشتی نەوەستێت، بێ تێگەیشتن لە فیکری داعش، لە بونیادی فیکری و گوتاری سەنتراڵی ئەم هێزە، هێڵە گشتیەکانی گوتاری داعشیزم، ناچێتە خانەی داعشناسییەوە، بەڵکو نوسینە بەناوی داعش،

دژی داعشناسی، بەشێك نیە لە رونکردنەوە، زیادکردنی لێڵییە، نزیککردنەوە نییە لە راستی، دورخستنەوەی زیاترە.

یەکەمین راستی بۆ قسەکردن لەسەر داعش ئەوەیە کە شتێك نیە بەناوی ئەدەبیاتی فیکری داعش، شتێك نیە تایبەت بێت بەداعش و جیابێت لە هەموو گروپەکانی تری ئیسلامی توندڕەو و رادیکاڵ، هەموو ئەدەبیاتی سەلەفیزمی جیهادی، ئەدەبیاتی داعشیشە، ئەو سەلەفیەتەی دەیان ساڵە لەو ناوچەیە گەشە دەکات، زیاتر لە سەدەیەکە لە فۆڕمی چەندین رێکخراوی لۆکاڵی، گلۆباڵی خۆی دەنوێنێت لە جیهانداو بەتایبەت جیهانی ئیسلامی، ئەمڕۆ بۆتە پاشخانی فیکری داعشیش. بۆیە سەیرکردنی داعش وەکو گروپێکی

جیاواز لە رووی فیکرییەوە لە کۆی گروپە ئیسلامیە سەلەفیە جیهادیەکان، بێ ئەنداز کورت بین و بێ بەڵگەیە، ئاماژەیەکی تەواو روونە بۆ ئەوەی کە هەڵگری ئەم بڕوایە و خاوەنی دێڕێکی لەم جۆرە، نە لە سەلەفیەتی جیهادی گەیشتووە، نە دەشتوانێ چ ناکۆکیەکی جەوهەری لەو نێوانەدا بدۆزێتەوە.

ئەوەی داعش لەباقی گروپە جیهادیەکانی تر جیادەکاتەوە، سیاسەتەو هیچی تر، هەیکەلی رێکخستن، خەلیفە، شوێن و بڕێکی یەکجار کەم بڕیاری سیاسییە لە فۆرمی ئاینیدا. رێك وەکو ناکۆکی نێوان قاعیدەو داعش، کە لەسەر کۆنترۆڵکردنی شارێکی وەکو حەلەب لەسەر ئەو ناکۆکیە سیاسیە سەدان کەسیان لە یەکتری کوشت، یان لە ئەفغانستان، یەمەن، میسرو مەغریبی عەرەبی، ئەم جەنگە جەنگی دوو فیکرو دنیا بینی ئاینی و مەزهەبی جیاواز نیە، بەڵکو دوو بەرژەوەندی، دوو تەماحی دنیایی، دوو حزبی سیاسیەو هیچی تر، بەڵام لەرووی فیکرەوە، قاعیدە، تاڵیبان، بوکۆحەرام، بەرەی نوسرە، داعش و دەیان گروپی تر سەربەهەمان قوتابخانەی ئاینین، لە هەمان گوتارەوە شەرعیەت وەردەگرن، بەهەمان میتۆد سەیری دین و دنیا دەکەن.

جیاوازیەکان چەندێتین نەك چۆنێتی، لە فۆرم و شێوازو میکانیزمدایە، نەك جەوهەر، لە توێکڵدایە نەك ناوەڕۆك. بیانووە ئاینیەکانی داعش بۆ کردەوەیەکی تیرۆریستی، وەکو خۆتەقاندنەوە، هەمان بیانووەکانی قاعیدەیە، کە لە کتێبێکی وەکو (العمده فی اعداد العده)ی قاعیدەوە هاتووە.

بەوپێیەی خۆتەقاندنەوە، پرۆسەی بەلوغمکردنی موجاهید دیاردەیەکی مۆدێرنە، بە تایبەت دوای شەڕی ئەفغانستان لەگەڵ دەرکەوتنی عەرەبە ئەفغانەکانی پاش داگیرکردنی

کابوڵەوە لە جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبۆوە، کردەوەیەکە پشتی بە تەکنەلۆجیای سەربازی و تەکنیکی مۆدێرن بەستووە.

بۆ شەرعاندن و بەستنەوەی بە کـرداری جیهاد بە پێی کەلتوری سەلەفیزمی جیهادی، پرسێکە یەکەمین هێز بەو شێوە تازەیە خستویەتە ناو سیستەمی بیرکردنەوەی جیهادی، قاعیدەی بن لادنە، لە رێی بڕێکی زۆر لە ئەدەبیاتی فیکری ئاینی توندڕەوەوە رەوایەتی پێدراوە، هەوڵدراوە بەڵگاندنی ئاینی بۆبکرێت. داعش هیچ زیادەیەکی نەخستۆتە سەر ئەو خەرمانە، بەڵام خۆتەقاندنەوەش وەکو چۆن بیدعەیەکی داعشی نیە، رەگ و ریشەکەی لە داری ئەستوری رق لە ژیان و لە توندڕەوی ئاینی وەرگرتووە، سەرچاوەکانی بۆفیکری سیاسی سەیدقوتب، مەودودی، چەند تیۆریسێنێکی تری دنیای فیکری ئیسلامگەرا دەگەڕێتەوە.

کە لە دوای ئەمانەوە تەکفیرکردنی کۆمەڵگایەك کە لە ژێرباری فەرمانڕەوایی خەلافەت نیەو بە جاهیل و کافر بینینی ئەوانی تر بو بە بەشێك لە بیروباوەڕی باڵی توندڕەوی ئیسلامگەرا ، دیسان سەید قوتبیش بۆ نموونە درێژکراوەی ئیسلامی حەسەن بەننایە، ئەویش بازنەیەکە لە ئیسلامی سەلەفی پێشتر. بە واتایەکی تر داعش لە دواجاردا، هیچ نیە جگە لە قۆناغێك لە گەشەکردنی فیکری ئیسلامگەرا، بۆیە کۆی ئەدەبیاتی ئەم قوتابخانەیە، بە تایبەت بە ئاراستە جیهادیە سەلەفیەکەیدا، ئەدەبیاتی داعشیشە، پێکهێنەری دنیا بینی و ئەدەبیاتە کەشیەتی.

تونێلی ئیسلامگەرا کە لە سەردەمی مۆدێرندا دەردەکەوێت، لە دوای سەید قوتبەوە بووەتە عەزیایەکی هەزار سەر، لە کۆتایی هەر سەرێکییەوە هێزێکی سەلەفی وەستاوە، سەرێکی

داعشە، سەرێکی قاعیدەیە، سەرێکی تاڵیبانە، سەرێکی بۆکۆحەرامە، هەروەها بڕینی ئەو سەرانە، عەزیاکە نامرێنێ، بەڵکو هەمان ئەوکلتورە تا خاوەنی وزەو زیندوێتی بێت، توانای دروستکردنی سەری تری هەیە بەدان و کەڵبەی تیژتر و دڕندەتر. ئەوەی واشدەکات ئەم عەزیایە لە مردن نەکەوێ، کەللسەرەکانی لە شوێنی جیاو لەکاتی جیا دەربکەونەوە، لە عەزیاکە زیاتر هۆکارو توانای دەرکەوتنی ئەو هەموو سەرە، ئەو ژینگانەیە کەتیایدا سەرەکانی ئەو هەژدیهایە دەبینین.

ژینگەی شیعەگەری عێراق و جەنگ و مێژووی جەنگ، پەراوێز خستنی سوننە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقی دوای بەعس، هەوڵی بەردەوامی شیعە بۆ زاڵکردنی شوناسی شیعە گەرانەی خۆی بەسەر بونیادی دەوڵەتی عێراقی، مێژووی ناسیۆنالیزمی فاشیانەی عەرەبی لە عێراق و ستەمکاری رژێمی سوری عەلەوی، زۆر هۆکاری تری ژینگەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، لە پشتی دەرکەوتنی سەری داعشە لە لاشەی هەمان هەژدیهای کەلتوری ئیسلامگەراوە.

راستە ئێمە دڕندەیەکمان هەیە کە نوێنەرایەتی عەقڵیەتێکی ترسناك و زبردەکات، بەڵام ئەوەی وایلێدەکات ببێتە نوێنەری زۆرینە، هۆکاری تر لە پشتیەتی کە لە دەرەوەی خودی ئەو کەلتورەوەیە. رەنگە ئەم راستیە وەڵامی بەشێك لەو هەڵەیەمان بداتەوە کە بەشێك لە نوسەران دەیکەن لەمەڕ تێگەیشتن لە پرسێکی وەکو داعش، کاتێك فۆکسی زیاد دەخرێتە سەر ژینگەو هۆکارەکانی دەرکەوتنی داعش، واقعێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبینینەوە کە جگە لە داعش ناکرێ چاوەڕوانی زیاتری لێبکەین.

بە کەڵك وەرگـرتـن لە هیگڵ دەتوانین بڵێین داعش

نائەقڵانیەتی واقعێکی نائەقڵانییە، تەعبیرێکی دۆزەخیە لە واقعێکی دۆزەخـی، دەرکەوتەیەکی زبری واقیعێکی زبرە، فاشییەتی واقیعێکی فاشییە، پەرچەکردارێکی نامەنتیقی واقیعێکی نامەنتیقییە، بە کورتی کوڕی ژینگەی خۆیەتی. ناهارمۆنیەت و نائاسایی بونی داعش بەزۆری لەو ژینگانەدایە کە هی ئەونین، وەکو شەنگال، کۆبانێ، کوردستان بەگشتی. ئەوشارە عەرەبیانەی سوننی نشینن و خاوەن ژینگەیەکی مەرگدۆستن و لە ژینگەیەکی پەراوێز خراو لە ژێر فشاردان، هەر بەڕاستی داعش وەکو فریادڕەس و رزگارکەر دەبینن، لانی کەم لە قۆناغی یەکەمی دەرکەوتنی ئەم هێزە، چونکە لەوکاتانە ئەم کۆمەڵگایانە لەواقیعێکی ئەوەندە دۆزەخیدا دەژیان کە دەرکەوتنی هەر هێزێکی تری هاوشوناس و خولیا بە گوتاری بەهەشتی، جۆرێك لە خەون و بەخشینی هیوا بوو بە کۆمەڵگایەك کە لە بێهیوایدا دەکولا.

لە بەرامبەر ئـەو تێگەشتنە کورتەی داعـش کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئاڕاستەیەك هەیە بۆ تەفسیرکردنی داعش و ساغکردنەوەی وەکو ئیسلامێکی بێڕتوش و بێ پەردە، بەجۆرێك کە ئەم تێگەشتنە پێیوایە داعش لە دواجاردا هیچ نیە جگە لە هەموو ئیسلام و نوێنەری کۆی کەلتورو دەقی پیرۆزی ئایینی. لەم تێڕوانینەدا، کە زۆر جار بازدانە بەسەر هۆکارە راستەقینەو واقیعیەکانی دەرکەوتنی داعش، فەرامۆشکردنو پەراوێز خستنی کۆی کەلتوری ئەقلانی و ناتوندوتیژی چەپێنراو قەدەغەکراوی ئاینی ئامادەیە، کە سەردەمانێك بە دەستی سەلەفیزم و حەنبەلەیەتی ئیسلامی قەدەغەکراوە و پەراوێز خراوە. دیسان بەلای منەوە ئەم بۆچونەش قوڵ نەبونەوەیە لە کەلتوری ئیسلامی لە دەرەوەی تەفسیرو شەرحی سەلەفیانە.

بەواتایەکی تر سەلەفیزم ئیسلامێکی روتی بێ کاریگەرنیە بە دنیا، بەڵکو نیتشە وتەنی، ئەم لێکدانەوە ئاینییە بێ ئەنداز دنیاییە، بەڵام بەشێوەیەکی نادیار و پەنهان. مێژوی بەئاینی کردنی بیروباوەڕی سەلەفی، مێژووی ململانێی سیاسی روتیشە لە نێوان خەلیفەکانی قۆناغە هەمەجۆرەکانی ( راشدین، ئەمەوی، عەباسی).

ئـەوە روونـە کە مەرگی پێغەمبەر، سەرەتای دەرکەوتنی ململانێیەکی خوێناویش بو لە نێوان هاوەڵانی لەسەر پۆستە دنیاییەکەی، بەجۆرێك کە لە نێوان بەرەی لایەنگرانی عەلی و بەرەکەی تر، هەرئەوەندە بەسە کە بزانین لە ماوەی یەك ساڵدا دوو جەنگی خوێناوی گەورە رویداوە، کە یەکەمیان جەنگی (جەمەل)، ئەویتر جەنگی (صەفین)ە. لەم دووشەڕەی ئەم دوبەرەیە، هەزاران کەس کوژراوە، وەکو چۆن ئەم جەنگانە درێژبونەوەی سیاسەت بوون، لە قۆناغەکانی دواتریش نوسینەوەی فەرمودەو دانانی بنەماکانی ئسوڵی شەریعەت و بیروباوەڕی ئیسلامیش لە نێوان بەرەی شیعەو سوننە، بەشێك بووە لە درێژکردنەوەی سیاسەت و ململانێ دنیاییەکان بۆناو کایەی ئاین.

بە واتایەکی تر پیاوانی ئاینی لە رێی پرۆسەیەکی وردی دنیاییەوە، ئەو بۆشاییە ئاینییەیان پڕکردەوە کە خودی ئاین لە بارەیەوە دەنگی نەکردبوو، کە ئەویش سیاسەت و جێگرەوەی پێغەمبەرە لە دەسەڵاتدا.

قۆناغ بە قۆناغیش ئەم پرۆسەیە، وەکو جۆرج تەرابیشی دەڵـێ ( بیروباوەڕی ئەرسەدۆکسی ئیسلامی)دەرکەوت، هەمان پرۆسە ئەبوزێد پێی دەڵێت( قۆناغی دامەزراندنی بنەمای ئاینی لە ئیسلامدا)، وە جابریش بە قۆناغی (نوسینەوەو کۆکردنەوەی فەرمودە) ناوی دەبات، کە لە هەمانکاتدا قۆناغی

دەرکەوتنی سەلەفیەتی ئیسلامییە، سەلەفیەتێك هەموو ئاینزاو ئاڕاستەکانی تری کەلتوری ئیسلامی قەدەغەکرد، ئەوەندەی دەستی پێڕاگەیشت ئەدەبیاتەکانی سوتاندنو لایەنگرانی دارکاریکردن. تاکار گەیشت بەوەی تەنها خۆی بووە خاوەنی حەقیقەتی ئاینی و کۆی مانای ئیسلامی لەخۆیدا کورت کردەوە.

ئەمڕۆی سەلەفیەت لەسەر ئەم پاشخانەو ئەم کەلتورە ئاو دەخواتەوەو دەژی.

لە زۆر لێکۆڵینەوەی کەلتوری و مێژویی ئاینیدا، ئەوە خراوەتەڕوو کە دوای دابەشبونی کۆمەڵگای موسڵمانی پاش مەرگی پێغەمبەر بەسەر دوو بەرەی سیاسی ناکۆك و دژبەیەك، کە بەرەی لایەنگرانی عەلی و ئەهل ئەلبەیت بوون لەگەڵ بەرەی لایەنگرانی ئەبوبەکرو عومەر کە بەسوننە ناسران، دوای قوڵبونەوەی جەنگ درێژبونەوەی ململانێکان، یەکەمین گروپی خاوەن قسەی ئاینی و تەفسیری جیاواز لەم دوبەرەیە، بەرەی ئەهل الکلام بوون، ئەوانەی بایەخێکی زۆریان بۆ تەفسیرو لێکدانەوەی ئەقڵ دادەنا، ئەمانە ئەو رەوتە خوێندەوارەی سەردەمی ئەمەوی و عەباسی بوون، کە هاتن و لەگەڵ خۆیان جارێکی تر پرسە سیاسی و ئاینیەکانیان لەدەرەوەی ئەقڵیەتی مەزهەبی شیعەو سوننەو لێکدانەوە سیاسیەکانیان هەوڵی جدیان نواند بۆجارێکی تر خوێندنەوەی دەقی ئاینی. کە ئەگەر ئەمانە لەو سەردەمانە بەردیواری دەسەڵاتی حەنبەلیەت و سەلەفیەتی سەردەمی خەلیفە موتەوەکیلی عەباسی نەکەوتبا، کە زۆرتر بە ( ئەهل الحدیث) ناسرا بوون، ئێستا دەست و پەنجەمان لەگەڵ تێگەیشتنێکی تری زاڵی ئاینی و ئیسلامی نەرمدەکرد.

بەواتایەکی تر ئەوەی وایکرد لایەنگرانی ئەقڵ و تێگەیشتنی ئەقڵانی ئەو ململانییە بدۆڕێنن، لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیدا لەناو مێژووی کەلتوری ئیسلامیدا، سیاسەت بوو، نەك ئاین خۆی. زاڵبونی گوتاری لایەنگرانی پابەندبوون بە رووکەشی دەقی پیرۆز، بە تایبەت ئەوانەی لە رێی پرۆسەی کۆکردنەوەی فەرمودەوە لە هەمان ئەو سەردەمە، قفڵێکی ئاینی پیرۆزیان لە کۆمەڵێك پرسی دنیای ناپیرۆزدا، بەو رێگەیە دەرگای بیرکردنەوەو ئیجتیهادی ئاینییان داخست بە رووی دەقە ئاینیەکاندا.

ئەم رووداوە بە کورتی، رووداوێکی بێ ئەنداز سیاسیە، بەشێکە لە درێژبونەوەی ململانێ دنیاییەکان بۆ ناو ئاین، کە لە دوای مەرگی پێغەمبەرەوە هاتنە پێش و قۆناغ بەقۆناغ توندترو زبرتر دەبونەوە.

پرۆسەی بە ئاینی کردنی ناکۆکی سیاسی و دنیای، وایکردووە کەئەمڕۆ دوو رەوتـە گـەورەکـەی ناکۆکی سیاسی کە لە سەردەمی یەکەمین خەلیفەوە دەرکەوتووە، واتە سوننەو شیعە، زۆرتر لەدوو ئاین دەچن تا دوو مەزهەبی هەمان ئاین. ئەمەش لێکەوتەیەکی ئاشکرای شەرعاندن و داتاشینی شەریعەت و بیروباوەڕی ئاینییە بۆ ململانێیەك کە لە بنچینەدا خۆی ئاینی نییە.

بۆیە ئەگەر لە سەرەتادا ناکۆکی نێوان هاوەڵانی پێغەمبەر و بەرەی عەلی و ئەبوبەکر تەنها ناکۆکیەکی سیاسی بوبێت، ئەمڕۆ بـووە بەناکۆکیەکی ئاینی پیرۆز، بەهەمان شێوە سەلەفیزمیش دەرئەنجامی ئەو بەرخودو بەریەك کەوتنانەیە لە مێژوودا.

لە سەردەمی مۆدێرنیشدا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە فۆرمە

فاشی و نادیموکراتەکەیدا، ستەمکاری وەکو خاڵی هاوبەشی کۆی سیستەمە سیاسیە عەرەبیەکان، ژینگەیەکی بەهێزی لە دایکبونەوە، ئاوێتە بوونی هـەردوو رەوتـی سەلەفی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی بـوون. لە نیوەی دووەمـی سەدەی رابـردوودا، کەسایەتیەکی رۆشنگەری وەکو کەواکبی، دوای ئەوەی لە گەشتی رۆشنبیری خۆرئاواوە گەڕایەوە جیهانی عەرەبی، ئەو راستیەی درکاند کە دایکی کۆی کێشەکانی دواکەتویی و پاشاگەردانی و شکستی جیهانی عەرەبی بە بەراورد بەخۆرئاوا، زاڵبونی سیستەمی ستەمکارو نادیموکراتە.

پاش زیاتر لە سەدەو نیوێك نەوەیەکی نوێ و گەنج لە دژی هەمان ئەو واقیعە هاتنە سەرجادە، بەشێك لەو رژێمانەیان روخاند کە کەواکیبی زۆر پێشتر داوایکردبوو گۆڕانکاریان تێدابکرێت. ئەو رووداوەی لە جیهانی عەرەبی بە بەهار ناونرا، ئەگەر لە ئەنجامدا بەهاریش نەبوبێت، بەڵام بێگومان لە سەرەتادا هەوڵبو بۆ کۆتایهێنان بە سارد و سڕی زستان.

لە دۆخێکدا کە کۆمەڵگا دەکەوێتە ژینگەیەکی ستەمکاری، ئەوکاتەی ژیان تەنگ بە کۆمەڵگا هەڵدەچنێ، لە هەموو بوارەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ توشی قەیرانی کوشندە دەبێت، بە دیلی ئاینی و سەلەفی زۆر بە ئاسانی دەتوانێ جێی خۆی بکاتەوە. بە واتایەکی تر گەشەکردنی فیکری ئیسلامگەرا لە هێزی خودی فیکرەکەوە نییە، بەڵکو لە لاوازی بەرامبەرەکانیەتی. بۆیە شکستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەوەی بتوانێ ژیانێکی باشتر بۆکۆمەڵگا فەراهەمبکات، خودی ئەو کۆمەڵگایەی بە ئاڕاستەی گەڕان بەدوای سپێدەیەکی باشتر جوڵاند، لەو سیاقەشدا گوتاری ئاینی زۆرترین توانای کۆکردنەوەی خەڵکی لە دەستدایە بەدەوری خۆیدا.

بەڵام ئەوە هیچ کات مانای ئەوەنیە کە سەلەفیەتی ئاینی عەرەبی لە جەوهەردا، جیاوازی ریشەیی هەڵگرتووە لەگەڵ ناسیۆنالیزمی فاشیست و نادیموکراتی عەرەبی، بە پێچەوانەوە ئەم دوو ئاڕاستەیە ئەمڕۆ و بەتایبەت لە فۆرمی داعشیدا، گەورەترین خاڵی لێکچوو هاوبەشی خۆیان دوبارە دەکەنەوە. پێشتریش یەکانگیری ناسیۆنالیزم و سەلەفیزم بەچەندین شێوە لە فیکرو مومارەسەی بەعس و هاوشێوەکانی لە جیهانی عەرەبیدا بینراوە. هەمیشە ئەو مۆدێلە شکست خواردووەی ناسیۆنالیزم ئاینی وەکو بەشێك لە شوناسی دواکەوتوی خۆی بەرجەستە کردووە.

مێژوی حوکمی بەعس، مێژوی زاڵبـوون و زاڵکردنی کەلتوری عەرەبیشە، بیانوەکانی بەعس و بەشێك لە جومگە سەرەکیەکانی فیکری بەعسیزمیش، گەڕانەوەی بەردەوام بو بۆ کەلتوری عەرەبی ئاینی. بە پێچەوانەشەوە ئیسلامگەرا ، نەك هەر لە ژینگەی عەرەبیدا، بەڵکو لە ژینگەی ئێرانی و تورکی و باقی نەتەوەکانی تریشدا، بەردەوام بەشێك بووە لە شوناسی سیاسی.

بالێرەوە هەوڵ بدەین لە کارەساتی شەنگال و ئەنفالەوە، دەمــارە هاوبەشەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و داعش ببینینەوە، بەو هیوایەی ئەمەش خزمەتێکی زیاترمان بکات لە نزیك بونەوە لە داعشناسی.

تراژیدیای شەنگال، ئەگەر وەکو ژمارەش بارتەقای ئەنفال گـەورە نەبێ، بـەڵام لە زۆر رووی تـرەوە لەو دڕندانەترو بەربەری ترە، بێ شەرمانەترو ئاشکراترە. ئەگەر ئەنفال دەسکەوتی ناسیۆنالیزمی توندڕەو و فیکری فاشیانەی بەعس بێت، ئەوا جینۆسایدی یەزیدیەکانی شەنگال و مەسیحیەکانی

دەشتی موسڵ، راستەوخۆ بەرهەمی فیکری ئاینی دەشتەکی و پەرگیری عەرەبیە، لێکەوتەی ئەو گوتارە دۆزەخیەیە کە ساڵانێکی زۆرە لە رێگای سەدان و هەزاران کەناڵی جیاوازەوە ئاو دەدرێ. قسەیەکی بەربڵاو هەیە دەڵێ تیرۆر بە فیکر دەست پێدەکات، واتە سەرەتا فیکرێکی توندڕەو هەیە، ئەوجار توندڕەوی وەکو دیاردەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی روودەدات. سەرەتا وێنەیەکی ناشیرین و قێزەون لەسەر پێکهاتەو لایەنێك هەیە، ئەوجار هێزێك دێت پەلاماری دەدات، سەرەتا لەشەستەکانەوە سەید قوتب تیۆریسێنی تیرۆر دەکات، دوای ئەو گروپە تیرۆریستەکان دەردەکەون، یەکەمجار گوتارێکی مەرگدۆست و سامناك هەیە، دوای ئەوە روداوی وەکو ئەنفال و شەنگال.

پێش ئەوەی نازیەکان دەست بکەن بە جینۆسایدی جولەکە، لە ئاستی فیکردا نازیزم ئەوەی یەکلا کردبۆوە کە جولەکە دوژمنەو مەترسیە بۆسەر رەگـەزی ئاری و شەیتانی وێنە بەهەشتیەکانی ئەوانن، پێش ئـەوەی بەعسیش پەلاماری کوردستان بداو ئەنفالمان بکات، لەسەر ئاستی تیۆریەوە وێنەی دوژمنی بە کورد بەخشیبوو، ئێمە ئەوسا لە دنیا بینی بەعس و ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە گشتی، بە کرێگیراوی ئیمپریالیزم و هێزی دەرەکی بوین، پێکهاتەیەکی شەرانگێزو مەترسی بوین بۆسەر ئەوەی لە ئەدەبیاتی بەعسیدا بە یەکێتی ئومەی عەرەبی و عێراق ناسرابوو.

بەهەمان شێوە داعشیش بەر لەوەی ژنانی یەزیدی بە کۆیلە بکات و پیاوانیان سەربڕێ، دەمێکە لەو گەناوە ئاو دەخواتەوە کە ئەمانە کافرن، شەیتان پەرست و دوژمنی خوای ئیسلامن. تێڕوانینی بەعسیانە بۆ کـورد و ناوچە کوردستانیەکان،

پاشخانێکی فیکری دوورودرێژ و پشتیوانیەکی فراوانی هەبوو لەهەموو ئاستێکدا. دەیان ناوەندی هەمەجۆری جیهانی عەرەبی لە پشت ئەم گوتارەی بەعسەوە وەستا بوون، ئەقڵیەتێکی بەهێزترو بونیادێکی عەقڵی گەورەتر لە خودی بەعس کاری بۆئەم دۆزەخە دەکرد کە دواتر بەعسیەکان بۆ کوردیان ئەفراند، بە کورتی بەعس هێزێکی بێ مێژوو نەبووە، بەهەمان شێوە داعشیش.

ئەوەی لە شەنگالیش رویدا، روداوێکی راگوزەرنییە، شتێك نیە لە بۆشاییەوە هاتبێ، کارەساتێك نیە پەیوەندی بە توندڕەوی چەند کەسێك، گومڕایی بزوتنەوەیەك و پەرگیری هێزێکەوە هەبێ بە تەنها، بەڵکو درێژ کراوەیەکی راستەوخۆی کەلتورێکی مەرگدۆست و تەکفیرییە، دەرئەنجامی ئەقڵیەتێکی ئاینیی،ە کە رەگو ریشەکەی بۆ هەزار ساڵ زیاتر دەگەڕێتەوە.

کە لە سایەی جەنگ و ململانێی سیاسی مەزهەبی و ستەمکاری لەم ناوچەیە ساڵانێکە ئەم قوتابخانە ئاینیە قوڵپەدات و لەسەر ئەو ئاگرە دەکوڵێ. ئەوانەی داعش بەهێزێکی بێ باوکی فیکری دەبینن، ئەوانەی دەیانەوێ وا وێنای کارەساتی شەنگال بکەن، وەك ئەوەی پەیوەندی بەئەقڵیەتێك و گوتارێك و فیکرێکەوە نییە، ئەوانەی دەیانەوێ بڵێن داعش تەنها نوێنەرایەتی خۆی دەکات، یان ناوێرن و غیرەتی ئەوەیان نیە خۆیان بخەنە بەر ئاوێنەی حەقیقەت تا وێنەی داعشی خۆیان نەبینن، یان بێ ئەنداز سادە و ساکارن، بەجۆرێك کە مایەی غەمباریەکی زۆرن.

با لە بەراوردێکی خێرای نێوان دوخەلیفەو دوو کولتوری ئیسلامییەوە ئاوڕ لەو راستیە بدەینەوە کە داعش رەگ و ریشەی لە مێژوودا چەند قوڵ و پتەوە، کە ئەویش پڕۆژەی

مەئمون ( 170_218 کۆچی) و متەوەکیل (205_247 کۆچی)ە.

ئەم دوو دەسەڵاتدارەی مێژووی ئیسلامی، سەرباری ئەوەی هەردووکیان لە یەك بنەماڵەن، لەسەردەمی خەلافەتی عەباسی دوو دەسەڵاتدار بوون، بەڵام لە ناوەڕۆکدا خاوەنی دوخەیاڵدان، دوو دنیابینی تەواو جیاوازو ناکۆك بوون لەناو یەك فەزای ئیسلامی و یەك کۆمەڵگادا.

یەکەمیان بایەخی بە خوێندەوارانی ئەوسەردەمە دەدا کە بە (ئەهلی کەلام ناسراون)، کاری لەسەر وەرگێڕانی ئەدەبیاتی فیکری مرۆیی کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمە دەکرد بۆ سەر زمانی عەرەبی لە هەموو بوارەکانی ئەدەب، فەلسەفە، کیمیا، فەلەکناسی، پزیشکیو جوگرافیا، هەر لەسەر دەستی ئەو( زانکۆی بیت الحکمە) لە بەغدا دامەزرا، نوێنەری تایبەتی خۆشی بۆ وڵاتانی بیانی و ناوچەکانی تر نارد، تا لەوێوە بەرهەمە فیکریەکان کۆبکەنەوەو بیهێننەوە بۆ قەڵەمڕەوەکەی، تا پاش وەرگێڕانیان بکرێنە کەرەستەی گەشەپێدانی فیکری.

بە پێچەوانەوە سنوری بۆ دەستوەردانی پیاوانی ئاینی تەقلیدی لەدەسەڵات و کۆمەڵگادا دانا بوو، لایەنگرێکی سەرسەختی بزوتنەوەی موعتەزیلەکان بـوو، کە ئەمانە هەڵگری پەیامی بە ئەقڵانیکردنی ئاین و پاککردنەوەی بوون لە خورافات. لە سەردەمی ئەم خەلیفەیە دامەزراوەی تایبەت بە وەرگێڕان دامـەزرا، سەدان بگرە هەزاران کتێب لەزمانە بیانیەکانەوە کران بە عەرەبی.

بە مەرگی ئەو و هاتنی متەوەکیل، ئەم پرۆژەیە هەڵگەڕایەوە، لـەم کـودەتـا ئەبستمۆلۆژییەی متەوەکیل، فەلسەفە، فەلەکناسی، کیمیاو وەرگێڕان قەدەغەکرا، بەپێچەوانەوە ئەم (ئیبن حەنبەل) ی لە زیندان دەرهێنا، ئەویش فەتوای

کافربوونی موعتەزیلەی دەرکرد و زانستی کەلامی قەدەغەکرد، هەر لەو سەردەمەدا جارێکی تر لە قەڵەمڕەوی ئەمەویدا پەلاماری شیعەکان درایەوە و باقی ئاینزا و ئاینەکانی جیاواز بە بیرو باوەڕی حەنبەلی قەدەغەکرا، مەرقەدەکانی شیعە روخێنران، مەسیحیەکان باجی قورس و یاسای توندیان بۆ دەرکرا، سەرجەم ئەو کەسانەی لە پۆست و دەسەڵاتەکانیان دورخستەوە کە موسڵمان نەبوون، یەکەمین خەلیفەش بو بڕیاری دا کە هەر کەس موسڵمان نییە دەبێت جلێك لەبەر بکات کە بە هی موسڵمانان نەچێت، تا دیاربن و بەئاسانی کۆنتڕۆڵ بکرێن، بۆ جێ بەجێکردنی ئەم بڕیارەش یەکەمین خەلیفە بوو هێزێکی تایبەتی دروستکرد بۆ چاودێری کردنی ئەوانەی موسڵمان نین، تا بەتوندترین شێوە بچەوسێنرێنەوە.

هەر لە سەردەمی ئەو، پرۆژەی کۆکردنەوەی فەرمودەش دەستی پێکرد، وەکو بەرفراوانترین پرۆژەی ئەبستمۆلۆژی، کە جۆرج تەرابیشی ناوی لەم پرۆسەیە ناوە (بەفەرمودەکردنی قورئان) واتە مەعریفەی ئاینی لە ئیسلامدا، لە مەعریفەیەکی قورئانیەوە گۆڕدرا بۆ مەعریفەیەکی فەرمودەیی، کە ئەمە ناوەڕۆکی کتێبە قەبەو قوڵەکەیەتی، وەکو هەر لە ناونیشانە کەیەوە دیارە ( من اسلام القران الی اسلام الحدیث). کۆتایی هاتنی پرۆسەی وەرگێڕان و نوسینی فیکری لە بواری زانستە دنیاییەکاندا، بە پێچەوانەوە دەستپێکردنی زاڵبونی پیاوانی ئاینی بەسەر دینداری میلیدا،

تەنها روداوێکی سیاسی نەبووە و بە پشتوانی متەوەکیل، بەڵکو کۆتایی هاتنیش بووە بە پـرۆژەی کرانەوەی ئاینی و لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیـان، ئەو دەرگایەی بە قفڵی موقەدەسی ئاینی داخست، کە ئەگەری ئەوەی لێدەکرا تەکانی

گەورە بە کۆمەڵگای ئیسلامی بدا. لایەنگری متەوەکیل بۆ توندڕەوی ئاینی، گەیشتە ئاستێك کە ئەو یەکەمین خەلیفەیە لەسەر مەزهەبێکی فیقهی ئاینی ساغ ببێتەوە، کە ئەویش مەزهەبی شافعییە، کە هێشتا حەنبەلی نەببو بە مەزهەبێکی فیقهی، وەبگرە ئەو بۆچونەکانی خۆی لەراستیدا، وەکو مەزهەبێك لەمەزهەبەکان و رایەك لە راکان نەدەخستە روو، بەڵکو وەکو حەقیقەتی خودی ئاینی و تاکە رێگای چونە بەهەشت و گروپی رزگاربوو لە دۆزەخ دەناساند، ئەوەی لە کە لەپوری ئیسلامیدا بە ( الفرقة الناجیە) ناسێنراوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواترداو بەتایبەت لەسەر دەستی کوڕەکەی، کرا بەدواین مەزهەب،

لە کاتێکدا کە مەزهەبی حەنبەلی کە لە هەمانکاتدا توندڕەوترین و پەرگیرترینیانە، یەکەمین مەزهەبیشە بیروباوەڕی ئاینی و فەرمودەی کردبێتە چەقی کارەکانی، بەتایبەت بە بەراورد بە مەزهەبی حەنەفی. کە کار گەیشتە ئـەوەی لەسەر هەمان رێـڕەو ئەبو خەتیبی بەغدادی کە حەنبەلیەکی کۆنە، هات و مەزهەبی ئەبو حەنیفەی تەکفیر کردو مەزهەبەکەشی بە مەزهەبی ئەهلی زەندەقە ناوبرد.

ئەمەش پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەو ناکۆکیە قوڵەوە هەیە کە لە نێوان ئەبستمۆلۆژیای ئاینی نێوانی ئەم دوو مەزهەبەوە هەیە، یەکەمیان لە فەلەکی قورئاندا دەسوڕێتەوە، دووەمیشیان لە فەلەکی فەرمودە، دەرئەنجامی ئەوەش هەر بۆ نمونە لە مەزهەبی یەکەمدا مرۆڤ بەنوێژ نەکردن کافر نابێت، لە هی دوەمیاندا نەك کافرە بەڵکو کوشتنیشی حەڵاڵە. لە مەعریفەی ئاینی حەنەفیدا، کردەوە بەشێك نیە لە ئیمان، واتە مرۆڤ دەکرێ بڕواداربێت بێ ئەوەی پەرستنە ئاینیەکان

جێبەجێبکات، لای حەنبەلی ڕاست بەپێچەوانەوە، بێ کرداری ئاینی، مرۆڤ نابێتە بڕوادار، لێرەوەیە حەنەفی بە جەهمی تۆمەتبار دەکرێ، واتە ئەوانەی چەقی ئاینداری دەبەستنەوە بەڕوحەوە، بە دڵی ئیسانەوە نەك بە سیماو شكل و پەرستنەوە.

بەشێکی زۆری ئەم ناکۆکیە فیکرییە بۆ مامەڵە لەگەڵ فەرمودە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەبوحەنیفە لە کۆی شەرعناسی و ئاینزای خۆیدا کەمتر پشتی بە فەرمودە بەستووە، حەنبەلیش کردویەتی بە مەرجەعی سەرەکی.

لە کە لەپوری ئیسلامیدا، حەنەفی بە مەزهەبی ( اهل الرئی) دەناسێنرێ، واتە ئەوانەی پشتیان بە راو بۆچونی خۆیان بەستووە زیاتر، مەزهەبی حەنبەلیش بە هی ( اهل الحدث)، کە ئەوانەن هەموشتێك دەگێڕنەوە بۆ فەرمودەو دەقی ئاینی، کە ئەمە بنچینەو بناغەی یەکەمی دەرکەوتنی سەلەفیەتە لە مێژووی ئیسلامیدا. هەربۆیە حەنبەلی بە ئیمامی ئەهلی سوننە ناسراوە، واتە رابەری پشتیوانی و سەرخستنی فەرمودە.

هەرئەوەندە بەسە لێرەدا ئەوە بزانین کە سەرباری ئەوەی حەنەفی بەپێی چەند سەرچاوەیەك زیاتر لە دە ئەسحابەی بینیوە، بەڵام سەرباری ئەوە تەنها چەند فەرمودەیەکی لێ دەگێڕنەوە، بەڵام حەنبەلی کە زیاتر لەسەد ساڵ دوای ئەو هاتووە، وەلانی کەم دوسەد ساڵ دەکەوێتە نێوان خۆی و سەردەمی پێغەمبەر، بەڵام تەنها لە کتێبی موسنەدەکەیدا، زیاتر لە چل هەزار فەرمودەی بەناوی پێغەمبەرەوە نوسیوە.

لـەدوای ئەم گۆڕانەوە لەفیکری ئیسلامیدا بەپشتیوانی دەسەڵاتداران و لەماوەیەکی دوورو درێژدا، گوتاری ئیسلامی لەگوتارێکی کراوەو نەرمەوە گۆڕدرا بۆ گوتارێکی توندڕەوو زبر، ئیدی قۆناغی زاڵبونی فەرمودە ناسەکان دەستیپێکرد،

سەردەمی وەرگێڕان و ئەدیب و فەلسەفەکاری بەرەو کۆتای چوو. تاکار گەیشت بەوەی کاتێك (القادر باللة) بو بە خەلیفە، کە بۆ ماوەی چل ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، هەر لە سەرەتاوە نوسراوێکی بڵاوکردەوە بە (العقیده القادرية) ناسراوەو لە ناوەڕۆکدا بەرگریەکی توندو بەهێزە لە بیروباوەڕی حەنبەلی و پەلامارێکی سەختی بیری موعتەزیلەیە، کە لێکۆڵیارانی کەلتوری ئاینی بە رۆشنبیرانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی دەیانناسێنن.

لە دوای ئەوەوە کتێبەکانی موعتەزیلە ئەوانەی شاردرابوەنەوە و بە نهێنی هەڵگیرا بوون، هەموویان سوتێنران، فەلسەفە بە یەکجاری قەدەغەکرا، پاشماوەکانی فەلەکناس، ئەهلی کەلام یان تۆبەیان پێکرا یان کوژران یان ئەتکیانکردن.

لە دوای ئەمەوە کەلتوری ئەقڵانی و نا سەلەفی ئاینی بە جۆرێك رووبەرووی فەوتان بۆوە، کە تائێستا بەهەزاران کتێبی ئەم قوتابخانەیە تەنها لە رێی هەندێك سەرچاوەوە ناونیشانەکانی ماوەتەوە، ئەگەرنا ئەوا خودی کتێبەکان فەوتێنراون، کاتێکیش لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو، لە یەمەن بەشێك لە کتێبەکانی (قازی عەیاز)ی موعتەزیلە دۆزرایەوە، کە بۆسەدەی چوارەمی کۆچی دەگەڕێتەوە، ئەمە وەکو دەسکەوتێکی زانستی و ئاینی وێناکرا.

بەشێکی زۆر لە بیروباوەڕەکانی ئەم گروپە ئەنتی سەلەفییە لە مێژوودا، لە رێگای نەیارەکانیەوە بە دەست ئێمە گەیشتووە، لە رێگای ئەو بەرهەمانەی کەسانی سەلەفی لە سەردەمانی زووەوە نوسیویانە بۆ وەڵامدانەوەی موعتەزیلە، تێدەگەین کە ئەم گروپە لەچ هەوڵێکی جدی دابووە بۆ وەستانەوە بە رووی زاڵبونی گوتاری سەلەفیزیزم، کە دواجار سەلەفیەت بە

پشتیوانی خەلافەت ئەم ململانێیەی بەلای خۆیدا خست و نەیارەکانیشی خستە ئاگری دۆزەخی تەکفیرەوە.

جۆرج تەرابیشی لە وتاری ( من قتل الترجمە فی الاسلام) دا، ئەو راستیە یەکلادەکاتەوە کە دوای هاتنی القادر تا سەدەی دوازدەی کۆچی، واتە زیاتر لە حەوت سەد ساڵ تەنها دوکتێب وەرگێڕدراوە بۆسەر زمانی عەرەبی، ئەویش لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی سیاسیدا بوون.

واتە لەم ماوە زۆرەدا تەنها یەك کتێب لە هیچ بوارێکی زانستە دنیاییەکانەوە وەرنەگێڕدراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، بە پێچەوانەوە لە ماوەی ئەو حەوت سەدەیەدا بە هەزاران کتێبی ئاینی ئیسلامی لە لایەن پیاوانی ئاینی توندڕەوەوە نوسراوە، هەر هەمووشی لە چوارچێوەی گوتاری حەنبەلی توندڕەودا بووە بە تایبەت لە باسی بیروباوەڕی ئیسلامیدا، ئەمە جیا لـەوەی مینبەری هەموو مزگەوتەکانی سنوری قەڵمڕەوی خەلافەت، بۆ بیروباوەڕی خەلیفە قۆرغکرابوو، کە بیروباوەڕی حەنبەلی بوو.

ئەگەر شافعی بە نوسینی کتێبی (الرسالة) بوبێتە خاوەنی یەکەمی نوسین لەبواری ئسوڵی فیقهیدا، ئەوا حەنبەلی بەنوسینی چەند کتێبێکی بیروباوەڕی ئیسلامی، لە وەڵامی موعتەزیلە و گروپەکانی تریش، ئەوا دەبێتە دامەزرێنەری راستەقینەی بیروباوەڕی ئیسلامی توندڕەو و ئەرسەدۆکس.

لە سەردەمی عەباسیدا ئبن تەیمیەو ئبن القیم بە دوو زیندووکەرەوەی کەلتورو قوتابخانەی حەنبەلی دادەنرێن، بە هاتنی محەمەدی کوردی عەبدالوهاب لە کەنداو لە سەردەمی عوسمانیەکاندا، جارێکی تر وزەیەکی بەهێز بەخشرایەوە بەم گوتارە، بە تایبەت دوای ئەوەی دەوڵەتی سعودییە لە ئەنجامی

ڕێکەوتنی نێوان خێڵە بەدەویەکانی حیجاز بە تایبەت (ئەلسعود) و بزوتنەوەی وەهابی دروستکرد، لەو ڕێکەوتنەی کە بە ڕێکەوتنی (درعییە) ناسراوە لە ساڵی 1744.

کە بە پێی ئەم ڕێکەوتنە دەسەڵات و مافی کۆکردنەوەی خەراج و غەنیمە بۆ خێڵی (ئەلسعود) بەجێ دەهێڵرێت و ئاینیشی بۆ پیاوانی ئاینی وەهابی.

دۆزینەوەی نەوت، شەپۆلی ملیاران دۆلار بۆ ئەم وڵاتە، چانسی ئەوەی کردەوە کە گوتاری وەهابی بە هەموو جیهاندا بڵاو ببێتەوە، ئێستا هەزاران ناوەندی گەورە بەسەتەلایت، کەناڵی ڕاگەیاندن، زانکۆو پەیمانگا لە خزمەتی پەخشکردنی فیکری وەهابین.

فیکرێك کە بەچاوی کافرو دۆزەخی سەیری هەر ئاین و ئاینزایەك دەکات، کە دەقاو دەق بە خۆی نەچێت، فکرێك پێیوایە پردی سیرات ئەوەندە باریکە، هەرکەس لە دونیا بەبچوکترین دنیابین و بیروباوەڕی ئـەوان جیاوازبێت، دەکەوێتە خوارەوە. ئەم گوتارە بە تەواوی لە پشت قاعیدەو داعش و ئەو کارەساتەشەوە دەوەستێ کە لە شەنگال ڕویدا. کوشتنی یەزیدی و بە کۆیلەکردنی ژنەکانیان و تاڵانکردنی سەروماڵیان، لە چوارچێوەی ئەم گوتارەدا واجبێکی ئاینی و حەقیەتێکی ئاینییە.

بگرە مێژووی ئەم گوتارە لە ئیبن حەنبەلەوە تا ئیبن تەیمیەو تا وەهابی، هیچ نیە جگە لە سەرفکردنی توانایەکی زۆر بۆ شەرعاندنی ئەم کارەستانە، مێژووی ئەم گوتارەش پڕە لەو کارەساتانەی هاوشێوەی شەنگالن. هەرئەوەندە بەسە لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ تەنها کتێبێکی ئەم کەلتورە ڕابکێشم، کە کتێبی ( احکام اهل الذمە ) ی ئیبن القیمە، کە لە سەرەتاوە

تاکۆتایی کارکردنە لەسەر سوکایەتی و رەوایەتیدان بە کوشتنی پیاوانی ئەوانەی موسڵمان نین و بەکۆیلەکردنی ژنەکانیان.

تەنها ئەم کتێبە سەدان جار چاپکراوەتەوە، لە بەشێکی زۆری ئەو ناوەندانەی وەهابی، وەکو مەرجەعێکی گرنگی ئەوەی خۆیان پێی دەڵێن زانستە شەرعیەکان دەخوێندرێ. لێرەوە تراژیدیای شەنگال دەستکردی گروپێك نیە بە تەنها، بەڵکو دەرئەنجامی کەلتورێك و گوتارێکی بەهێزە.

ئەگەر جەنگیش لەگەڵ داعـش بە چەك و فڕۆکەبێت، ئەوا جەنگ لەگەڵ کەلتوری داعشیزم لە مێژوودا بەفیکرو بە ئەقڵ دەکرێ، کە ئەمە بەپلەی یەکەم ئەرکی ئایینناس و پیاوانی ئاینی ژیان دۆست و مرۆڤ دۆستە. کە ئەم کارە لە کەلتوری خۆرئاوایدا بە (ریفۆرماسیۆن) ناسراوە، واتە چاکسازی ئاینی. کە لە جەوهەردا رزگارکردنی دەقی پیرۆزە لە تەفسیری ناپیرۆز، جیاکردنەوەی پێدراوی خواییە لە لێکدانەوەی مرۆیی، دورخستنەوەی ئاینە لەوەی بکرێتە ئایدۆلۆژیایەك بە دەست پیاوانی ئاینییەوە، رێگە نەدانە بەوەی ئاین بکرێتە گوتارێك، لە بری موژدەی بەهەشت، مەترسی دروستکردنی دۆزەخ بەرهەم بهێنێت.

# داعش و ئیسلام عومەرو عەلی

فوئاد سدیق
مامۆستای زانکۆ، شارەزا لە ئیسلامی سیاسی

دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن مالکییەوە، زۆری نەبرد شەڕی نێوان شیعەو سوننەی عەرەب بە جۆرێك گڕی سەندبوو، کە بەغدای پایتەختی عێراق وەك بەرلینی دوای شەڕی دووەمی جیهانی لێهاتبوو، کە بە دیوارێك بەرلینی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی لەیەکجیاکردبوونەوە، بەغداش بەهەمانشێوەی لێهاتبوو، بە دیوارێکی کۆنکریتڕێژ نێوان شیعەو سوننەی پێ جیاکرابووەوە، لەو ماوەیەشدا کە داعش لە پزدانی قاعیدە هاتە دەرەوە، شەڕەکە زۆر قووڵترو خەستتر بۆتەوە، بەڵام ئەمە کاری یەکێتی زانایانە، پێویستە ئەو تەمتومانە بە تەواوی لای هەموو ئەوانە بڕەوێنینەوە، کە هێشتا پێیانوایە رێکخراوی داعش سەربە ئیسلامە، چونکە خۆ ئێستا سەردەمی شەڕی(جەمەل)و(صفین) نییە، تا موسڵمانەکان شەڕی یەکتر بکەن، شەڕی(جەمەل) و(صفین)دوو نموونەی زۆر ناشیرینن لە مێژووی ئیسلامدا، چونکە ئەگەر کوشتنی خەلیفەی سێیەمی لێ بهێنینە دەرەوە، ئەم دوو شەڕە بە سەرەتاییترین شەڕی نێوان ئیسلامەکان دادەنرێ، کە خۆ بە خۆیی کەوتنە گیانی یەکتر. با لە کرۆکی باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، بزانین ئاخۆ پاساوی داعش بۆ ئەو توندوتیژییەی بەرێوەی دەبات چییە؟ با بە کورتی ئاماژەیەك بۆ قورئانی پیرۆز بکەین، کە ئاخۆ رێگای بەم کوشتن و بڕینە داوە، کە لە ژێر پەردەی ئایینی ئیسلامەوە رۆژانە خەڵکێکی بێ گوناە تەنانەت منداڵیش سەردەبڕن، ئەگەر بۆیان بکرێ لەم نیشتمانە هەمووومان سەردەبڕن؟ ئەگەر لە قورئاندا ئەو زەمینەیە لەبار نییە، ئەی بۆچی یەکێتی زانایان و مەلای دوانزە عیلم تا ئێستا چەند لێکۆڵینەوەیەکی وردیان نەخستۆتە بەردەستمان لەسەر پرسی داعش؟ پرسیارەکان زۆرن، بەڵام من هەوڵدەدەم زۆر بە کورتی چەند ئامانجێکی سەرەکی لەوبارەیەوە بپێکم.

قورئانی پیرۆز لە ماوەی 23 ساڵی تەمەنیدا کە دوو قۆناغی جیاواز دەگرێتەوە، لە 114 سورەت پێکهاتووە کە (86) سورەتی لە قۆناغی یەکەمیدا، کە بە سورەتی مەککەیی ناسراوە، هاتۆتە خوارەوە، 13 ساڵ دەگرێتەوە، قۆناغی دووەمیش (10)ساڵەکەی دوایییە کە 28 سورەتەو بە مەدینەیی نـاسراوە، لە مەدینە هاتۆتە خـوارەوە. دیارە (13)ساڵی یەکەم زیاتر باس لە خوا پەرستی و دوورکەوتنەوە لە بتپەرستی و ..هتد بووە، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا چەندین شەڕو کوشتارگەو بە رووی یەکدا هەڵشاخان دروستبوو، بۆیە زیاتر لە 300 ئایەت باسی جیهاد و کوشتن و هاندانی موسڵمانان دەکات تا بچن بۆ بەرەکانی شەڕو..هتد...لەکاتێکدا کۆی ئایەتەکانی قورئان نزیکەی (6336) ئایەتن. کەواتە ناکرێ زیاتر لە (6000) ئایەت فەرامۆش بکەیت و تەنیا (300) ئایەت بکەیتە بنەما، لەکاتێکدا ئەو ئایەتانەی بە روونی باس لە کوشتن و جیهاد و چوون بۆ بەرەی شەڕ دەکات، نزیکەی(207) ئایەتن. ئەمە پرسێکە گفتوگۆ هەڵناگرێت، ئەوەی بڕوای بە قورئان و ئایینی ئیسلام هەبێت، دەبێت بڕوایشی بەو ئایەتانەی خوارەوە هەبێت، هەر بۆ نموونە:سورەتی المائدە ئایەتی 99، الغاشیە ئایەتی21و 22، الشوری ئایەتی40و 43، الکافرون ئایەتی 6 ، البقرە ئایەتی 139و 256، القصص ئایەتی 56، الزمر ئایەتی 23.....هتد. ئەوەی ئێستا داعش دەیکات لەگەڵ میتۆد و فەلسەفەی گشتی قورئاندا ناگونجێت، چونکە بنەما گشتییەکانی ئیسلام پێچەوانەی ئەو کردارو گوفتارانەی رێکخراوی داعشە، کە ئەمڕۆ دژ بە هەموو ئایین و مرۆڤایەتین.

من ئەم وێنەیەی سەرەوەم بۆیە خستە روو، چونکە تا ئێستا ئەو پرسیارە بەردەوام دەوترێتەوە کە ئایا داعش پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکات یان نا؟، تەنانەت هەندێك لە کۆلکە

مەلاكانی لای خۆشمان بە ناڕەوای دەزانن داعش بە لادان لە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دابنێن، چ لۆژیكێك ڕێگا بەوە دەدات قورئانی پیرۆز بە شێوەیەكی ئینتیقائی- دوور بە لەبەرچاوگرتنی هۆكاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەكان- وەربگریت و زیاتر لە (6000)ئایەتیش پشتگوێ بخەیت. ئەمە تەنها داعش و ئەو گرووپانە دەیكەن، كە مەبەستیان قووڵكردنەوەی ئایینەكەو بەرفراوانكردن و جوانكردنی ئایینەكە نییە، بەڵكو ئایینەكەیان كردۆتە قەڵغانێك بۆ گەیشتن بە هەندێك مەرامی سیاسی نەخوازراو كە دژ بە ئایینەكەیە. لە كاری ڕۆژانەشیاندا بە زەقی ئەو مەرامە دژ بە ئایینەیان پەیڕەوكردووە. دەنا ئایین قەت بۆ كاری ڕێكخراوەیی ناشێت، چونكە ئایین سەرچاوەكەی سرووش(وەحــی)ە نەك بیروبۆچوون، چەسپاوونەگۆڕە، نەك گۆڕاو، ئەمە لە كاتێكدا ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە. خودی ئایینیش دەسەڵاتداری و ستەمكاری بە خۆیەوە هەڵناگرێ، بەڵكو تەنیا باوەڕو ئامۆژگاری و وشیاركردنەوەیە، لە پێناوی گەیشتن بە راستی و بە بەختەوەری. محەمەدی پەیامبەر(د.خ) دەیزانی ڕۆژێك دێت ئەم ئایینە لەلایەن خەڵكانێكەوە بۆ مەبەستێكی ناڕەوا بەكاردەهێنرێت، بۆیە فەرموویەتی(ان الدین وعر وان علینا ان نوغل فیه برفق) واتا ئایین ڕێگایەكی سەخت و دژوار(هەڵدێر)ە، پێویستە لەسەرمان بە ئارامییەوە پێیدا بچینە خوارەوە. ئەگەر سەیری ئایینی مەسیحیەتیش بكەین، دەبینین لە ئینجیلدا بە هیچ شێوەیەك توندوتیژی نادۆزیتەوە، كەچی دوای ئەوەی ئیمپراتۆری ڕۆم(272-337)ز لە قوستەنتین بوو بە مەسیحی، ئایینی مەسیحی كرد بە ئایینی فەرمی لە حوكمڕانییەكەیدا، وردە وردە كەنیسە، دەسەڵاتی خستە دەستی خۆی، كەنیسە كرا بە دەزگایەكی سیاسی ستەمكاری ئەوتۆ كە

بە هەزاران کەسیان سووتاند و سەربڕی، فەلسەفەشیان بۆ ماوەی(1000) هەزار ساڵ لە شوێنی خۆی چەقبەستوو کرد و رایانگرت. کەچی ئینجیل سەراو بن بکەی دێڕێکی تێدا نادۆزیتەوە کە هانی کوشتن بدات، بەڵکو هەمووی پڕاو پڕە لە خۆشەویستی و سۆزو بەزەیی و ...هتد.

**عومەرو عەلی**

بەرلەوەی باسی پێگەی بەهێزی (عومەری کوڕی خەتاب و عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بکەم، دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت، ئەبووبەکری سدیق، عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفان لە کەسایەتییە ناودارەکانی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام بوون، هەر یەك لەمانە خاوەنی دەسەڵاتێکی کاریگەر بوون لەناو هۆزەکەی خۆیان و بە هاتنیان بۆ ناو ئیسلام، ئایینی ئیسلام بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، بەڵام عەلی لە هۆزی هاشمییەکان بوو، بە تەمەنیش زۆر منداڵ بوو کە ببووە ئیسلام، بۆیە سەرەتا ئەو پێگە بەهێزەو ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی نەبوو، بەڵام دوایی (عومەر)و (عەلی) بوون بە دوو لە خەلیفە هەرە بەناوبانگ و ناودارەکەی دوای محەمەدی پەیامبەر(د.خ)،(عومەر) بەهۆی کەسایەتییە زۆر بەهێزو چاونەترسییەکەی و (عەلی)جگە لەوەی ئامۆزای محەمەدو دوای خەدیجە یەکەم کەسە بووەتە موسڵمان، تا رادەیەکی یەکجار زۆریش جێ متمانەی پێغەمبەر بووە، تەنانەت لە کاتی مردنی پێغەمبەریشدا لە خەلیفەکان تەنیا عەلی بەدیار جەنازەی پێغەمبەرەوە بوو، مێژوو نووسانیش لە کۆتایی سەردەمی ئەمەوییەکانەوە تا ئەمڕۆ زیاتر گرنگیان بەو دوو خەلیفەیە داوەو بوونەتە دوو هێمای گرنگ بۆ دوومەزهەبی

گەورە. دیارە پێگەی عەلی ئەوکاتە بەهێزتر بوو، کە فاتیمەی کچی محەمەدی خواست، منداڵەکانیشی بەهۆی فاتیمەوە بوون بە نەوەی محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، چونکە راستە باوکی عەلی(ئەبو تالیب)سەرۆکی هۆزی هاشمییەکان بوو، بەڵام لەگەڵ مردنی ئەبوتالیب، ئیدی سەرۆکی هۆزی هاشمییەکان بە(ئەبولەهەب)بەخشرا. راستە عەلی کوڕی ئەبوتالیب، هەرچی کردبێ، تەنیا لە پێناوی ئیسلامدا کردوویەتی، هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوە ژیانی ئایندەی خۆی بەرەو کام ئاراستە دەچێت، بەڵکو لە خەمی ئەوەدابووە ئایینی ئیسلام چۆن گەشەدەکات، بۆیە عەلی یەکەم خەلیفەیە کە بەدوای پۆست و پلەو پایەی دونیایی نەگەڕاوە، هەر ئەم خۆ نەویستییەش بوو سەرەتا نەکرا بە خەلیفە. بۆیە زۆر جار توێژەرانی ئیسلامی عەلی بە پیاوێکی بڕوا بەهێز، بەڵام وشك و برینگ دادەنێن، بەو مانایەی عەلی بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە نەیتوانیوە سیاسەت بکات، هەر بۆیە بە ناهەق شەهیدیش کرا، پێشتریش چەندین شەڕی ناڕەوایان بەسەریدا سەپاندبوو. (عومەری کوڕی خەتاب)یش، توانی چاوی قوڕەیش بشکێنێ، کە تا عومەر نەببوو بە ئیسلام، قوڕەیشەکان هەمیشە مایەی هەڕەشە بوون بۆسەر محەمەد و ئایینەکەی، تا محەمەد بۆ مەدینە کۆچی نەکرد کە(13)ساڵ بوو ئایینی ئیسلام بڵاوکرابۆوە، کەچی نەیانتوانیبوو گەشەیەکی بەرچاو بەو ئایینە بدەن، بەڵام بە هاتنی عومەر بۆ ناو ئایینی ئیسلام، کۆچکردنیان بۆ مەککەو پشتگیریکردنی ئەنسارو موهاجیرەکان لە محەمەد و ئایینەکەی، ڕێگای خۆشکرد دوای دوو ساڵ لەو کۆچکردنە شەڕی بەدر بێتە ئاراوە، کە لە بنەڕەتدا ئەو شەڕە شەڕێکی بە تەواوی چارەنووسسازو یەکلاکەرەوە بوو بۆ ئیسلام، کە بەهۆی ئەنسارو موهاجیدەکانەوە هاتە ئاراوە، قوربانییەکی زۆریشیان

پێشکەش بەو ئایینە کرد بەڵام توانیان سەربکەون و گورزێکی کەمەر شکێن لە دووژمنانی ئیسلام بوەشێنن.

لە سەردەمی خەلیفە عومەریشدا ئایینی ئیسلام گەیشتە لوتکە، زۆرترین گەشانەوەو فتوحاتی بەخۆیەوە بینی. عومەر لەماوەی ئەو 10 ساڵ و 6 مانگ و 19 ڕۆژەی خەلیفە بوو، توانی ئایینی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتەوە بگەیەنێتە ئێران، لە ڕۆژئاوایشەوە گەیاندییە لیبیا. لە مێژووی ئیسلامیشدا کاتێك باسی ئەو خەلیفانە دەکرێت کە دادپەروەر بوونە، عومەری کوڕی خەتاب لە ریزی یەکەمینیاندایە. نموونەیەکی زەقی ئەو دادپەروەرییەش ئەوەیە کاتێ بە عومەر دەڵێن کوڕەکەت هەر خەریکی خواردنەوەو زینا کردنە، شایەدی پێویستیش لەو بارەیەوە هەبوو، بۆیە ئەویش فەرماندەدات کوڕەکەی دارکاری بکرێت، تا لە ژێر قامچی گیانی دەرچــووە، بەڵام بۆئەوەی خوێنەر وردتر بزانێ ئەو گرفتانە چین کە لە نێوان عومەرو عەلی دا هەبوونە، بە کورتی ئاماژە بۆ گرفت و ناکۆکییەکانیان ئینجا بۆ پەیوەندییەکانیان دەکەم.

**ناکۆکییەکانی نێوان عومەرو عەلی**

تا ئەو ڕۆژەی محەمەد زیندوو بوو، بچووکترین گرفت و ناکۆکی لە نێوان عومەرو عەلی نەبووە، بەڵام لە ساتەوەختی گیانسپاردنی محەمەد، ئەبوبەکری سدیق و عومەر، لە ژێر گوشاری عائیشەی کچی ئەبوبەکری سدیق و خێزانی پێغەمبەر (دایکی موسڵمانان) عائیشە بانگی باوکی کرد، ڕاستەوخۆ پێیڕاگەیاند دەبێت بە زووترین کات تۆ ببیت بە خەلیفە، چونکە عائیشە مەترسی زۆری هەبوو کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب کە ئامۆزاو زاوای پێغەمبەرە، لە پێش هەمووشیانەوە

بۆتە موسڵمان، ئیتر ئەگەر باوکی نەبێتە خەلیفە هیچ رێگرییەك نامێنێ بۆ بەخەلیفە بوونی عەلی، سەرەتا ئەبوبەکری سدیق بەم قسەیەی عائیشەی کچی رازی نەبوو، بەڵام سووربوونی عائیشەو هەندێ پاساوهێنانەوەی واقیعیانە بۆ ئەبوبەکری باوکی، توانی دڵی باوکی نەرمبکاتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا عائیشە بە عومەری کوڕی خەتابی راگەیاند کە پێویستە باوکم رابسپێری بۆ خەلیفە، ئەمەش بە چەندین پاساوی واقیعیانەی بۆ عومەر هێنایەوە، چونکە عائیشە زیرەکترین کەسی سەردەمی خۆی بووە، یەکەم کەس بووە لەنێو هەموو ژن و پیاوەکانی ئەو سەردەمە بە سەحابەکانیشەوە، کە نەك هەر هەموو قورئانی بە تەواوی لەبەر بووە، بەڵکو شیعری شاعیرەکانیشی لەبەر بووەو ئەقڵێکی زۆر گەورەی هەبووە، کە ئێرە جێگای باسکردنی نییە، ئیتر عومەریش قەناعەتی بەوە دێت، کە لەو کەپرەی بەنی ساعیدە کۆببوونەوە، لەبەرچاوی ئەوخەڵکەی لەوێ ئامادەبوون ،داوا لە ئەبوبەکر بکات بۆ خەلیفایەتی و بەیعەتی پێ بکات، لەکاتێکدا عەلی لەسەر جەنازەی پێغەمبەر(د.خ) بوو، ئاگاداری ئەم بینەو بەردەیە نەبوو کە بە نهێنی رێکخرابوو، کاری نهێنیبوونەکەش هەر لە لایەن عائیشەوە رێکخرابوو، بەو پاساوەی با گرفتی گەورە دروست نەبێت، خوێنی موسڵمانان لەو وەختە ناوەختە کە محەمەد (د.خ) کۆچی کردووە با خوێنی موسڵمانان بە خۆڕایی نەڕژێ. ئەمە یەکەمین دڵگیربوونی عەلی بوو لە ئەبوبەکر و عومەر، چونکە عەلی بە هیچ جۆرێك لەو بڕوایە نەبوو کە هێشتا جەنازەی پیرۆزی محەمەد بە خاك نەسپێردراوە، کەچی ئەوان هەڵپەی دانانی خەلیفەیان بووە. هەر بۆیە عەلی کە بەم کارەی زانی بە تەواوی سەری سوڕماو ئامادە نەبوو سەرەتا بەیعەت بە ئەبوبەکر بدا، تا ماوەیەك

بەسەر ئەم رووداوە تێپەڕی. گرفتی دووەم ئەبوبەکرو عومەر هاودەنگ و هاوڕا بوون کە دەبێت عەلی بەیعەت بە ئەبوبەکر بدات، دەنا هۆزی قورەیش بە تایبەتی بنەماڵەی بەنی هاشم کە محەمەدیش سەر بە هەمان بنەماڵەبوو، لە ڕێگای عەلی یەوە دەنگی نـاڕەزایـیـان لێ بـەرزدەبـێـتـەوە، ئیتر دۆخـەکـە بە ئاراستەیەکی زۆر خراپدا دەڕوات، چونکە بنەماڵەی هاشمییەکان چاوەڕوانی عەلی بوون کە چ بڕیارێك دەدات، بۆیە ئەوانیش وەکوو عەلی بەیعەتیان بە ئەبوبەکر نەکردبوو، بۆیە هەردوکیان ئەبوبەکرو عومەر زۆر سەخڵەت دەبن، گوشار دەخەنە سەر عەلی کە بەیعەت بە ئەبوبەکر بکات، ئیتر کاتێك عومەر بە تووڕەییەوە دەچێتە ماڵی عەلی، سەرەتا لەبەردەرگا چاوی بە فاتیمەی کچی محەمەد و خێزانی عەلی دەکەوێت، قسەیەك لەم و قسەیەك لەو، دەڵێن عومەر لە فاتیمە دەدات، بە جۆرێك پـەراسـووەکـانـی فاتیمە دەشکێنێت، هـەر بـەهـۆی ئەم لێدانەیشییەوە فاتیمە کە سکی هەبوو منداڵە کۆرپەکەی لەبار دەچێت، ئەمە گرفتێکی قووڵ بوو بۆ عەلی، بەڵام عەلی ئەوکاتە هێشتا لە مەدینە پێگەی ئەوەندە بە هێز نەبووبوو، ئەبوبەکرو عومەر پێگەیان بەهێزتر بوو، پارسەنگی هێز بە لای ئەبوبەکرو عومەردا دەشکایەوە، چونکە عەلی باوکیشی نەمابوو سەرۆکی هـۆزی هاشمییەکانیشیان بەهۆی مردنی ئەبوتالیبەوە لەدەستدەرچووبوو، (هەرچەندە ئەم کێشەیەی نێوان عومەرو فاتیمە، بەشێك لە مێژوونووسان بە هەڵبەستراوی دەزانن، دەڵێن گوایە نووسەری ئەم هەڵبەستنە پیاوێکی سەفەوی بە ڕەچەڵەك جوولەکە هەڵیبەستووە، بـەڵام باڵی شیعە بە ڕووداوێکی ڕاست وەریانگرتووە)لە لایەکی دیکەیشەوە، دەڵێن عەلی ئەوەندە لە خەمی یەکگرتوویی ئیسلامدا بوو، بۆیە

قوربانی به هەموو شتێك دەدا لە پێناوی بەرز ڕاگرتن و پێشخستنی ئایینی ئیسلامدا، بۆیە عەلی کێشەکەی گەورەتر نەکرد، بەڵام بەیعەتیشی بە ئەبوبەکر نەدا، ئیتر فاتیمە لە لایەك لە خەمی باوکی کە پێغەمبەر بوو تازە کۆچی کردبوو،پەیوەندی پێغەمبەر لەگەڵ فاتیمە یەکجار بەهێز بوو، چونکە فاتیمە لە خەدیجە بوو، دایکی نەمابوو، پێغەمبەر زۆر گرنگی پێدەدا، لە لایەکی تریشەوە فاتیمە هێشتا منداڵ بوو کە شووی بە عەلی کردبوو، دەڵێن محەمەد بۆیە فاتیمەی بە منداڵی بە شوو داو دای بە عەلی، لە لایەك محەمەد، عەلی وەکوو کوڕی خۆی تەماشا دەکرد، چونکە خۆی هیچ کوڕێکی بۆ نەمابۆوە(بێگومان هەر سێ پێغەمبەر موسا، عیساو محەمەد، هیچ کوڕێکیان لەدوای خۆیان بۆ نەمایەوە) لە لایەکی دیکەیشەوە ئاگادار بوو کە عائیشە حەز بە فاتیمە ناکات، بۆیە بەرلەوەی عائیشە بخوازێت فاتیمەی بە شوو دا تا لەناو ماڵەکەی گرفت ڕوو نەدا) ئیتر فاتیمە وەك هەر ژنێکی ئاسایی حەسەن و حوسەینی بوو، عائیشەش کە زۆر حەزی لە منداڵ بوو بەڵام منداڵی نەدەبوو، ئیتر ڕقی عائیشە بۆ فاتیمە زیاتر بوو، ئەم دوو خاڵە(خۆشەویستی لە ڕادە بەدەری پێغەمبەر بۆ فاتیمەو بوونی بە دایکی حەسەن و حوسێن) هۆکاری گرنگ بوون کە  عائیشەی خێزانی پێغەمبەر غیرە لە فاتیمە بکات، حەزی پێ نەبێت و دواتریش ئەو کەیف پێ نەهاتنە پەڕییەوە بۆ عەلی مێردی فاتیمە. ئیتر فاتیمە لە لایـەك بەهۆی ئەو ڕووداوەی مردنی باوکی و لە لایەکی دیکەیشەوە بە هۆی ئەو ڕووداوەی کە عومەر بەسەریهێنا، نەخۆشکەوت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەخۆشییەکەی سەختترو کوشندە تر دەبوو، تا دوای شەش(6)مانگ لە مردنی باوکی ئەویش گیانی لەدەستدا و کۆچی دوایی کرد، دوای مردنی

فاتیمە، واتا دوای شەش(6)مانگ لە خەلیفەبوونی ئەبوبەکر ئینجا عەلی بەیعەتی بە ئەبوبەکر داوە. گرفتی سێیەم لە نێوان عومەرو عەلی لەوەوە سەرچاوەی گرت، کاتێك ئەبوبەکر ژەهر خوارد کراو زانی ئیتر ناتوانێ بەردەوام بێت، عائیشە بە زیرەکی خۆی ئەمجارەیان بڕوای بە ئەبوبەکری باوکی هێنا کە عومەر رابسپێرێ کە جێنشینی بێت، چونکە ئەو ترسەی عائیشە هەر بەردەوام بوو کە ئەگەر باوکی(ئەبوبەکری سدیق) عومەر رانەسپێرێ لەدوای خۆی بکرێ بە خەلیفە، دڵنیابوو کە عەلی دەکرێتە خەلیفە، عائیشەش بە هیچ جۆرێکیش نەیدەویست عەلی بکرێ بە خەلیفە، چونکە لەسەر ئەو رووداوەی لە نێوان عائیشەو سەفوانی کوڕی معطل دروستبوو بوو، عەلی داوای لە پێغەمبەر کردبوو کە دەست لە عائیشە بکاتەوەو تەڵاقی بدا، بەڵام پێغەمبەر ئەوکارەی نەکردو ئایەتیش لەوبارەیەوە هاتۆتە خوارەوە، بڕوانە سورەتی النور ئایەتی(15،13،12،11،9،6،5،4،16،17،19،20،23،) لەگەڵ چەند ئایەتێکی دیکە لە سورەتی ئەحزاب وەك ئایەی(32،30، 33)تا رادەیەك لە دەوری هەمان پرس دەسووڕێتەوە. دیارە کێشەی میراتی محەمەد لە دوای خۆی ئەوەش گرفتێکی دیکەیە، دەڵێن کاتێك محەمەد قەڵای خەیبەری گرت، جوولەکەکان دەستکەوتێکی زۆریان لەدەستداو کەوتە ژێر دەستی موسڵمانەکان، محەمەد گوندێکی لەناو ئەو دەستکەوتانە بەرکەوت، بەڵام خۆشەویستی محەمەد بۆ فاتیمە، ئەوەندە بەهێز بوو، ئیتر محەمەد ئەو گوندەی پێشکەشی فاتیمەی کچی کرد، کە دوایی بوو بە فاتیمەی زەهرا، ئەم کارەی محەمەد عائیشەی زۆر نیگەران کرد، بۆیە ناچار بوو بڵێ کەی کاتی دابەشکردنی میراتە تا بەشی فاتیمە بدرێت، بەڵام دوای کۆچی

دوایی محەمەد، ئەبوبەکر لە ژێر گوشاری عائیشەی کچییەوە، ئەبوبەکرو عومەر وتیان نابێ موڵك وماڵی پێغەمبەری ئیسلام بکرێتە میرات بۆ منداڵەکانی، ئیتر ئەبوبەکر یاسایەکی دەرکرد کە هەموو ئەو زەوییانەی لەلایەن موسڵمانانەوە دەستی بەسەردادەگیرێت، دەبێتە موڵکی(بیت المال)و کەڵك وەرگرتن لەو زەویانە تەنیا لەدەستی خەلیفەدا دەبێت، ئیتر ئەو گوندەشیان لە فاتیمە سەندەوە....گرفتێکی دیکەیش هەیە کە لەسەردەمی خەلیفایەتی عومەرداو بە فەرمانی عومەری کوڕی خەتاب معاویەی ئەبوسوفیان کرا بە والی شام، کە دواتر معاویە بوو بە گەورەترین گرفت بۆ عەلی و نەوەکانی عەلی و تەنانەت بۆ بنەماڵەی هاشمییەکانیش. کە خەلافەتی کردە پشتاوپشت و لەدەست هاشمییەکانی دەرهێنا. گرفتێکی دیکەش هەیە، بەڵام مێژوونووسان بە ئاسایی وەریدەگرن، ئەویش ئەوەیە عوبەیدوڵای کوڕی عومەری خەتاب، بەیعەتی بە عەلی نەداو داوایکرد لە مەدینە بچێتە دەرو سەفەر بکات، داوای کەسێکیان لە عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەری کوڕی خەتاب کرد تا کەفالەتی بۆ بکات، بەڵام عوبەیدوڵڵا کەسی دەستنەکەوت، بەڵام عەلی کوڕی ئەبوتالیب کە ئەوکات تازە ببوو بە خەلیفە خۆی بوو بە کەفیلی عوبەیدوڵڵا، بەڵام عوبەیدوڵڵا بەردەوام بوو لە دژایەتیکردنی عەلی کوڕی ئەبوتالیب و پاڵیدایە پاڵ معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان لە دژی عەلی، تا چارەنووسەکەی ئەوەبوو لە شەڕی(صفین)دا کوژرا. بۆ زانیاری زیاتر(عومەر دوو کوڕی دیکەی هەبوو بەناوی عەبدوڵڵای بچووك و عەبدوڵڵای گەورە، بەڵام عوبەیدوڵڵا لە ئوم کەلسومی کچی جرول کوڕی مالك خوزاعییەبوو). بەڵام پێش هەموو ئەو گرفتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم بۆیکردووە، هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا گرفتێك

سەریهەڵداوە، لایەنی شیعەش زۆر باسی لێوە دەکـات، بە گرێکوێرەی گرفتەکانی دیکەی دادەنێن ئەویش ئەوەیە، ئەوکاتەی پێغەمبەر لە سەرەمەرگا بـووە، گوایە پێغەمبەر ویستوویەتی کەسێك بۆ جێنشینی(خەلیفە)ی خۆی دابنێ، بـەڵام عومەری کـوڕی خەتاب نەیهێشتووە پێغەمبەر ئەو خەلیفەیە دەستنیشان بکات، چونکە گوایا عومەر دەیزانی پێغەمبەر عەلی بە جێنشینی خۆی دادەنێ، عەلی-ش هێشتا خاوەنی هەژموونێکی وەها نەبوو، بتوانێ ئەم کارە بگرێتە دەست و بەڕێوەی ببات، بە تایبەت کە قورەیشییەکان زۆر رقیان لێبوو، عەلی نەیدەتوانی دەرەقەتی قوڕەیشییەکان بێت، ئیتر خەڵکی تریشی لێ هەڵدەستایەوەو ئاژاوەیەکی ترسناك دروستدەبوو، بۆیە عومەر رێگای لە پێغەمبەر گرتبوو کە جێنشین بۆ خۆی دەستنیشان نەکات، دوایی ئەوان خۆیان ئەو کارە دەکەن. ئەمە هەنگاوی یەکەمی گرفتەکان بووە لە نێوان عومەرو عەلی دا.

**پەیوەندییەکانی عومەرو عەلی**

تا عومەرو عەلی لە ژیاندا بوونە پەیوەندییان یەکجار زۆر باش بووە، هەر بۆ نموونە، کە ئەبوبەکر عومەر رادەسپێری بۆ جێنشینی(خەلیفەیی)لە دوای خۆی، ئەگەر چی ئەم راسپاردەی ئەبوبەکر کاریگەری عائیشەی زۆر بەسەرەوە بووە، چونکە پێشوەختە عائیشە بە عومەری وتبوو، ئەگەر مووچەکەم بۆ زیاد بکەی من هەوڵی زۆر دەدەم باوکم ناوی تۆ بهێنێ بۆ ئەوەی ببیت بە دووەم خەلیفەی موسڵمانان، هەر وایشی کرد ئەبوبەکر عومەری راسپاردو مووچەی عائیشەش کە مانگانە بوو زیادی کرد، بەڵام عەلی کوڕی ئەبی تالیب نیگەرانی نیشان نەداو

بەیعەتی بە عومەر بەخشی. عومەریش عەلی کردە یەکەمین راوێژکاری خۆی و دەستە راستی عومەر بوو، هەر بڕیارێکیشی بدایە پێشوەخت پرس و راوێـژی بە عەلی دەکـرد، چونکە دڵنیابوو کە عەلی جگە لە بەرژەوەندی ئایینی ئیسلام، هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە دەخاتە لاوەو گوێیان پێنادات. بوونی ئەو پەیوەندییە بەهێزە وایکرد عومەر کچێکی عەلی بخوازێ کە ناوی(ام کەلسوم)بوو، لە کاتێکدا(ام کەلسوم) هێشتا منداڵیش بوو. کەواتە عومەر زاوای عەلی بوو.(ام کەلسوم) لە دایکەوە کچی فاتیمەی کچی پێغەمبەر-د.خ- بوو، بە حەوتەمین ژنی عومەری کوڕی خەتاب دادەنـرێ، چونکە عومەر(11)ژنی هێنابوو، دوای مردنی عومەر شووی بە محەمەدی کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب کردەوە کە ئامۆزای خۆی بوو.

راستە عومەر معاویەی کردبوو بە والی شام، بەڵام معاویە زۆر لە عومەر دەترساو تا عومەر لە ژیاندا مابوو، نەیدەوێرا لە قسەکانی عومەر دەربچێت، موسڵمانێکی ملکەچ و بێدەسەڵات بوو لەبەرامبەر عومەردا، هەموو ئەو گرفتانەی هێنایە ئاراوە دوای مردنی عومەر بوون، لە لایەك خزمی عوسمانی کوڕی عەفان بوو، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەو دڵنەرمی و دڵسافییەی عوسمانی ئیستغلال کردبوو بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی، بۆیە عەلی کوڕی ئەبوتالیب داوا لە عوسمان دەکات معاویە لابدات و کەسێکی دیکە بکاتە والی شام، عوسمان دەڵێت من معاویەم دانەناوە ئەوە عومەر بوو معاویەی کرد بەوالی شام نەك عوسمان، عەلیش دەڵێت ئاخر تا عومەر مابوو معاویە لێی دەترسا و نەیدەوێرا کارێکی نەگونجاوو نەشیاو بکات، بەڵام ئەی عوسمان ئێستا معاویە تەنانەت پرس و را بە تۆش ناکات و خۆیشت ئەمە باش دەزانی، کەچی معاویە لای

خەڵكی دەڵێت من ئەم كارانەم بە فەرمانی عوسمانی خەلیفەی سێیەم كـردووە، كەچی تۆ ئەی عوسمان هەڵوێستێكی زۆر لاوازیشت نییە لە بەرامبەر معاویەدا..

دەڵێن عوبەیدوڵڵا لە هەمان شەڕی(صفین)بەر لە كوشتنی، بانگی محەمەدی كوڕی عەلی كوڕی ئەبوتالیبی كردووە بۆ شەڕە شمشێرو زۆرانبازی، بەڵام عەلی كە باوكییەتی ڕێگای بە محەمەدی كوڕی نەداوە، محەمەدیش جنێوی بە عوبەیدوڵڵاو باوكی(كە دەكاتە عومەری كوڕی خەتاب)داوە، بەڵام عەلی وتویەتی كوڕم جنێو بە باوكی مەدە بەباشە باسی باوكی بكە.

كۆمەڵێك لـەو ئەسحابانەی كە لایەنگری عەلی بـوون، ناووناوبانگێكی باشیشیان پەیدا كردبوو، زۆربەیان لە سەردەمی خەلیفایەتی عەمەری كوڕی خەتاب دا، كاربەدەستی گەورە بوون، تەنانەت سەركردەی سوپاش بوون، لە ژێر فەرمانی عومەریشدا بـوون، هیچ گرفت و كێشەیەكیشیان نەبوو، عومەریش باش دەیزانی ئەوانە لە لایەنگرانی عەلی كوڕی ئەبو تالیبن هەندێك لەوناوانە ئەمانەبوون: عەماری كوڕی یاسر، سەلمانی فارسی، مالیك كوڕی ئەشتەر، بەرائی كوڕی عازب، حوزەیفەی كوڕی یەمانی، سەهلی كوڕی حەنیف، عودەی كوڕی حاتەمی تائی، عوسمانی كوڕی حەنیف، ئەحنەفی كوڕی قەیس، حەجەری كوڕی عودەی، هاشمی ئەلمەرقال و زۆری دیكەش، رۆژێك لە رۆژان ئەمانە لە لایەن عومەرەوە گرفتێكیان بۆ دروست نەكرا.

لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەوەیە، كاتێك عومەر سەفەر بۆ شام دەكات، عەلی كوڕی ئەبوتالیب لە مەدینە لە جێگای خۆی دادەنێ، لێرە دەگەینە ئەو راستییەی ئەگەر عومەر بە تەواوی لە نیازپاكی و دڵپاكی عەلی دڵنیا نەبوایەو پەیوەندی پتەویان

لەگەڵیەك نەبوایە، بێگومان عومەر سەحابەیەکی دیکەی لە جێگای خۆی دادەنا نەك عەلی.

بەڵام ئەوەی زۆر بە زیرەکانە هەوڵیدا لە لایەکەوە کێشە بخاتە نێوان، عوسمانی کوڕی عەفان و عەلی کوڕی ئەبوتالیب لە لایەکی دیکەیشەوە کێشە بخاتە نێوان عومەرو عەلی، ئەوا معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بوو، هەموو مەبەستەکەشی بۆ شکاندنی عەلی و دابڕینی ئەو جەماوەرە بوو لە عەلی، چونکە معاویە لەو ئاستە نەبوو بڵێ من لە عەلی باشترم بۆ جێنشینی(خەلیفە)، بەڵکو دەیویست قەناعەت بەو خەڵکە بهێنێ کە عەلی دەستی گەورەی لە کوشتنی عوسمان هەبووە، معاویەش نایەوێ خوێنی بە ناهەق ڕژاوی عوسمان بە فیڕۆ بڕوات، لە کاتێکدا عەلی حەزی بە کوشتنی عوسمان نەبووە، بە پێچەوانەوە، ناحەزانی عەلی عوسمانیان کوشت، هەندێکیش لە دۆستە هەرە نزیکەکانی عەلی بەشداریان لەو کوشتنەی عوسمان کردبوو، لەوانە محەمەدی ئەبوبەکری سدیق(محەمەدی ئەبووبەکر، دایکی ناوی –ئەسما- بوو، سەرەتا خێزانی جەعفەری براگەورەی عەلی بوو، بەڵام کاتێك جەعفەر لە شەڕێکدا دەکوژرێت، ئەبووبەکری سدیق دەیخوازێت و محەمەدی لێ دەبێت، دوای ئەوەی ئەبوبەکر کۆچی دوایی دەکات، عەلی کوڕی ئەبوتالیب دەیخوازێت، واتا دایکی محەمەد دەبێتە خێزانی عەلی، بۆیە مێژوونووسان دەڵێن عەلی وەکوو کوڕی خۆی سەیری محەمەدی ئەبوبەکری کردووە) بوو، دوای کوشتنی عوسمان و کاتێك عەلی دەکرێتە خەلیفە، محەمەدی ئەبووبەکری سدیق دەکاتە والی میسر، هەر لەوێش لە لایەن عەمروعاص سوپای معاویە بە ناهەق سەریان بڕی.

بە کورتی ئەوانەی ئێستا باس لە ناکۆکییەکانی عومەرو عەلی

دەکەن، پاساوەکانیان یەکجار لاوازەو هی ئەوە نییە ببێتە مایەی ناکۆکی، ئەوانە بیانەوێ و نەیانەوێ، دەچنەوە سەر بڕواهێنان بە معاویەو پەیڕەوکردنی هەموو ئەو فڕوفێڵانەی کە لەو پێناوەدا دەیدۆزییەوە، ئیتر وردە وردە دوای معاویە قسەو قسەلۆك لەبارەی ئەو دوو خەلیفەیە سەریهەڵدا، باڵی شیعەش لەدوای شەڕی (صفین)ەوە سەریهەڵدا، کە لەنێو سوپاکەی عەلی دوو باڵ دروستبوون، باڵێکیان لەگەڵ راگرتنی شەڕەکە بوو لەگەڵ معاویە، باڵەکەی تریش دژی راگرتنی شەڕەکە بوو، ئەو باڵەی لەگەڵ عەلی مانەوە پێیان وترا شیعە، ئەو باڵەیش کە لە عەلی جیا بوونەوە پێیان وترا خەواریج، بەڵام رۆژگار هات و رۆیی، باڵی شیعە کە سەر بە عەلی بوون، وردە وردە گەشەیان کرد تا بە ئەمڕۆ دەگات، باڵەکەی تریش کە باڵی خەواریج بوو، لە شوێنی خۆیان چەقیان بەست و مەیین و توانای گەشەکردنیان نەبوو، ئێستا هەر ناویشیان نەماوە. ئەمەیان سەرەتای کەرت کەرتبوونی موسڵمانان بوو، بەڵام لەجیاتی ئەوەی رێ لەو کەرتبوونە بگیرابایە، ئەوەتا دەبینین ئێستا تەنیا باڵی شیعە سەر بە چەندین قوتابخانەو گرووپی لە یەك جیا جیان وەك: رەوتی شیعەی 12 ئیمام(اهل البیت)، شیعەی ئیسماعیلی، زەیدی، فاتمی، تزاری، ئاغاجانی، ئەبازی، کیسانی،..هتد، بەڵام رەوتی 12 ئیمام لە هەموو رەوتەکانی دیکەی شیعە پڕ جەماوەری ترە. لە نێو باڵی سوننەشدا، چەندین رەوتی دیکە دروستبوون، لەوانە: ئەشعەری، موعتەزیلە، زاهیدی، رەوتی سۆفیگەری، وەهابی، قادری، لەنێو رێبازی ئەشعەریشدا، ئەم مەزهەبانە دروستبوون، حەنەفی، مالکی، شافعی، حەنبەلی، رەوتی موعتەزیلە لە هەموویان ئەقڵانیتر بوو.

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، ئەم هەموو رەوت و مەزهەب و

ڕێبازە، لەپێناو چیدا دروست بوون، ئایا بۆ پێشکەوتنی ئیسلام بووە، یان بۆ مەبەستی گرتنە دەستی دەسەڵات بە سیاسی کرابوون، بێگومان ئـەوەی دووەمیان زیاتر بڕواپێهێنەرە، چونکە ئەوەتا داعش موسوڵمانی بێ تاوان بۆچی سەردەبڕێ و دەیکوژێ، لە کام دەقی قورئانیدا هاتووە کە موسڵمان موسوڵمان بکوژێ؟ بۆیە ئەم ڕەوتە توندڕەوانە تەنیا بۆ گەیشتنیانە بە دەسـەڵات دەیانەوێ بە رووپۆشێکی ئایینی خۆیان نیشان بدەن، کە لە بنەڕەتدا تەنیا هەڵخەڵەتاندن و کاری ساختەیە، ئەگینا چوار خەلیفەکەی موسوڵمانان، ئەگەر هەر گرفتێکیشیان لەگەڵ یەکدی هەبوایە، لە پێناوی گەشەی ئیسلامدا کردوویانەو هەر یەك لەو چوار خەلیفەیەش ئازارێکی زۆریان لەپێناو ئەو ئایینەدا چەشت.

# داعش و خەوارج

«ئايين سەرەتاکەی ئازادبوونە و
کۆتاييەکەی بەندبوونە»

ئازاد قەزاز
نوسەر و شارەزا لە ئیسلامی سیاسی

دەرخستنی داعــش و چواندنی بە خـــەوارج لە لایەن ئیسلامییەکانەوە، بیانوویەکە بۆ ئەوەی خۆیانی لێدوربخەنەوە و لەبەرانبەردا بەرپرسیارێتی خۆیان دوربخەنەوە. هەرچەندە پەیوەندییەکی مێژوویی و عەقیدی لەنێوان خەوارج و داعشدا بەدیدەکرێت، بەڵام جیاوازییەکی تایبەتیش لە نێوانیاندا دبینرێت. ئایا خەوارج لە ئایینی ئیسلام دەرچوون یان لە پێناوی ئیسلامدا بە پەڕگیریدا چوون؟! ئەمە پرسیارێکە و لەم بابەتەدا وەڵامی دەدەینەوە.

**خەوارج**

ساڵی ٦٥٦ی زایینی ئەو ساڵەیە، پاش کوژرانی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بە خەلیفەی چوارەم دادەنرێت. موعاوییەی کوڕی ئەبو سوفیان بە بیانوی ئەوەی کە عەلی بکوژەکانی عوسمان بەدەستەوە نادات، لە عەلی یاخی دەبێت. لێرەدا بۆ ئێمە  گرینگ نییە بۆ عەلی بکوژەکان رادەستی دادگا ناکات و بۆ موعاوییەش داوای دەکـات، چونکە لە دەرەنجامی مشتومڕی عەلی و موعاوییە و ئەو ململانێ و تەنگژەیەی ئـەوان هێنایانە ئاراوە، زەمینەیەك ساز بوو تا خەوارج تیایدا دەربکەوێت. پاش ئەوەی عەلی و موعاوییە رێککەوتنێك ئەنجامدەدەن، گروپێك لەو رێکەوتنەی نێوان عەلی و موعاوییە رازی نابێ و بە لادەریـان دەزانـن. ئەو باوەڕەیان لەلا دروستدەبێت کە حوکمی خودا لەم رێککەوتنەدا جێبەجێنەکراوە و تەنها مرۆڤەکان بە راوبۆچوونی خۆیان رێککەوتنیان ئەنجامداوە. ئەوان دروشمی « لا حکم إلا لله-  حوکم تەنها بۆ خودایە» بەرزکردەوە و لە بەرەی عەلی دەردەچن، هەرچی لەگەڵ

خۆیان نەبوایە بە کافریان دەزانی. ئیدی ئەم گروپە ناوی خەوارج وەردەگرێت.

کەواتە خەوارج بەو کەسانە وتراوە کە لە سەرەتادا لە بەرەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبدا بوون، پاشان لەو بەرەیە هاتوونەتە دەرێ و دژی عەلی وەستاونەتەوە، کە بە عەرەبی پێیان وتراوە (خرجو علی عەلی) و بوونەتە رکابەری سەرسەختی ئەو. دەرچوونی ئەوان لە نێوەندی کافرەکان و کۆچکردنیان بەرەو خودا و پەیامبەرەکەی، نازناوی خەوارجیان پێدەبەخشێت. واتە هەرچی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ بێباوەڕەکان -لە دیدی ئەوانەوە- هەیانبووبێت، پچڕاندوویانە و لەو کۆمەڵگەیە دەرچوون. هەندێجار ئەو ناوەیان لەوەشەوە وەگرتووە کە بۆ جیهاد دەرچوون. واتە خەوارج (مجاهد) بوون و لەبەرامبەر ئەوانەدا بەکارهێنراوە کە بە دانیشتوو(قاعد) بـوون. واتە (مجاهدون و قاعدون) بە هۆی سەرهەڵدانی خەوارجەوە، جیابوونەتەوە. ئەوان سێ بنەمایان بۆ خۆیان دامەزراندووە و پەیڕەویان کردووە، ئەوانیش: یەکەمیان تەکفیرکردنە، دووەمیان کۆچکردنە و سێیەمیان حاکمییەتە. هـەروەك لە پێشەوە رەفتاری ئەوانمان سەبارەت بە عەلی و موعاوییە، خستەڕوو ئەوەبوو کە ئەوانیان کافر کرد، لای ئەوان کۆچیان کرد و بەرەو جێبەجێکردنی حوکمی خودا هەنگاویان نا.

کەواتە ئەوانەی دەیانەوێ داعش بە خەوارج بچوێنن، بۆ ئەوەی لە ئیسلام بیانکەنەدەرەوە، بەهەڵەدا چوون، چونکی دینداریی خەوارجەکان و پابەندبوونیان بە ئیسلامەوە، هەرگیز چاوپۆشی لێناکرێت. خارجێتی ئەوان بۆ جیهادکردن بووە و پەرۆشی ئەوان بۆ فەرمانی خودا بووە، واتە دەرچوون لە ئیسلام نەبووە، بەڵکو دەرچوون لە پێناوی ئیسلام بووە. لەم رووەوە

داعش و خـەوارج زۆر لەیەکدی دەچن کە کۆمەڵگە کافر دەکەن، ئەوجا لەو کۆمەڵگەیە دێنەدەرێ و کۆچ دەکەن، تا حوکمی خودا بە هەر نرخێك بووە بچەسپێنن. ئەوەی کە داعش لێرەدا لە خەوارج جیادەکاتەوە ئەوەیە کە عەلی و موعاوییە و لایەنگرانیان لای دعش کافر نین، هەروەك چۆن لای خەوارج کافر کرابوون.

زۆربـــەی گـروپـە جـیـاوازەکـانـی خـــەوارج لـەسـەر ئـەوە یەکدەنگبوون، کە بوونی ئیمامێك بۆ موسڵمانان واجیبە و گرینگە. گوێڕایەڵی بۆ ئیمامێك لای خەوارج بایەخی زۆری بووە، لەهەمان کاتدا جیا لە گروپە موسڵمانەکانی تر، بوونی ئیمام لە رەچەڵەکی قورەیش بە زەروری نەزانیوە، چونکی بە گوێرەی باوەڕی ئەوان، لە قورئاندا ئەوە نەهاتووە کە چ نەوە و رەچەڵەکێك دەبێت فەرمارەوایی بکات، بەڵکو تەنها ئەوە هاتووە کە دەبێت دادپەروەر بێت، وەك ئەم ئایەتە دەڵێت:» إڎا حکمتم بین الناس أن تحکموا بالعدل». لەوە دەچێت ئەم خاڵەش داعش و خەوارج لە یەکتری جیابکاتەوە، وەك بیستومە کە ئەبوبەکری بەغدادی بۆ شەرعیەتدان بە خۆی، تا ببێتە خەلیفە، رەچەڵەکی خۆی بۆ سەر پەیامبەر بردۆتەوە.

لای هەندێکیان ئیمام هێندە گرینگ بووە، کە چاکیی ئەو چاکی ئوممەت بێت و خراپی ئەویش هەر خراپی ئوممەتێك بێت، لای هەندێکیان گەشتۆتە ئەو رادەیەی کە ئەگەر ئیمام کوفر بکات؛ مانای وایە گەلەکەیشی کوفری کـردووە. واتە ئەم بۆچوونەیان وایلێکردوون، تا بڵێن؛ ئەرکی سەرشانی ئەو گەلەیە تا ئیمامەکەیان ئەگەر لایدابێت، راستبکەنەوە، چونکە چارەنووسی هەردوکیان پێکەوە بەستراوەتەوە. هەمووشیان لەسەر ئەوە کۆدەنگن کە دەبێت ئیمامی ستەمکار بە زەبری

شمشێر لاببرێت. واتە شۆڕشکردن بەسەر ئیمامی ستەمکاردا، بە واجیب دەزانن. هەر ئەوانیش بوون کە عوسمانی کوڕی عەففانیان کوشت و پاشانیش شانازییان بەو کارەیانەوە کردووە. تەنانەت هەڕەشەشیان لە (عەلی) کردووە کە ئەگەر حوکمی خوا نەچەسپێنێت، ئەوا چارەنووسی ئەویش وەك چارەنووسی عوسمان دەبێت. لەم خاڵەدا داعش لە خەوارج نزیکبۆتەوە، چونکی باوەڕی داعش وایە کە حاکمەکانی وڵاتانی ئیسلام بە گشتی لە بنەماکانی ئیسلام لایانداوە و دەبێت جەنگ دژیان هەڵبگیرسێنرێت. ئەمە جگە لەوەی لە دیدی ئەوانەوە حاکمانی وڵاتانی ئیسلام هەموو خۆیان خستۆتە باوەشی ئەمەریکا و رۆژئاواو زایۆنیزمی جیهانییەوە، کە لە چاوی ئەواندا بۆتە هۆی سوکوڕیسواکردنی موسڵمانان.

یەکێك لـەو گروپانەی خـەوارج کە بە ئەزرەقییەکان ناسراون، زۆر توندڕەو بوون. پێچەوانەی رای خۆیان هەرگیز پەسەندنەکردووە. کوشتنی ژن و منداڵی موخالیفی خۆیان بە حەڵاڵ زانیوە. تەنانەت لەگەڵ خۆشیاندا توندڕەوبوون و هەرگیز (توقیە)یان لە گوتارو گفتاریاندا پەسەند نەکردووە. دەبوایە ئەو کەسە باوەڕی بە چی بووبێت، ئەگەر رووبەرووی مەرگیش بوایەتەوە، هەر ئـەوەی ئاشکرا کردبێت. کەواتە داعشی ئیمڕۆکە لەگەڵ گروپی توندڕەوی ئەزرەقی سەبارەت بە کوشتنی نەیارەکانی خۆیان، لە یەکتردەچن.

**زەمینەی پێشینەی دەرکەوتنی داعش**

چەند بزاڤێکی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامدا لە بەرامبەر کاردانەوەی شکستی خەلافەت و هەرەسی ژیاری ئیسلامی لە بەرامبەر ژیاری رۆژئاوادا، لە سەرەتاکانی سەدەی پێشوو

هاتنەئاراوە. ڕێبازی جیهادی و سەلەفی، کە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو سەریان دەردەهێنا، پەیوەستە بەو ڕێبازانەی کە سەرەتا لە کاردانەوەی شکستی ژیاری ئیسلام و کەوتنی خەلافەتەوە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا روویاندا. ئەوە ئاشکرایە کە بزاڤی ئیخوانولموسلمین لە جیهانی عەرەب، بزاڤی ئەبوئەعلای مـەودودی لە پاکستان و کۆمەڵەی نوور لە تورکیا، وەك کاردانەوەیەك سەریان دەرهێنا و هەر یەکە و لە ناوچەکەی خۆی سەربەخۆ گەشەیان دەکـرد. ئەمانە ئەو بزاڤ و ڕێبازانە بوون کە دەیانەویست جارێکی تر بۆ سەرچاوەی یەکەمی ئیسلام بگەڕێنەوە، چونکە بە بۆچوونی ئەوان، رووخانی ژیاری ئیسلام، دەرئەنجامی دوورکەوتنەوەی موسڵمان بووە لە ئیمان و لە ئیسلام و وازهێنان بووە لە ئاکاری ئیسلامی، کزیی ئیمانی موسڵمانەکان بووە کە بوونەتە هۆکاری ئەم شکستپێهێنانە. بۆیە چارەسەریش بە بڕوای ئەوان، هەر گەڕانەوە بووە بۆ ئەو سەرچاوەیەی کە ئوممەتی موسڵمان لێی دوور کەوتۆتەوە. ئەگەر چی سەرکردە و رابەرانی ئەم بزاڤانە، سیاسەتێکی نەرمیان پیادەدەکرد و ڕێبازی خۆیان لەسەر پەروەردەی تاك و خێزان و کۆمەڵ بەڕێدەکرد، بەڵام لە هەناویاندا سیاسەتێکی رەقیشیان هەڵگرتبوو. دەرەنجامی چەوساندنەوەی ئەم بزاڤانە لە لایەن حکومەتی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانەی تیا دەرکەوتبوون، گەڵاڵەبوونی فکری گەڕانەوە بۆ دامەزراندنی خەلافەت وەك سەرچاوەی بووژانەوەی ژیاری ئیسلامی، دواجار بزاڤی سەلەفی جیهادیشی لێکەوتەوە.

ئەگەر فکری سەید قوتب بخوێنینەوە، دەبینین وەك سیاسەتێکی رەق لە هەناوی ئیخوانێکی نەرمدا دێتەدەرەوە. قوتب لە ژێر کاریگەری ئەبوئەعلای مـەودودی کە باس لە

حاکمییەت دەکات، باوەڕی وایە هەرچی حوکم هەیە ئینسانییە و حوکمی خودا کە لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە، بە تەنها حوکمێکی خودایانەیە. بەمانایەکیتر حوکمی ئینسانی حوکمێکی جاهیلییە لەبەرامبەر حوکمی خودا کە خەلافەت و پیادەکردنی حوکمی قورئانە، دەڵێت:

ئەم عالەمەی ئیمڕۆ یەکپارچە لە جاهیلییەتدا دەژی؛ ئەم جاهیلییەتە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە دەستدرێژیی کردۆتە سەر گرینگترین خاسییەتی ئولوهییەت (خوداداری) لە سەر زەوی، کە ئەویش خاسییەتی حاکمییەتە (فەرمانداری)

ئیدی لێرەوە ئیخوان لە نێوەندی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو، باڵێکی فراوانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری فکری (سەیید قوتب)ەوە و بە رەو توندڕەوی سەر دەکێشێت. هەرچەند قوتب خۆی هیچ هەوڵێکی توندڕەوی پێوە دیار نەبووە، چونکە ئەویش هێشتا باوەڕی بە گۆڕانکاری لە دەروونی تاکەکانەوە بووە، بەڵام ئەو باڵە توندڕەوانەی کە سەرهەڵدەدەن، لە کاری پەروەردەیی بۆ گۆڕانکاری دەروونیی تاك و کۆمەڵەوە کە ئیخوان و سەید قوتب خۆیان باوەڕیان پێبووە، بۆ گۆڕانکاری جەستەیی و بەکارهێنانی هێزی بازوو چەك و تەقەمەنی، خۆیان دەگوێزنەوە، بەڵام هێشتا قوتب خۆی باوەڕی بەوە بووە کە موسڵمان دەبێت لە ناخەوە خۆی بگۆڕێت، بۆ ئەوەی بەرەو حوکمی خودا بگەڕێنەوە. وەك خۆی دەڵێت:( کاری ئێمە ئەوە نییە لەگەڵ ئەم واقعەی کە کۆمەڵگەیەکی جاهلییە، رێکبکەوین، ناشبێ هیچ جۆرە هاوسۆزییەکمان (ولاو) بۆی هەبێت، چونکە ئەم واقعە بەو سیفەتە جاهیلییەتەی کە هەیەتی، شیاوی ئەوە نییە کە رێککەوتنی لەگەڵدا ئەنجامبدەین. کاری ئێمە ئەوەیە لەسەرەتادا خۆمان بگۆڕین تا ئەم کۆمەڵگەیە دواجار

بگۆڕین... یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە خۆمان لە ئاست بەها و بۆچوونەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا بەرز راگرین، لە پێناوی ئەوەی لە نیوەڕێگەیەکدا بەوان بگەینەوە، نابێ خۆمان لە هەندێ بەها و بیروباوەڕی خۆمان دووربکەینەوە، نەخێر؛ نابێت وا بکەین، چونکە ئێمە و ئەوان لەسەر دوو ڕێگەی جیاوازین، ئەگەر لەگەڵ ئەواندا یەك هەنگاو بە یەك ئاڕاستەدا بنێین، ئەوا کۆی بەرنامەکەی خودا وندەبێت و لە کۆتاییشدا ڕێگاکەمان وندەکەین.

ئەم بۆچوونەی سـەرەوەی قوتب ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە ئیسلامی سیاسی ئیمڕۆکە لەو ڕێبازە لایانداوە بەوەی کە بەشداریی دەسەڵاتێك دەکـەن، لەچاوی ئەودا (قوتب) دەسەڵاتێکی جاهلییە. واتە خەسڵەتێکی خوداییان بۆ خۆیان بردووە، لەگەڵ دەسەڵاتی جاهلی سەردەمدا دانوستان دەکەن و لەبری حوکمی خودا لەگەڵ حوکمی مرۆڤاندا خۆیان تێکەڵ دەکـەن. ئەم بۆچوونەی قوتب، لە بۆچوونی ئەو کاتەی خەوارجەکان دەچێت کە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و موعاوییە و تەواوی ئەو موسڵمانانەی لەگەڵیاندا بوون، پێدەبینی. ئەم جیهانبینییەی سەید قوتب و زۆریك لە بیرمەند و بانگخوازانی ئیسلامی، بە ناو گشت موسوڵماندا تەنەشە دەکات و گەشە دەکات، تا دەگاتە دەرکەوتنی ڕێکخراوێکی وەك داعش.

**داعش لە مێژووی خۆیدا**

داعش (دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام) لە مانگی چواری ساڵی ٢٠١٣ دامەزرا. پێشتر ئەم ڕێکخراوە لە ڕێکخراوێکی ترەوە بەناوی (دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق) سەری دەرهێناوە. مۆرکی ڕاستەقینەی ئەم ڕێکخراوە، مۆرکێکی سەلەفی جیهادییە، کە

داوای گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و لەناوبردنی گشت دیاردە و ڕەفتارێکی نائیسلامی دەکات، گۆڕەپانی کارەکانی لە سنوری عێراق و سوریادا دیاریکردووە. واتە ریشەی ئەم رێکخراوە لە ساڵی (٢٠١٣) کە خۆی تیادا ئاشکرا دەکات کۆنترە، ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤، ئەو ساڵەی کە ئەبو موسعەبی زەرقـاوی رێکخروای (کۆمەڵەی جیهاد و تەوحید)ی تێدا دامـەزرانـد. ئەم رێکخراوەی زەرقـاوی موبایەعەی ئوسامە بن لادنی رابەری رێکخراوی ئەلقاعیدەشی کردووە، هەر لەبەرئەوەشە کە ناوەکەی لە کۆمەڵەی جیهاد و تەوحیدەوە بۆ رێکخراوی (القاعدة في بلاد الرافدين) دەگۆڕێت. ئەم رێکخراوە لە کاتی خۆیدا بەتایبەتی هەر بۆ بە گژداچوونەوەی ئەمەریکییەکان لە عێراقدا دامەزرابوو. ئەم ناونانە و ئەم بەرەنگاربوونەوەیەی ئەم رێکخراوە، بە گشتی هەم لە جیهانی ئیسلامی و هەمیش لە جیهانی ئەوروپیدا، بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی لاوانی موسڵمان. پاش لە ناوچوونی زەرقاوی ساڵی ٢٠٠٦، ئەم رێکخراوە ناوی گۆڕا بۆ دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق، بە رابەرایەتی ئەبو عومەری بەغدادی. ساڵی ٢٠١٠ ئەبو عومەر دەکوژرێت، ئەبو بەکری بەغدادی دەبێتە رابەری رێکخراوەکە و هەر بە رابەری دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی خەلافەتیش رادەگەیەنێت. واتە لە ئەمیری کۆمەڵێکەوە خۆی دەکـات بە خەلیفەی هەموو موسڵمانان. بەم هەنگاوەی سەرنجی گشت جیهانی ئیسلامی بۆ لای خۆی رادەکێشێت و زۆرێك لە گروپە سەلەفی و جیهادییەکانی دنیا بەیعەتی پێدەدەن.

بەغدادی ساڵێ ١٩٧١ لە سامەڕا هاتۆتە دنیاوە، دەرچووی زانکۆی ئیسلامیی بەغدایە و بەکالیۆریۆس، ماستەر و دکتۆرای

هەر لەو زانکۆیەدا بەدەستهێناوە. ماوەیەکی باش وەك مامۆستا و بانگخواز لەو دەڤەرەدا کاری کردووە. لە خێزانێکەوە هاتووە کە هەڵگری عەقیدەی سەلەفی تەکفیری بووە و باوکی و مامەکانیشی هەر لەسەر ئەو عەقیدەیە کاریان کـردووە. بەغدادی لە هەردوو پارێزگای دیالە و سامەڕا، کەسێکی سەلەفیی جیهادی دیار و کاریگەر بووە. پێش ئەوەی ببێتە رابەی داعش، ئەو لەو ناوچەیەی خۆیدا چەند شانەیەکی جیهادی و قتالی دامەزراندووە، چەندین عەمەلیاتی عەسکەری ئەنجامداوە و دواهەمینیان دامەزراندنی رێکخراوێك بووە بەناوی (لەشکری ئەهلی سوننە و جەماعە). پاش ئەوەی بەغدادی دەبێتە رابەری داعش، ئەوە رادەگەیەنێت کە سنور لە نێوان سوریا و عێراق نەمێنێت و موسڵمانانی بۆ دەوڵەتی خەلافەت بانگهێشتکرد. بەغدادی دەبێتە هەڵگری ناخێك و گرتنی ئەزموونێك کە لە پێناو گێڕانەوەی خەلافەت و رازیکردنی خودا وەك خۆی باوەڕی پێیەتی، دەست لە هیچ شتێك نەپارێزێت. ئەم ئەزموون و پێکهاتە دەروونییە، بوو بە زەمینەیەك بە ئاسانی توندڕەوی و خوێنڕشتن و جیهادکردن تا ئەو پەڕی رەقی و پڕ لە رق تیایدا بڕوێت.

ئێمە وتمـان بەغدادی و زەرقـاوی پەیوەندییان پێکەوە هەبووە. زەرقاوی جگە لەوەی کە لە رووی جیهادییەوە خۆی بە شوێنکەوتوی بن لادن زانیوە، بەڵام کەوتۆتە ژێر کاریگەری شێخێکی ترەوە بەناوی ئەبی عەبدوڵڵای موهاجری میسرییەوە. ئەم شێخە فیقهێکی خوێناوی لە بەرامبەر نەیارەکانیدا هەڵبژاردووە. کتێبێکی بەناوی (مسائل في فقة الجهاد) کە بە فیقهی خوێن ناسراوە، نوسیوە. ئەم کەسایەتییە یەکێك بووە لە گرینگترین شێخەکانی زەرقاوی. زەرقاوی رێبازی جیهادی خۆی

لەسەر ئەو فیقهە خوێناوییە دامەزراندووە، پاشانیش داعش بەردەوامی بەو ڕێبازە داوە. ئەو کتێبەی کە بە فیقهی خوێناوی ناسراوە، فکری خۆی لەسەر ئەوە دامەزراندووە کە هەموو جیهان و لە پێش هەموویانەوە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان، بوونەتە خانەی جەنگ و هەڵگەڕاوە و کافرن و جیهادکردن دژیان واجیبە. هەر لەو کتێبەدا شەرعیەت بە سەربڕینی کافر دەدات، نەك هەر بە زیندوویی، بەڵکو بە مردوویش سەربڕینیان شەرعییەت پێدەدا و بۆ ترساندنی کافرەکان بە کارێکی واجبی دەزانێت. بە بۆچوونی ئەوان خودا هەر نەیوتووە کافر بکوژن، بەڵکو ئەمریشی کردووە کە ملیان بپەڕێندرێت. لەو فیقهەی ئەودا سەربڕین لای خودا زۆر پەسەندکراوە و زۆریشی پێخۆشە. بۆ گەشتن بەم ئامانجە بە پێویستی دەزانێت، کە کوشندەترین چەکی کۆمەڵکوژ و کیماوی و بایەلۆژی بە دەستبهێنن. بێگومان داعش بەشێوەیەکی کردەکی و زۆر بە جدی ئەوەی کردۆتە پرۆژەیەك و جێبەجێی دەکات.

ئەم پاشخانە فکری و پەروەردەیی و کەلتوورییەی بەغدادی، لەگەڵ مێژوویەکی نزیکی سـەدەی بیست و مێژوویەکی دووری ئیسلامیش، دەبنە خۆراکدەری ئەوجۆرە بیرکردنەوەیە. بۆیە بەغدادی هەر بەتەنها ئەو ستراتیژەی کە لەدەرەنجامی ئەزموونی ژیانی خۆی بۆی هاتووە، نەبۆتە پاڵنەر و پاڵپشت، بەڵکو سـوود لەو مێژووەش وەردەگـرێ تا بتوانێ هەموو جیهانی ئیسلامی بۆ خۆی کێش بکات. لەوە تێگەشتین، کە پاشخانی فکری و ئایدیۆلۆژی داعش، بە فکری ئەلقاعدەی جیهادی، فقهی سەلەفیی جیهادی، فقهی توندڕەوی زەواهری و شێخەکەی بەناوی ئەبو عەبدوڵڵای موهاجری شێلراوە. تەنانەت فکری جیهادی ئەلقاعیدەشی لە توندڕەویدا تێپەڕاندووە، تا ئەو

ئاستەی کە ئەبوبەکری بەغدادی لە فەرمانی ئەیمەن زەواهری کە جێگرەوەی بن لادنە، دەرچووە.

هەرچەندە داعش و خەوارج لە هێڵێکی گشتیدا کۆدەبنەوە کە لە تەکفیرکردن، هیجرەتکردن و حاکمییەتی هەر بۆ خودا، خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ناتوانین لەیەك جۆرە گروپدا کۆیان بکەینەوە. داعش رەنگێکی جیهانی وەرگرتووە لە لایەکەوە و فرە کارەکتەریشی لە خۆی گرتووە لە لایەکیترەوە. بەناوی ئیسلام و خەلافەت و سوننەوە بۆتە گڵۆباڵ و لەهەموو دنیاوە خەڵکی بۆخۆی کێش دەکات. خەوارج لە کاتی خۆیدا یەك پاشخانی کەلتوری کۆیکردبوونەوە، بەڵام داعش یەك پاشخانی کەلتوری کۆینەکردونەتەوە. بەڵام یەك پاشخانی ئایینییە کە هەم داعشیەکان و هەمیش خەواریجەکان کۆدەکاتەوە.

لە روویەکیترەوە لەم جیهانبینیەی ئەمانە بڕوانێت، هەست دەکەیت لەگەڵ باوەڕەکەیاندا راستگۆن. چونکە ئەگەر ئیسلام دینێك بێت کە خوا ناردبێتی، ئەگەر ئیسلام ئەو رێبازە کامڵە بێت وەك خۆیان دەڵێن، ئەگەر ئیسلام چارەسەری گشت کێشەکانی لا بێت، ئەگەر قورئان تاقە کەلامی خودا بێت لەم گەردوونەدا، ئەگەر پەیامبەر موحەمەد پەیامبەر گشت مرۆڤەکانی سەرزەوی بێت و دوا پەیامبەریش بێت، ئەگەر ئەمانە هەمووی وابێت، وەك داعش و گشت موسڵمانێك بە ئیسلامی سیاسیشەوە باوەڕیان پێیەتی، ئیتر بۆ پەنا بۆ رێباز و سیستەمێکی تر بەرین؟ ئەگەر ئیسلام هێندە جوان بێت وەك هەموو موسڵمانێك دەڵێت، چ پێویست دەکات باسی دیموکراسییەتێك کە داهێنەرەکەی مرۆڤە، بکرێت؟ بۆیە لای داعـش، گشت پارتە ئیسلامییەکان کە بەشداری سیاسەت دەکەن و باسی دیموکراسی دەکەن، کافر دەبن، چونکە لەو

ڕێبازە خودابیە لایانداوە. ئەگەر لە ناو مێژوویەکی سەدان ساڵ و بەتایبەتیش سەدەی ڕابووردوو، موسڵمان لەسەر ئەو ئایدیۆلۆژیایە گۆشکرابێت کە لەسەرەوە خستمانەڕوو، ئەوا سەرەتای دەرکەوتنی کاردانەوەی جیهانی ئیسلامی کە نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر ڕوویــدا، پەیوەندییەکی پتەوی بەو پەرەسەندنە لە هێمنییەوە بۆ توندڕەوی هەیە کە ئیمڕۆ بە بزاڤە ئیسلامییە توندڕەوو و میانەڕەوەکانەوە دەبینرێن.

ئـەم جـۆرە خوێندنەوەیە بۆ پرۆسەیەکی وەك مێژوو، بەتایبەتی مێژووی ئایینێك، مێژووی بزافێك یان ئایدیۆلۆژیایەك، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین ئایین یان هەر ئایدیایەك سەرەتا کە سەرهەڵدەدات جۆرێك هوشیاربوونەوەی لەگەڵدایە، چونکە مرۆڤ لە ژێرباری ئایدیای باو یان ئایینێکی باو دەهێنێتە دەرەوە، بەڵام پاش ئەوەی ئەویش دەبێتە باو و دەسەڵاتێك لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا رایدەگرێت، جارێکی تر مرۆڤ بەند دەکات و لە بیرکردنەوەدا گۆتی دەکات. ئیسلام لە پێش سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئیدی بە جۆرێك بووە ئاینێکی باو، بیرکردنەوە بە ئاڕاستەیەکی تردا لە گشت لاوە بەری پێدەگیرا. کاتێ لەسەردەمی مۆدێرنەدا کە جیهانی ئیسلامی زەبری کوشندەی بەردەکەوێ و لە خۆی هۆشیاردەبێتەوە کە چەندێك لەکاروانی پێشکەوتن و مرۆڤدۆستیدا دواکەوتووە، ڕاچەنینێك ڕووی تێدەکات کە کۆمەڵێك بزاڤی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، هەروەك لە پێشەوە تیشکمان خستنە سەر، کە ئیمڕۆکە داعش بەرهەمدەهێنێت.

لەسەرەتای ئەم بابەتەوە تا گەشتینە ئەم کۆتاییە، بە ئاڕاستەیەکدا ڕۆیشتین کە هەم لە ئیسلامییەك و هەمیش لە دژە ئیسلامییەك، جیامان دەکاتەوە. واتە وەك ئیسلامییەك

داعش ناکەینە دەرەوەی ئیسلام لە پێناوی جوانکردنی خۆمان و دزێو کردنی ئەوان، هەروەها وەك دژە ئیسلامییەکیش، نا کۆشین بۆ ناشیرینکردنی هەرچی موسڵمان و مێژووی ئیسلامە لە پێناوی تێرکردنی حەزو خۆزگەکانی خۆمان. گەشتی ئەم بابەتە چاو پێداخشاندنەوەیەك بوو کە لە سەردەمی ململانێی عەلی و موعاوییەوە دەستیپێکرد و لەگەڵ دەرکەوتنی داعش کۆتایی هات. لەوە تێگەشتین کە داعش هەر ئەوە نییە دژی هەموو جیهان وەستابێتەوە، بەڵکو شەرمەزارییەکی زۆریشی بۆ موسڵمانان لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە. بۆیە چاودێرە موسڵمانەکان بە ئیسلامی سەلەفی و ئیسلامی سیاسییەوە، هەندێك لەوانەی کە دیـاردەی داعـش دەخوێننەوە، بـەردەوام ئیسلام وەك سەرچاوەیەکی ئیلاهییانە لە ئیسلامێکی دەستکردی موسڵمانانە جیادەکەنەوە، بێئەوەی بە خۆیان بزانن، سەرچاوە رەسەنەکە لای خۆیان دادەنێن و نارەسەنەکەش بە داعش دەسپێرن، ئیدی دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکەن کە ئەوان ئیسلام لە دەستی جەردەکانی وەك داعش دەپارێزن. هەندێکی تریشیان ئەگەر چی لە بازنەی ئیسلام دەریان ناکەن، بەڵام وەك لادەر لە راستە رێگەی ئیسلام دەیانبینن. ئەم دوو خوێندنەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لە وتارەکانی ئیسلامییەکاندا دەبینرێنەوە. ئەوان لەوە سەرسامن چۆن دەبێت ئیسلامی رەحمەت بۆ مرۆڤایەتی لە کاتی جێبەجێکردنی ئایەت و حەدیسدا، بەم شێوە قێزەونە دەرکەوێت. ئەوان ناتوانن ئەو ماوەیە لە بیرکردنەوەیاندا ئەژمار بکەن کە دەکەوێتە نێوان سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام لەتەك پەیامبەرێکی وەك موحەمەددا، کۆتای دەرکەوتنی ئیسلام لە فۆرمی داعشدا لە تەك موجاهیدیکی وەك ئەبوبەکری بەغدادیدا. دژە ئیسلامییەکانیش بە پێچەوانەوە، راست و چەپ

بەسەر هەموو شتێکدا دەهێنن و ئەو هەلەیان بۆ هەڵکەوتووە کە بێژن بەڵێ ئەوەتا.. ئەوەیە ئیسلام، بێئەوەی مێژوو، مرۆڤ، دەق و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و گۆڕانکاری دید و بۆچوونی مرۆڤ بە هەند وەربگرن، چونکە هەم ئیسلامی و هەمیش دژەکانیان لە یەك ئاستدا بیردەکەنەوە و لە یەك گۆشەنیگاوە مێژوو و مرۆڤ دەناسنەوە، ئەوەیش ئەوەیە کە مرۆڤ کائینێکی وەستاوە، چوارچێوەیەکی داخراوە، یان رەشە یان سپی، نە خۆیان لە ئێستەدا دەناسنەوە و نە خۆشیان لە ناو مێژوودا دەدۆزنەوە.

رێبازی بیرکردنەوەی ئەم بابەتە ئەوەیە: ئایین سەرەتاکەی ئازادبوونە و کۆتاییەکەی بەندبوونە. ئەم وتەیە گوشراوەی پرۆسەیەکە کە لە مێژووی گشت ئایدیۆلۆژیایەکدا دووبارە دەبێتەوە، بە جۆرێکە کە ناتوانین کۆتاییەکەی بە سەرەتاکەی بەراورد بکەین و لە یەك قاڵب و ریزبەندیدا دایانبنێین. واتە داعشێکی ئیمرۆکە ناکرێ و ناشێ بە ئیسلامێکی سەرەتا بەراورد بکەین و بە یەك چاو تێیان بڕوانین، بەڵام ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە توندڕەوەکان لـەدەرەوەی ئیسلام بن و میانڕەوەکانیش لە ناو ئیسلامدا مابێتنەوە، نەخێر؛ هەردوولا لە ناو بازنەی ئیسلامدان و لە کانیاوی قورئان و حەدیس ئاو دەخۆنەوە، کەچی هەرلایەو ئەویتر بە ساختە دەزانێت. واتە ناشێ و ناگونجێ بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبێت، ئیسلام وەك مێژوو لە ئیسلامی خودا جیا بکەیتەوە بە بیانووی ئەوەی داعش دەرکەیتە دەرەوەی ئایینی خودا.

لە بری ئەوەی داعش وەك خـەوارج بناسێنین و ئیتر ئەم دیاردەیە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە، باشتر وایە لە هۆکار و فاکتەر و زەمینەسازییەکانیان بکۆڵینەوە. لە بری ئەوەی یەکتر

تاوانبار بکەین و ئەم بە داعش و ئەو بە ماعش بچوێنین، چاکترە بۆخۆمان لە خۆمان بپرسین: بۆ ڕۆژگاری ئیمڕۆکەی جیهانی ئیسلامی بەم ڕۆژە گەشتووە؟ بۆ کۆمەڵێك لە خاك و خۆڵ و زەمینەی خۆماندا، بەم چەشنە هەڵقوڵاوە؟ ئەمان لە هەمان سەرچاوەی ئیسلام خۆراکی خۆیان وەردەگرن، کەچی بۆ ئێمە بوونەتە شێرپەنجە و خۆمانی لێ کەنار دەگرین. بۆیە دەڵێم کێشەی جیهانی ئیسلامی هەر داعش نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی جیهانی ئیسلامییە بە گشتی، ئەو جیهانەی سەرباری ئەو هەموو گرفت و وێرانییە، هێشتا هەر خۆی بە خاوەنی هەقیقەتی ڕەها دەزانێ و لە خۆی ناکەوێتە گومانەوە. داعش تۆوێکە لەو زەمینەیەی جیهانی ئیسلامیدا چەکەرەی کردووە، ئەگەر تائێستە دەرنەکەوتووە ئەوە لەبەر ئەوە بووە کە پەرش و بڵاوبۆوە، بەڵام ئێستە کە لە شوێنێکدا کۆکراوەتەوە، بۆمان دەرکەوتووە و لەبەرچاومان ئەو دیاردەیە بەرجەستە بووە. مرۆڤ جاری وا هەیە خۆی بە خۆی نازانێ کە شتێکی کوشندەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، چاوەڕێی دەرفەتێکە تا دەرکەوێت، کە جوڵا ئەوجا هەستی پێدەکات.

# مەترسییەکانی هزری ئیسلامگەرایی لە وەك یەکیی داعش‌و ئیسلامییە سیاسییەکاندا

ماجید خەلیل
مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە ئیسلامی سیاسی

هزری هەموو تەڤگەرێکی ئسیلامگەرایی لە داعشەوە بۆ ئیخوان، تێکڕای پێڕەوو پێناوە ئیسلامییەکان، ریفۆرمخوازو چەکدارەکان، کار لەسەر تەنها ئەجێندایەك دەکەن، کە ئەویش خۆی لە تەتبیقی شەریعەتدا دەبینێتەوە. تەتبیقی شەریعەت بریتی نییە لە تەتبیقی لایەنی رۆحی کۆمەڵگەو ریشە ئاینییەکە، کە خۆی لەبەها ئەخلاقییەکانی ئاینو پەیوەندی مرۆڤو خودا دەبینێتەوە. تەتبیق بەواتای فەرمانبەرداری، هەیمەنەی سیاسیو دەسـەڵات، بەمانای سەپاندنو خۆبەسەردار زانین. هـزری ئیسلامگەراکان کار لەسەر فەلسەفەی ئیسلامگەرا دەکات بۆ مێژوو، هەروەك چۆن فەلسەفەی سۆشیالیستو چەپەکان تێکڕا لە کۆمۆنیزمدایەو حەتمیەتی مێژوو لەوەدا دەبیننەوە، حەتمییەتیی ئیسلامیش لە فەلسەفەی مێژوودا، یاخود فەلسەفەی ئیسلام بۆ مێژوو حەتمییەتەکەی لە بەندایەتیدایە. لە ئیسلامدا بەندایەتی بەگوێرەی هەموو پرەنسیپەکانی شەرعی سوننەو شیعە، بەندایەتی مرۆڤە بۆ خوا، ئەوە تێکڕای ئاینەکان دەیخوازنو نەگۆڕێکی رۆحی مرۆڤەکانە. بەڵام لە ئیسلامگەرادا بەندایەتی دەوڵەتو سیستەمی خەلافەتە. کە وەك چۆن داعش زەمینەی بۆ رەخساوەو کردوویەتی، وەك چۆن لە نێجیریا بۆکۆحەرام دەیکات، لاوانـی موجاهیدی سۆماڵ دەیکەن، لەئەفغانو پاکستاندا تاڵیبان کـردیو لە ئێراندا هەیە، بەو جۆرەیش هەموو رەوتێکی ئیسلامی دەیەوێت ئەو بەندایەتییەی کۆمەڵگە بۆ ئەجێنداکانی پشتڕاست بکاتەوە. گرنگ لێرەدا زەمینە سیاسییەکەیە. درەنگو زووی ئەوگوتارەی داعش بۆ کۆمەڵگە پەیوەندی بە زەمینەی سیاسییەوە هەیەو بەس.

ئەگینا کەسێکی وەك کرێکار لە لاوێکی وەك بەغدادی لە شەرعدا رۆچووە، تامەزرۆتر لەوەی دەیەوێت لەجیاتی وەزارەت دیوان، لە جیاتی سەرۆك خەلیفەو ئەمیر بێت. لەوەش زیاتر

دەیەوێت زانكۆكان وشكبكەنەوە، جزیەو سەرانە بسەپێنێت، جیهادی نیكاح لەتەك ناسكترین كچانی خەلافەتەكەیاندا بكات، مەوالییەكان بكاتە نۆكەرو بەردەست. ئەوە ئەدەبیاتێكەو بەخوێندنەوەی كتێبەكانی پشت سەری بەشێك لە ئیسلامییەكان دەگەینە ئەو ئاكامە. راستە رێی ئەوان سەپاندنی شەریعەتە، كار لەسەر مۆڕاڵەكانی سیاسەتی ئایین دەكـەنو بەوشەو ئەدگارەكانیان سەرسامن. ئەوە هزری هەمان ئیسلامگەرایە كە پێش ئـەوەی نەفیری ئازادكردنی كەركوك لە راپەریندا بیانجوڵێنێت، نەفیری جیهادی سەدام تاوی دانو حاشای لێناكەن. ئەوان لەبری ئەوەی بێنە بەرەی كوردستانییەوە بۆ رزگاری كوردستان چوونە بەرەی جیهادی سەدامەوەو هەڵوێستیان دژی خۆرئاواو ئەمریكا راگەیاند.

هەروەك چۆن ئیخوانیش هەمان سەودای هەبوو. لەبەر ئەوە هزری ئیسلامیی سەرچاوەكەی یەكێكەو تەنها زەمینەو جوگرافیای جیاو هەلی زەمان كردوونی بە پێڕو رەوتی جیا جیا. خۆ لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا بوار بۆ فرە حزبی ئیسلامی نەهێڵراوەتەوە، تەنها هەموو ئەو بەڵگە شەرعیانەی كەهەنو رێیان بە فرەیی حزبی داوە، لەكاتێكدایە كە ئامانجیان یەكبێتو بۆ یەك شت كاربكەن. كاتێك دەرگا لەسەر فرەیی رەوایە كە خاڵی كۆتایی هەمان خاڵبێت كە هەموویان بۆی دەكۆشن، ئەو خاڵە كۆتایەش خۆی لە خەلافەتدا دەبینێتەوە. لەخەلافەتدا كە ئیسلامییەكان تێكڕای هەر پارتێكی سیاسی بۆی دەكۆشێت، یەك دیدگایان هەیە بۆ حوكمڕانی. ئایا هیچكام لەو هێزانە بەداعشیشەوە نكوڵی لەوە دەكەن، كە پێویستە ئیسلام سەرچاوەی یاساو حوكم حوكمی خوابێت؟ بێگومان نەخێر.

ئایا هیچكام لەو رەوتانە لەئەگەری حاڵەتی دامەزرانی خەلافەتدا كە ئامانجیانە، بـوار بۆ هیچ پارتێكی سیكۆلار

دەکەنەوە کە مومارەسەی ژیانی سیاسی خۆی بکات نەخێر. بۆ؟ چونکە بەڵگەیەکی شەرعییان بەدەستەوە نییە.

وایلفێرد مادرۆنگ لە کتێبی خەلافەتی موحەمەد دا بەم شێوەیە باس لە مەرجەکانی خەلیفە دەکات: تەنانەت لەسەرەتاکانی مێژووی ئیسلامیشدا تاسەردەمی باڵادەستبوونی ئەمەوییەکان لە 41 کۆچیدا، واتە بەسی ساڵێك پاش دامەزرانی دەوڵەتی یەکەمی مەدینە، بەگوێرەی بەڵگەکان فەرمانبەرداری بۆ نەوەی پێغەمبەر بوو، دوواتر زەمینەسازیی کراو فەرمانبەرداری بۆ قورەیش فەراهەمکرا، پاشتر خەواریجەکان فراوانتریان کرد، بەڵگەی فەرمانبەردارییان بۆ موسوڵمان قۆستەوە. تائەو رادەیەیش کە خەواریج هەر بەناوەکەیدا دیارە کە دژ بە دەسەڵاتی خەلیفەو دەرچوو لە فەرمانبەرداریی خەلافەتن. هێشتا هەر نوزەی دیموکراسی بەدیناکرێت. چونکە فەرمانڕەوایی کورتکراوەتەوە لە موسڵمانێك بەتایبەتمەندیی ئیسلامییەوە. کەواتە ئێستەیش کە خەلیفە خوازەکانی ئەمڕۆ کە هێزە ئیسلامییەکانن، وەك پڕۆژەی دەرچوو لەخەلافەتیش بیربکەنەوە کە خەواریجن، هێشتا بوار بۆ نائیسلامییەکان ناکەنەوە کە مومارەسەی ژیانی سیاسی خۆیان بکەن .

هەڵتۆقینی داعش وەك هێزێکی سەربازیو جیهادی لە نێو دیارترین ئەو وڵاتانەی کە ناسەرەوەی مێژووی ئیسلامگەرایان لەخۆدا جێکردووەتەوە، داماڵراو نییە لە هزرێکی دێرین، کە ئێستەکانێ لە گۆڕەپانی چەند وڵاتێکی ئیسلامی دا نومایانە. هزری داعشو ئیسلامگەرا جیهادی یەکێکە لەپڕەنسیپە هەرە سەرەکییەکانی دروستبوونی هزری ئیسلامگەرایی. جیهدو غەزووی چەکداریی لە پڕەنسیپی جیهادو جیهاددا کە شەریعەت بە بناغەی بوونی خۆی زانیوە بریتییە لە ئامانج، دەستبردن بۆ دەوڵەتداریو بەدەوڵەتبوون، کە بە خەلافەت ناسراوە، لە

ئیسلامدا ئامانجە. هەوێنی خەلافەتیش لە میتۆدی شەرعدا بریتییە لەجیهاد. بەپێچەوانەوە کارکردنی سیاسییانە، نەرمی نواندن، خۆگونجاندن، خوێندنەوەی ئەوانی دی لە ئیسلامدا بریتییە لە وەسیلە، ئامانج نییە. روونـتر بڵێین لە ئیسلامدا کارکردن لەنێو بازنەیەکی دیموکراسیدا وەسیلەیە. وە سیلەیەکی فرە بێویژدانو بێ مۆراڵ. بەجۆرێك هیچ ماناو مەفهومێکی میسداقییەتی تێدا نەبێت. لێکۆڵەرە زانستییەکان هەمیشە تەماشای میتۆدو پرەنسیپی ئایدیۆلۆژیاکان دەکەن.

لە هیچ رەوتێکی ئیسلامیدا نییە، کە چەسپاندنی شەریعەت وابەستە نەبێت بە ئەسڵەکانی کارکردنییەوە. نکوڵیکردن لەو بەهایانە بریتییە لە: گەوجاندنی بەرامبەر. ئەمگەوجاندنە شۆڕبووەتەوە بۆنێو هەموو رێکخستنەکانی ئیسلامییەکان، تاوەکو ئێرەیش کێشەکان فرەگەورە نین. گەورەبوونی کێشەکان لەوەدایە کە کاریگەریی رێکخستنە ئیسلامییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا تەنیا لەبازنەی حزبەکانی خۆیاندا نییە، بەڵکو شۆڕبووەتەوە بۆ نێو کۆمەڵگەکان. کاریگەرییەك فرە بەهێواشیو بەشاراوەیی رەگی خۆی لە نێو کۆمەڵگەکاندا گیرکردووە، کاریگەرییەکی سایکۆلۆجیشی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەجێهێشتووە. ئەگەر نموونەی تورکیا، ئێراق، ئێران وەرگرین وەك سێ نەتەوەی جیاوازی موسڵمان، کە ئیسلام بووەتە بەشێك لە فەرهەنگیان، وەك ئایین ئیسلامیان وەرگرتووە نە وەك سیاسەتو کارکردن بۆ ئامانجی خەلافەت.

دەبینین لەنێو بازنەی حزبە کۆمۆنیستو چەپەکانەوە تا راستڕەوترینیان کاریگەریی هـزری سیاسیی ئیسلامییان لەسەرە. ئەگەر نموونەی حزبی بەعسی عەرەبی وەربگرن کە بارگاویبوو بە قوتابخانەیەکی سەردەمخوازی سیکۆلار، کەچی کاریگەرییە ئیسلامییەکە دزێوترین وێنای فاشیزم، چەوسانەوەو

ڕەگەزپەرستی لەنێودا کردە ئەمری واقیع. با وانەزانرێ کە تیۆرەکانی ساتع حەسریو مشیل ئەفلەق لەهەناویاندا تەوژمی ئیسلامگەرا نییە. چونکە هەر ئەو کاریگەریە ئیسلامییە بوو، کە داپڵۆسینەکانی لە پێناو پەنای ئیسلامدا تۆخدەکردەوە. لە هەشتاکاندا جەنگەکانی قادسییەی وابەستە بەقادسییەی دێرینو پرۆسەی ئەنفالی سەرکوتی نەتەوەی کورد، دواتریش نەفیری جیهادی نەوەکانی سەدام کە لە ئیخوانی نەرمو نیانەوە تا جیهادییەکی وەك عەلی باپیری کەمەند کێش کرد، هەموو ئەوانە هەوێنە ئیسلامییەکەی نێو حزبی بەعس بوون. لێرەوە تێدەگەین کە ئیسلامگەرا ئەگەر بیەوێت مەیخانە، یانەی شەوانە، مۆسیقا، مەشروبو میدیای تەرفیهیت لێزەوت دەکات. ئەگەریش بیەوێت بەو دیاردانە کەمەند کێشت دەکات. ناکرێت بڵێین بەغدادی سەردەمی مالکی یانەکانی شەوانی زۆرتر بووە لەبەغدادی سەردەمی جەعفەری مەنسوور، هەر وەك چۆن ناکرێت بڵێین مالکی ئیسلامیترە تا خەلافەتی عەباسییەکان. کەواتە ئەو دیاردانەی کە لیبراڵ، کۆمۆنیستو مۆدێرنەکان پێوەی سەرقاڵن، وەك ناسەرەوەی ئیسلامگەرا باسیدەکەن، تەنیا گەوجاندنە. ناسەرەوەی ئیسلامگەرا بریتی نییە لەوەی بڵێین: دەوڵەتێکە مەشروبو مەی، یاخۆ یانەی شەوانەو مۆسیقا تێیدا حەرامەو تێکەڵی کورو کچ زەوت دەکات.

نەخێر هەموو ئەوانە وەسیلەن. هزری ئیسلامگەرا وەك وەسیلە کار لەسەر ئەو پرسانە دەکات. ئامانجەکە شتێکی ترە. ئەوان هێند مرۆڤ دۆست نیین زیانە کۆمەڵایەتیو تەندروستییەکانی ئەو دیاردەیان ڕەچاو کردبێت. خۆ بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەو قەدەغەکارییە لە خۆرئاواشدا هەیە. قەدەغەکاریی ئەو دیاردانە لە ئیسرائیلدا زیاترە وەك لەوەی کە لە سعودییەدا هەیە. مەترسی ئیسلامی سیاسی لەو دیاردانەدا نییە. هزری

ئیسلامگەرا کار لەسەر یەك خاڵی جەوهەری دەکات، ئەویش بریتییە لەنەخوێندنەوەی ئەوانی تر. ناکرێت وا راڤەی پرسەکان بکەین کە ئیسلامگەرا پێداگری لەسەر کۆمەڵگەیەکی بە ئەخلاق دەکات. نەخێر لە بەرامەی دەوڵەتداریی داعشدا تێگەیشتین، کە ئەوەی بەهادانانە بۆ ئەخلاق لەو دەوڵەتەدا نییە.

خودی جیهادی نیکاح، کڕینو فرۆشتنی کچ، چ مانایەکی ئەخلاقی تێدایە. لەزەمەنی تاڵیباندا کڕینو فرۆشی تلیاك، مادەی هۆشبەر چ دەستەبەرێکی تەندروستی مرۆڤی تێدایە. سێکسی ئاژەڵ، ئیستغلالی ژیانی جەوانیی کیژان لە خۆتەقاندنەوەیان چ ئەرزشێکی بۆ کیژان داناوە. هەڵەیەکی گەورەیە وابزانین ئیسلامگەرا بەهای ئەخلاقی رەچاو دەکاتو لەخەمی بونیادی کۆمەڵگەدایە، چونکە لە مێژووی ئیسلامیدا بونیادێکی کۆمەڵایەتی پتەو لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا شك نابەین. تا ئێستەیش خودی شەریعەتی ئیسلامی وەڵامێکی بۆ پرسی کەنیزو کەنیزەك پێنییە. وەڵامێك نییە کە سارێژی ئەو قەباحەتە بکات، کە چۆن بەرپرسێکی ئیسلامیو خەلیفەیەك کە خەلیفەکانی راشیدینیشی تێدایە، زیاد لە چەند سەد کەنیزی هەبووەو سێکسیشی لەگەڵ کـردوون . تا سەردەمی حەسەنی بەسری کە دەستپێکی عەباسییەکانە کۆیلایەتیو سێکس لەگەڵ کەنیز هەرزۆر باو بوو. ئەو وەك زانایەکی لۆژیکی توانی لەخۆیەوە کۆتایی بەو دیاردەیە بهێنێ. دواتر موعتەزیلە کە لەوێوە دروست دەبێت، خوێندنەوەی ئەقڵی لە پرسەکانی ئەخلاقدا دەکات وەك لادەر لە لەرەوتی ئیسلامی ناسێنران. بەڵێ لادەر لە رەوتی ئیسلامیی.

لە بەر ئەوە بەئێستایشەوە هەموو بانگەشەی ئیسلامییەکان، بۆ پاراستنی ئەخلاقی کچان، کوڕان، باڵاپۆشی، دورکەوتنەوە لە زینا، هاوکات رێگریی لە خواردنەوەو مـەوادی هۆشبەر،

تێکڕا وەسیلەی گەوجاندنی کۆمەڵگەو سیاسەتی نامۆڕاڵی ئیسلامگەران، هەرگیز بەئامانج تەماشا نەکراون. چونکە لە رووی واقیعییەوە، لە جیهانبینییەکی زانستیانەوە بڕوانین، تێدەگەین کە هیچ مەشروعێکی ئیسلامگەرا ئەوە وەك ستراتیژو ئەجێندا تەماشا ناکات. لە دەستپێکی هەوەڵەوە ئاینداریی وەك رووپۆشی پرسە سیاسیو رەگەزییەکانی نەتەوەی عەرەب شۆڕبووەتەوە، چونکە کلتوری هەزار ساڵەی ئیسلام بەچ مەنتقێك نەیتوانیوە ئەو ئەخلاقانەی کە شەرع پێداگرییان لەسەر دەکات وشکیان بکات. هەر لە دیمەشقی حوکمی تەشەیوعی عەلەوی بەشارەوە، تا ئال سعود، ئال هاشمی زادەی شەریفەکانی مەککە. هەموو ئەوانە لە کۆمەڵگەکەیاندا ئەرزشی نائەخلاقییان داوەتە پرسی مافی ژن.

لەوێدا یانەکانی شەوانە وەك خۆرئاوا یانەی تەرفیهیاتو دۆستایەتی نییە. یانەی کڕینو فرۆشتنو سێکسی ئاژەڵییە. چ کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی هەیە رەچاوی خەونی رووکەشی شەریعەتی کردبێت. ئەو خەونەی پێڕێکی ئیسلامی لە ئیخوانەوە تا داعش بە کۆمەڵگەی دەفرۆشێت، خەونێکی رووکەشو مەکراوییە. هەر ئەمەیە کە وادەکات پیاوێکی عەقڵ شوناسی وەك عەلی شەریعەتی کە ئیسلامییەکان بەمەخسەرەوە باسی دەکەن، چونکە بە رووکەشی خەونەکانی ئەوانی زانیوە بڵێت: لە خۆرئاوادا موسڵمان هەیە بەس ئیسلام نییە، لە رۆژهەڵاتیشدا ئیسلام هەیە بەس موسڵمان نییە، چونکە خەونی ئیسلامگەرا، داعیشگەرا، ئیخوانگەراکانو وەهابیزم، خەونی سەلەفییەتو ئەفکارە جیهادیو مەدخەلییەکان، ئیسلامگەرا بەرهەم دەهێنێت، وەلێ قەد ناتوانێت موسڵمانێك بە واتا ئینسانییەکان بەرهەم بهێنێت. ئەوان مرۆیەکی بەرچاوتەنگ بەرهەم دەهێنن کە لە خەمی قیامەتیشدا دوونیا توند دەگرێت، دونیایەك بۆ بەرژەوەندییەکانی دەیکاتە مرۆیەکی زەنگین بە تموحی

رابواردن‌و ئاژەڵ سیفەت، نەك تموحی پێشكەوتن‌و ئارامی. ئەوان لەهەر زەمینەیەكدا بوونیان هەبێت لەو زەمینەیەدا چینایەتی تاسەر ئێسقان بوونی هەیە، جیاوازی ژیانی كوشتووە.

جیاوازی لـەوەدا كە زۆرینە بندەست‌و ئەوانەی سەرێیش كەیف‌و مەسروربن بەچەوسانەوی خەڵك. یەكێك لە هەرە دیارترین رەگەزەكانی سەرمایەداریی كە دزێوترینیانە بریتییە لە: زەنگینی بەرپرس‌و چینی سەرەوە. كە مەزهەب سیاسییەكان چاندوویانە. ئەم ئەتوارە چۆن لە ئەرسەدۆكسە سەردەستەكانی روسیای كۆندا هەبوو، چۆن لە كاسۆلیكەكانی سەدەی ناوەڕاستدا هەبوو، بەو جۆرەیش لەتاڵیبان‌و خەلافەتی شام‌و تاك بەتاكی بەرپرسە ئیسلامییەكانی ئەمڕۆدا هەیە .

ئـەوەی ئەمڕۆ كە بەرپرسێكی بانگخوازی ئیسلامگەرا بە كۆمەڵگەی دەگەیەنێت، كەخەلیفەكان حەسیرێكیان نەبووە لەژێریاندا رایبخەن، گوتارێكە بۆ بندەستكردنی خەڵك، چونكە لە ئەزەلەوە تا ئەمڕۆ، رۆحانییەكی سیاسی نەبووە لەوپەڕی باوەشكردن بەژیاندا نەژیابێت. ئەگەر تەماشای دەورو بەری خۆمان بكەین، ئیسلامییەكانی كوردستان لە یەكگرتووەوە تا كۆمەڵ‌و هەموو رەوتەكانیان، تا پۆستەكانیان باڵاتر بێت ئاستی ژیان‌و كەیفخۆشیان بە ژیان باڵاترە. كام بەرپرسی ئیسلامی هەیە ماشێنەكەی ئاخر مۆدێل نەبێت؟ كوڕی كام بەرپرسی ئیسلامی هەیە وەك خەڵكی ئاسایی بێت. بێگومان نییە. ئەدی كێ رێگریی كردووە لە كەسێكی وەك ئەمیر، كە باڵەخانەكەی بەرز نەبێت‌و ماشێنەكانی ئاخر مۆدێل نەبن، دوور بێت لە تەمەتوعكردن بە ژنانەوە. كوا ئەو زوهدو ژیانەی كە لە كتێبەكانی زانایانی ئیسلامدا باسی كـردوون، گوایا زانایانی ئیسلام كێن‌و چۆنن. باوردبینەوە بزانین ئەو لەكامیانە.

ئەو نەزمی گێڕانەوەیە بریتییە لەخەونە روكەش‌و مەكراوییەكە

کەباسمان کرد. ئەگینا خۆبەسەردار زانین‌و نێزیککردنەوە چینێك لە خۆشی ژیان، بندەستکردنی هەموو ئەوانی دی بریتییە لە: ئەجێندای کاری ئیسلامییەکان، بریتییە لەو چەکە ستراتیژییەی ئایین کە تەنیا بۆ بەرژەوەندییە دزێوەکانی سەرمایەداریی خۆیان دەیانەوێت. چونکە ئەزموون ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە هیچ تەڤگەرێکی ئیسلامی نەیتوانیوە پارێزەری بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە بێت. هیچ ئەزموونێکی دەوڵەتداریی ئیسلامی نەیتوانیوە رێ لە چینایەتی، بندەستکردنی زۆرینەی خەڵك بگرێت، بەڵکو بۆخۆی دروستکەری ئەو فەوزایە بووە .

بەدرێژایی پێنج سەدە خەلافەتی عەباسییەکان، کە وەکو بەغدادی مەشروعییەتیان لە قورەیشی بوون‌و بن عەباسبوونەوە وەرگرتبوو. مامەڵە لەگەڵ مەوالیدا مامەڵەی مرۆڤی پلە یەك بووە لەگەڵ مرۆڤی پلە دوودا. مەوالی کە تێکڕای ناعەرەبەکان دەگرێتەوە بە کورد، فارس، ئازەر، ئەغان‌و ئەمازیغەوە هەموو ئەوانە، وەك نۆکەرو خزمەتکاریی گڵاو تەماشاکراون. ئەستەمە لەمێژوودا سەرچاوەیەکمان هەبێت کە عەجەمێك وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت. بەڵام نکوڵی ئەوە ناکرێت لە دیوی داماڵراو لەسیاسەتدا ناعەرەبەکان توانیویانە کلتورو زیرەکی‌و وەفاداریی خۆیان بدۆزنەوە، ئاینیش خزمەتی کردوون. هەربۆیە لەئێستەدا کەبوونی گروپی ئیسلامی لە تێکڕای جیهانی ئیسلامیداو لەنێو موسڵمانانی خۆرئاوادا بووەتە دیاردە، ئەمگروپانە لەرووی هزری‌و سایکۆلۆژییەوە هێنەری گەلی پێناوی سامناك‌و سیحری چاوبەستی سیاسیین بۆ کۆمەڵگەکان.

بەدەر لەوەی هەریەك لەوانە پەیامێکیان پێیە بۆ نائارامی کۆمەڵایەتی، ئەوان زادەی شێواندنی بازنەو کلتورو پێڕە سیاسییەکانی تریشن. ئەگەر نموونەیەکی زیندوتر لەسەر ئەم نەزمی شێواندنە کۆمەڵایەتییە بهێنینەوە کە کاریگەریی راستەوخۆی ئیسلامییەکانی

پێوە دیارە دووقۆناغی کۆمەڵایەتی جیاوازی ناوچەی هەڵەبجە دەهێنینەوە. لە حەفتاکانداو لەپەنای خانەقاکانی شێخدا، لەسایەی ئاویگەنجاندا، شوێنێکی بەرین بۆ مەیخواردنەوە، مۆسیقاو بەزمی شەوانە هەبوو. هیچکاتێکیش نوێژخوێنێك بە مۆڕەوە لە کابرایەکی مەستی ئەوبەر چۆمەکەی نەڕوانیوە. ئەم دیاردەیە ئێستە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتخوازی موسڵمانی دوور لە ئیسلامگەرا وەك مالیزیادا هەیە، لەوێدا هەمیشە مەلەوانگەکانی کوڕو کچان، کە مەلەوانی دەکەن حەوشەکانیان لەگەڵ مزگەوتی ئاپارتمانەکاندا تێکەڵە. دروست کۆمەڵگەی کوردیش وەهابوو، بەڵام لەپاش حەفتاکان کە ئیسلامگەرا دەخزێتە ناوچەکەوە، لە ئێستەدا کە فرەترینی خەڵکی هەڵەبجەو پارێزگای هەڵەبجە دەنگیان بە یەکیەتیو گۆڕانیش داوە، کەچی تەنها دوکانێکی مەیفرۆشتن نییە، نەك مەی خواردنەوە. پێداگریی لەسەر ئەم خاڵە بەمانای نومایانی جوانی مەیخواردنەوە نییە.

بەمانای ئەوەیە کە چۆن پارێزگایەك کە بەشێکی کاکەیین، بەشێکیشی هەڵگری ئەفکاریی دیکەیە رێی ئازادیی لەبەردەمدا کڵۆم دراوە. چۆن لەپارێزگایەکدا رێستۆرانتێك نییە بۆ شەوانەی گەنجان. ئەمگۆڕانە کۆمەڵایەتییە کێ دروستی کرد. ئەم تانەدانو بەکافر زانیینەی ئیسلامییەکان بەچ سحرێك ئەم کۆمەڵگەیەی واسڵەماندەوە لە مومارەسەی خۆی. لەچ شتێکدا دەتوانین جوانی پێکەوەژیانو یەکتر خوێندنەوە لەو پارێزگایەدا ببینین. ئیسلامگەرا بەهەموو دزێوییەکانەوە شۆڕبووەتەوە بۆ نێو کۆمەڵگە. لەبەر ئەوە رەنگە کەسێکمان لە هەڵەبجە دەستنەکەوێت کە راستەوخۆ گەنجێك بنێرێت بۆ نێو داعش، بەڵام ئەو لێشاوی گەنجەی لە هەڵەبجە، کەلار، شارەزوور، هەولێرو پشتدەردا کە دەچنە نێو داعش، تەنها کاریگەریی شۆڕبوونەوەی ئەفکاریی سیاسی هێزە ئیسلامگەراکانە

ئـەوان بۆ ئامانجێك تاویان دەدەن كەخەلافەتە، كەچی خەلافەت چەند هەنگاوێك لێیانەوە دووره. ئەم هزرەی كە ئیسلامییەكان كاریی لەسەردەكەن هزریی بەرگریی نییە لە مۆراڵ و ئەخلاق، چونكە ئەگەر مۆراڵو ئەخلاق بێت بەدڵنیاییەوە كۆمەڵگەی كوردەواری بە ئەخلاقترن لە كۆمەڵگەی رەقەو موسڵ. لە هەڵەبجەدا نەیانەیەكی شەوان هەیەو نە بارێك، نە دزیو فزیش بوونی هەیە، هەموو ئەو روكەشانەی ئیسلامییەكان دەیڵێن هەیە، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی نییە. كەواتە ئامانجی ئیسلامییەكان و ئەجێندای هزرییان دەوڵەتی ئیسلامییە، كاتێك ئەم دەوڵەتە نەبێت وڵاتیش بكەیتە مەدینەی پێغەمبەر ئەوان پێی ناڕازین. چونكە حەزە سیاسییەكانیان كاتێك دێتە دی كە دەوڵەتی ئیسلامی هەبێت. ئەوان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا دەتوانن چینایەتی دروست بكەن، دەتوان سەرانەو باج لە كاكەییەك وەربگرن، دەتوانن خەڵك بندەستكەنو خۆیان زەنگین بكەن.

دەتوانن ببنە سێبەری خواو مەشروعی جەهەنەمی خۆیان بەباسی بەهەشت دابكوتن. ئەو خاڵەی كە قورئانو سوونەت فرەترین پێداگریی لەسەر كردووە، لە ئەتواری ئیسلامییەكاندا پێچەوانەكەی زەقترین دیاردە بووەو نەك هەر ئەوەیش، بەڵكو بووەتە كلتورێكی چەسپاو لە رابـردووی تەڤگەری سیاسی، كۆمەڵایەتیو ئابووری ئیسلامگەرایدا. ئەدی بەرقەراربوونی ژیانێكی كە ریشەكانی قورئانو سوننەت تێیدا داكوتراوو دامــەزراون لەكوێدایە؟ رەنگدانەوەی قورئانو سوونەتو حاكمیەتی ئیسلامی هەر ئەوەیە كە لەمێژوودا گوزەراوە.

پاساو هێنانەوە بۆ جوداكردنەوەی كاریگەرییەكانی قورئانو سونەت لە گوزەری ژیانی سیاسی هەردەوڵەتێكی ئیسلامیدا، لەلایەكەوە ناڕاستە لەلایەكیتریشەوە جامدكردنی ئیسلامو قورئانو سونەتە .

ناکرێت ئاینێك بەو بەرینو بەرزییە، نەیتوانیبێت لە زەمەنێکی دیاریکراودا حوکمڕانی وەك ئەوەی کە هەیە بچەسپێنێت. هەموو ئەو دیدگاو دەروازانـــەی گفتوگۆ دەدرێنە دوواوە، کە پێیان وایە مێژووی موسڵمانان جیاوازە لە ڕەنگدانەوەو چەسپاندنی یاساکانی شەریعەت. لەئێستادا هەم مەرجەعە باڵاکانی شیعەو ئەوانەی لافی فیکریی سیاسی شیعە تاوی داون، هەمیش مەدرەسە سونیی چییەکانی هزری سەلەفیزم، پێداگریی لەسەر خاڵێك دەکـەن. ئەویش ئەوەیە کە گوایا شەریعەتی ئیسلامی تەنیا لە ماوەیەکی دیاریکراوو هەندێك لە خولەفاکانی راشدیندا جێبەجێکراوە. ئەمە بۆخۆی ئیشکالێکی گەورەیەو بگرە مەهزەلەیەکە کە پێش هەموو شت جامدبوونو مردنی پەیامەکەی تێدا دەخوێنرێتەوە.

ناکرێت زیاد لە هەزارو چەند سەد ساڵێك پەیامێکی جیهانی بانگەشەی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی قورئان بکات، کە چی جێبەجێکردنی ببەستیتەوە بە چەند ساڵێکی سەرەتای دەرکەوتنیەوە. ئەم پاساوە لەلایەکەوە راکردنە لەبەرگریکردن لە جوانییەکانی پەیامەکە، لەلایەکیتریشەوە رازینەبوونە بەو واقیعەی کە لە سەرچاوەکەوە هاتووە. لەئێستادا رۆژهەڵاتناسە لۆژیکییەکان، لەوانە هاملتۆن جب لە کتێبی ئیسلامو لێکۆڵینەوەی مێژوودا فرە بەجوانی ئەم پاساوانەی موسڵمانانی شەنو کەو کردووە. ئەو توانیویەتی بە خوێندنەوەیەکی واقیعیو سایکۆ سیسیۆلۆجی لەمێژووی نەفسییەتی تاکی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان بڕوانێت، لەو رووەوە خاڵی لاوازو بەهێزی پەیامەکەیشی دیاریکردووە.

بەکورتی ئەوەی خستووەتەروو کە بەهێزی پیشاندانی پەیامی ئیسلامی لەروانگەی موسڵمانانەوە نەتوانینی ئەدای کۆمەڵگەکانە بۆ بەواقیعیکردنی پەیامەکە، لەکاتێکدا بۆخۆی ئیسلام دینێکی

واقیعییەو هەر ئەوەیە کە جێبەجێکراوە. ئەو گوتارەی کە ئێستە ئیسلامییەکان پێیان وایە پەیامی ئیسلام جێبەجێنەکراوە گوتارێکی نالۆجیکییە، لەپێش هەموشییەوە نەخوێندنەوەی ریشەکانی ئیسلامە لە کۆمەڵگەکاندا. ئەو مەرجەعو زاناو پیاوە ئاینییانەی ئیسلام کە پێیان وایە لە مێژوودا ئیسلام جێبەجێنەکراوە، هەرگیز ناڵێن کە بۆخۆمان لە ئێستادا جێبەجێی ناکەین.

بۆ نموونە لە ئێستادا داعشێك کە لە پۆستێکی بەرپرسیاریەتی دەوڵەتی ئیسلامی شامو عێراقدایە پێی وایە پەیامی ئیسلام ئەو جێبەجێی دەکات، لەکاتێکدا هەر ئەو کەسە پێی وایە لەپاش پێغەمبەرو ئەبوبەکرو عەلییەوە ئیسلام جێبەجێنەکراوە، هێڵی سور بەسەر زیاد لەسەدەیەك حوکمی ئومەوی، پێنج سەدە لە حوکمی عەباسیو چەندین سەدە لە حوکمی عوسمانیدا دەهێنێت. نەك هەر ئەوە بەڵکو داعشێك پێی وانییە قاعیدە حوکمی ئیسلام پەیڕەو دەکات، هەروەك چۆن قاعیدەش فەرمانبەرداری دەوڵەتەکەی بەغدادی بەناڕەوا دەزانێت. هەروەها رەشپێستێکی بۆکۆحەرامیش نکوڵی لەدینداری داعشێك دەکاتو پێی وایە خەلافەتەکەی نەیجیر وەك دەوڵەتی مەدینەیە.

ئەم تەرزی بیرکردنەوە سایکۆلۆجییە بەشێکە لە واتەواتێك کە تەواوی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی تەنیوە. لە هەردوو مەرجەعی رۆشنبیری، سیاسی، سەربازی، شیعەو سونەشدا هەروایە. هەرگیز دەوڵەتێکی شیعە تەڵەب دەسەڵاتدارییەتێکی ئیسلامی سوننی بە پەیوەست بە مەرجەعی ئیسلامی رەسەن نەزانیوە. لە دروستبوونی یەکەم دەسەڵاتداریەتی شیعەوە لەباکوری ئەفریقاو لە هەرێمی دەیلەمی ئێران کە نەوەکانی حەسەنی کوڕی عەلی دایان مەزراندن، نەوەکانی حوسەینی کوڕی عەلی هێندەی ئومەویو عەباسییەکان پێی ناڕازی بوون. تەنانەت

لەنێو خودی نەوەکانی عەلیدا ئاماژەدان بە تەکفیری یەکتریی بووە. خۆ ئیمامی عەلی تەنیا حەسەن‌و حوسەین نەوەی نەبوون، بەڵکو لە کوڕانی عەلیدا زیاد لە چەندین کوڕ بوونە، بەڵام ئەوانە هەڵبژێراون کە نەوەی فاتیمەی خێزانی عەلین، ئەگینا عەلی جگە لەفاتیمە خێزانی تری هەبوو، بەڵام بەهیچ جۆرێك باس لەوان ناکرێت‌و زیاد لە سوننەکان، شیعەکان ناویان دەسڕنەوە. هەربۆیە کە ئەداریسە دامەزرا، ئیدی هیچ دەسەڵاتێکی تری شیعە بۆی نەبوو هەبێت. هـەروەك چۆن کە عەباسییەکان هەبوون، کەسی تر بۆی نەبوو هەبێت.

ئەم نەزمە لە ئێستادا تۆخترە. هەم لەنێو دەوڵەت ئیسلامییەکاندا، هەمیش لەنێو رەوت‌و مەزهەبە جیاجیاکاندا. وەختێك وەهابیزم لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا سەرهەڵدەدات، وەك رەوتێکی سیاسی ریفۆرمخواز، ریفۆرمەکەی ئاتاجبون نییە بە ریفۆرمێکی ریشەیی، لەبەر ئەوە ناتوانین هەنگاوەکانی موحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب، تەریب بکەین بەکەسێکی ریفۆرمخوازی وەك جۆنکاڵڤنی پرۆتستانت، یاخود مارتن لۆسەر، چونکە وەهابییەکان وەك لۆسەرییەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەقەکان نەبوو، وەهابییەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتە واقیعییەکانی ئەوێ دەم بوون کاریان کرد بۆ ئەوەی ئەوانی تر بسڕنەوە، بەڵام لەرووی هزرییەوە هیچی جیاوازیان پێنەبوو، هەر ئەوەیان وت کە لەسەردەمێکی پێووتردا ئیسماعیلی سەفەوی کردی. چوونکە لەئێستادا هەر شیعەگەرێك بدوێنی تەتبیقی شەریعەت لە فاتمییەکاندا دەبینێتەوە، یان لە ئیسماعیلییەکاندا، بەڵام ئەم تەتبیقە لە ئەبوبەکر، عومەرو عوسماندا نابینێت. هەروەك چۆن ئێستە ئێرانی ئیسلامی پێی وایە رێساکانی شەریعەت وەك خۆی جێبەجێدەکات. هەروەك چۆن سعودییەیش هەمان بڕوای هەیە بۆ خۆی. لەبەرئەو بەڕۆچوون بە مێژووی ئیسلامیدا،

تەواوی دەوڵەتە ئیسلامیەکان خۆیان بە دارای شەریعەت زانیوە، ئەوانیتریان بە ناشەرعی لەقەڵەم داوە، بە تێپەربوونی مێژوویش ئەوانەی پاش خۆیان کەسیان بە شەرعی نەزانیوە. ئەم گریمانەیە بۆ رەوتە ئیسلامییەکانیش وایە.

بۆ نموونە بزووتنەوەیەکی ئیسلامی کە لە شوێنێکی وەك کوردستان دروست دەبێت، خۆی بە دارای شەرع دەزانێت، ئەو ئیسلامەی کە سەدان ساڵە باپیرانی لەسەریەتی بەناڕەوا، عەیبەو تانەو تەشەر باسی دەکات. لەکاتێکدا ئەگەر بەدیدێکی واقیعی تەماشای بکەین ئەم هەموو بگرەو بەردەیە، کۆی هەموو ئەم دەسەڵاتە ئیسلامییانە لەمێژوودا بریتین لە رەنگدانەوەی ئیسلام. ئیسلام ئەوەی پێبووە کە هەیە، بە جوانیو ناشیرینییەکانییەوە.

بەدزێویو داستانەکانییەوە. ئیسلام وەختێك دەکرێتە پەیامێکی سیاسیو ئایدیۆلۆژیو لە گوتاریی ئایندا دەردەهێنرێت، ئیدی شوناسەکەی ئەمەیە کە دەیبینین، یان دەبێتە داعش، هەموو ئەوانی تر سەردەبڕێت، یاخود دەبێتە تەوژمێکی سیاسیو رامیاری بەدووی هەلی داعشبووندا دەگەڕێت. داعش هیچ نییە جگە لە تەوژمێکی ئیسلامگەرا کە تەواوی زەمینەکانی خۆهەڵقورتانی بۆ رەخساوە. ئەو رەخسانە لە ئیخوانێکیشدا بێتە پێشەوە هەمان دەرهاویشتەی دەبێت. ئەو زەمینەیەی بۆ داعش رەخساوە لەمێژووی ئیسلامیدا نموونەی فرەن ئەگینا خۆ سەرچاوەی هەموو رەوتە ئیسلامیەکان هەریەك شتە. ئەوە زەمینە کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییەکەیە، کە رەوتێك دەکات بە موعتەزیلەو رەوتێکی تر دەکات بە مورجیئە.

ئـەوە زەمینە سیاسییەکە بوو کە زیـاد لە بیست رەوتی خەواریجی بەرهەمهێنا، خەواریجەکان هیچ نەبوون جگە لە پێڕێك کە رازیبوون بە فەرمانبەرداری ئیسلامو ئـاوارەو دەربەدەرکران، تەنیا لەبەر ئەوەی کە تێوەگلابوون لە نەیارییەتی

سیاسەتەکانی خەلافەت، بەڵام وەختێك لە ژینگەی خۆیان دوورخرانەوە، بەگوێرەی ئەو زەمەنانەی لە جەزیرەی فوراتییە، شــارەزوور، هەرێمی چیا، یەمەن‌و دورگــەی عەرەبیدا بۆیان رەخسا، هەریەکێکیان بوویە داعشێکی سیاسی‌و بانگەشەی خەلافەتی کرد، ئیشکالییەت لەوەدا نییە کە پیڕێك داعشانە بیردەکەنەوە، ئێستە دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخساوە کە شمشێر بەدەست بن، پیڕێکیش وەك ئیخوانی میسر لە سوچێکی مزگەوتا کزیانکردووە، یان لەسەر لاپتۆپێکن‌و گوتاری نیان لە زاریانەوە دێتە دەرێ. ئەو زەمینەیەی کە وەختی خۆی جەمال ناسر، ئەنوەر ســادات، موبارەك‌و ئێستە سی سی بۆ ئەوانی رەخساندووە ئەو زەمینەیە نییە کە بەشار ئەسەدێکی زەبوون ئێستە بەوانی داوە. بەغدادی ئەگەر لە قاهیرە بووایە ئێستەکانێ لەگەڵ ئەمینداریێکی ئیخوان فەرقی نەبوو، تەنانەت ریشیشی قەڵەمی بوو. ئەمینداری ئیخوانیش گەر لە سێگۆشەی سوننی عێراق بووایە ئێستە ریشی درێژ بوو، بگرە خەلافەتەکەی لەوەی بەغدادیش سەختگیرتر دەبوو. هەر وەك چۆن ئەگەر تەماشای ئەزموونی ئیسلامگەراکانی کوردستان بکەین دەبینین بەهەمانشێوە بەگوێرەی زەمینە سیاسییەکان کاردانەوەکانی شەریعەتییان سەپاندووە.

وەختێك کە جەنگی نێوخۆ بەرۆکی ئەزموونی ساوای هەرێمی گرتبوو، ئەوانیش شوێنێکیان بەنێو دارو لئیسلام لە دەڤەری هەورامان و هەڵەبجە هەبوو، بــەڵام کە بناغەی هەرێمی کوردستان‌و ئەمنییەتی ئەڕۆ لە دەڤەرەکە بەهێز بوو ئەوانیش گوتارەکانیان نیانتربوو، ئیدی هەلی بوون بەداعشیان لەبەردەمدا بچوککرایەوە. ئەگینا خۆ هەر هەمان حزبی ئیسلامی کە ئێستە رامیاریانە لە پەرلەمان‌و حکومەتدا سیاسەت دەکات، سەردەمانێك لەو ژینگەیەی کە ئەوانی تیابوو رێیان لەسەیران‌و

سەفرەو سیمای مەدەنیانەی خەڵکی گرتبوو. تەنها جیاوازیەکان لەنێوان تەڤگرە ئیسلامییەکانی ناوچەکە بریتییە لەو هەلانەی، کە ڕەوتێکی ئیسلامی بەرەو داعشچوون دەبات.

چونکە ئەو هەلەی بۆ داعش ڕەخسا بۆ گروپی قاعیدەیش نەڕەخسا، هەر بۆیە لەچەند روویەکەوە نیانتر لە گروپی داعش دەبینرێن. دیارە کە ئەو نەگۆڕییە لە پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی ئیسلامەوە لە ئێستاشدا زیندووە.

هەروەك چۆن لە ئیخوانێکەوە تا داعشێك زیندوویەتی تێدا دەبینرێت. بۆ ئەمەیش راڤەو رێسای شەرعی دۆزراوەتـەوە. ئـەو هـەلانـەی کە باسیان دەکـەیـن لە خـودی ئەزموونی پێغەمبەرایەتیشدا بوونیان هـەبـووە. رۆژهەڵاتناسان لە خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامیدا هەر بەم لەونە تێڕوانینیان بۆ یەك ریشەیی ئیسلامگەرا دەر بڕیوە، بۆ نموونە رۆژهەڵاتناس مونتجمری وات لە ساڵانی 1978 بۆ 1979 لە کتێبێکیدا بەنێوی محمد في مكة و محمد في مدينة، توانیویەتی بەم تەرزە وابەستەییو یەك یەکی جیاوازییەکانی ئیسلامگەرا وابەستە بکات بە هەلو مەرجو زەمینەکانەوە، چونکە ئەوە هەلو مەرجو زەمینەی جیاواز بوو کە جۆری پێغەمبەرایەتیشی لە پێغەمبەرێکی نیانەوە کردە پێغەمبەرێك کە لە ئەدەبیاتی قورئانیدا غەزاو غەزووی بێ باوەڕان بسەپێنێت.

هاوکات هەر ئەو زەمینە سیاسیە بوو کە لەپاش کوشتنی حوسەینی کوڕی عەلی ڕەوتـی سیاسی دووانــزە ئیمامەکەی دوواخست تا لەسەردەمی ئیسماعیلی سەفەویدا توانی بۆ هەوەڵجار پراکتیکی سیاسەتی خۆیان بکەن.

کەواتە مەترسی ڕەهەندو رێبازی سیاسیانەی ئیسلام، لەرووی هزرییەوە پێویستە قوڵتر نومایانی تاریکییەکانی بکرێتو تۆکمەتر لە دەرهاویشتەکانی بڕوانرێت. ئەمڕۆ کاریگەریی ئەو هێزە وەك

ڕێکخستنە سیاسیەکانی کە لە ژێر پەردەی دیموکراسیدا خۆیان حەشارداوە، هەموو ئەگەرەکان پێمان دەڵێن ئەوان بەدووی هەلی بوون بەداعشدان، هێشتا کەشی بەهاریی بۆ سەوزبوونی خەونەکانیان نەرەخساوە. یەکێکیتر لە مەترسییەکانی هزری ئیسلامگەرا لەوەدا دەبینرێتەوە، کە سەرچاوەکانی دروستبوونی هەمیشە گرێدراوە بە یەك سەرچاوەی سیاسییەوە. هەمووکات لێکۆڵەر بیەوێت نزیکیایەتیو هاوخوێنی سیاسیی لە تەواوی ڕێکخراو کۆمەڵەو دەسەڵاتە سیاسییە ئیسلامییەکاندا دەبینێتەوە. چونکە هەمیشە هەر پارتێکی ئیسلامی ئەجێندای بریتییە لە دەوڵەتی ئیسلامی. هیچ تیۆرو تیرەیەکی سیاسیی ئیسلامیش نییە لە ئەگەری بەرقەراربوونی دەوڵەتی ئیسلامیدا بووار بۆ بانگەشەو بازنەی سیاسیی جیاواز لە ڕەوتی ئیسلامی بهێڵێتەوە. لەدەوڵەتی ئیسلامیدا بەدڵنیاییەوە ناتوانین دەوڵەتێك دروست بکەین جیاواز بێت لەو دەوڵـەتو خەلافەتەی کە ئێستا لە موسڵو ڕەقەدا بوونی هەیە. ئەوان موو بە موو بەندو باوەکانی شەریعەت جێبەجێدەکەن. هەر ئەم ڕاستییەیشە کە کاتێك کەسێکی ئیسلامی لە کوردستان دەهێنرێتە سەر شاشەو پرسیاری دەوڵەتداری داعشی لێدەکرێت، ئیدی زمانی پێناگرێتو قسەیەکی بۆ وتن پێنییە. هەموو ئەو پینانەیش کاتێك دەیانکات بەئاشکرا دەبینین کە ڕوخساری واناڵێت. ئەو ناتوانێت بڵێت حزبەکەی من جیاوازە لەوان ، یانی وەڵامەکانی ناتوانن ئەو جیاوازییە بسەلمێنن. کەواتە جیاوازییەك لە ئەجێندای هیچ ڕەوتێکی ئیسلامی لەتەك ئەوی تردا نییە، هەروەك چۆن بەگوێرەی ڕەوشی سیاسیو کۆمەڵگەو جوگرافیا جیاوازەکان زیانو زەبریشیان کەمو زیاد دەکات.

چونکە ئەگەر بێتو لەسەر بنەمای هزرێکی زانستیو بێلایەن کۆمەڵ، یەکگرتوو بزووتنەوەی ئیسلامی لەتەك داعشدا بەراورد بکەین، تەنها خاڵی جیاواز کە دەبینینەوە بریتی نییە لەو پێناوە

شەرعییەی کەهەیانە، بەڵکو لەرووی نەزمی سیاسییەوە جیاوازن ئەویش دیارە کە رەوشی گشتیو بارودۆخی نێوچە جیاوازەکان جیای کردوونەتەوە. ئەگینا بەهیچ جۆرێك خاڵێکی جیاواز لە میتۆدی داعشدا نییە کە لە میتۆدی هێزە ئیسلامییەکانی دیدا نەبێت. ئەگەر رازیبوون بەکارکردنی سیاسیی لەژێر چەتری دەسەڵاتێکی عەلمانی بکەینە پێوەر، ئەوە سیاسەتو تاکتیکی کاتی بزاڤە ئیسلامییەکان نابنە بەرپرس لەو لادانە شەرعییە، چونکە نیازیان ئەوە نییەو بە شێوەیەکی کاتی تەماشای دەکەن.

چونکە ئەمیرێکی داعشیش نییە رۆژێـك لـەرۆژان لەژێر سایەی دەوڵەتێکی عەلمانیدا کـاری سیاسی نەکردبێت بە ئەبوبەکربەغدادیشەوە. تەنانەت ئەوە وەشانکرا کە بەغدادی تادووایین هەڵبژاردنەکان بەشداری هەڵبژاردنی کردووەو دەنگی داوەتـە مالیکی. واتە بوونی کۆمەڵ لە دامـەزراوەی سیاسی هەرێمدا نابێتە خاڵی جیاکەرەوەی لەگەڵ داعشدا. یەکێکی تر لەوگریمانانەی کەدەیانخەینەروو بۆ رایەڵەو هاوخوێنی داعش لەگەڵ هەر بەرەبابێکی ئیسلامی دیکەدا بریتییە لە جیهانبینی و لێك نزیکی هەریەکەیان.

چونکە ئەوان تێکڕای عەلمانییەکانی دوونیاو تێکڕای پارتە کۆمۆنیستو چەپەکانی دونیا بەیەك چاو تەماشا دەکەن. چونکە پێیان وایە ئەجێندایان یەك شتە. کەواتە تەنها لەبەرژەوەندییە تاکتیکییەکەی خۆیان بەڕەوای نازانن، کە ئەوان لەگەڵ داعشێکدا بەیەکچاو تەماشابکرێن. ئەدی چۆن بەدروستی دەزانـن کە تێکڕای کۆمۆنیستەکانو چەپەکان یەك شتنو جیاواز نیین. لەبەر ئەوەی مارکسی یان لینینی یان ماویین، کەواتە بۆ بەڕەوای نازانن کە ئیسلامییەکان هەموویان یەك شتن، چونکە مەنهەجو بەرنامەیان قورئانو سوونەتەو مژوڵی هێنانەوەی شەریعەتی خوان لەسەر زەویدا.

لەبەرئەوە بەبڕوای لێکۆڵەرو توێژینەوە جیهانییەکان، کە لەپەیمانگەو بەشەکانی توێژینەوەی زانکۆکان لە ئەوڕۆی راڤەی ئیسلامی سیاسیدا دەکرێت، راستییەك هەیە کە هەمیشە پێداگریی لەسەر دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامگەرا لە ئێستادا وەك میتۆدێك زۆرێك لە موسڵمانەکانی خۆرئاوا پێوەی گیرۆدەن. چونکە هێند وەك یەکی ئیسلامگەرایی خزاوەتە مێشکیانەوە، کە ئومەمییەتی ئیسلامی‌و موسڵمانی نەتەوە جیاوازەکان لە خۆرئاوادا، ئیسلامگەراییەکەیان وەك نەتەوەیەك تەماشا دەکــەن‌و بـووەتـە خاڵی هاوبەشیان، تەنها شتێکیش لەم خاڵەدا کەنزیکی کردوونەتەوە بریتییە لەهزری ئیسلامگەرا کە هیچ پەیوەستەگیەکی فەرهەنگی و کلتوری‌و نەریتی لەگەڵدا نییە، هەر وەك چۆن فەرەنسییەك لە خۆرئاواچییەتیدا لەتەك ئینگلیزێکدا هەیەتی. لەبەرئەوە لە لێکۆڵینەوەی خۆرئاواییەکاندا ئەوە خراوەتە روو کاتێك سۆماڵییەك‌و پاکستانییەك کە لێکنیزیك دەبنەوە کلتورو کەینونەی ئاین‌و باوەڕیان نییە، یاخود ئەخلاقی کۆمەڵایەتیان نییە. بەڵکو نامیلکەو فەتواو فەنێکی ئیسلامییە سیاسییەکانە، لەسەر خاڵێك باری هانیون کە نەفرینکردنە لە هەموو کولتور، کەمایەتی، دەستوور، نەریتەکانی دونیاو خۆسازدانە بۆ ئەو حەتمییەتەی کە خۆی لەبەندایەتی تێکڕای مرۆڤدا دەبینێتەوە بۆ خەلیفەیەك. چونکە لەتەواوی شەرعدا ئێمە بەڵگەیەك نابینینەوە کە پێویستە موسڵمانان دوو خەلیفەیان هەبێت. بوونی خەلیفەیەك تەنها بۆ ئەوە نییە کە حومڕانی تێکڕای موسڵمانانی دوونیا بکات، خەلیفە لەسەر زەویدا رەوایەتییەکەی بەسەر ناموسڵمانانیشدا بەشێکی سەرەکی پرەنسیپی ئیسلامییە رەوایەتییەك کە ناموسڵمان هەستی بچوکبوونەوەی لاگەڵاڵەبێت‌و ملکەچی فەرمانەکانی شەریعەت بێت.

ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستانیش لە توندەوە بۆشل، لە ئیخوانییەکانەوە بۆ سەلەفییە جیهادییەکان، هەمیشە چاوێکیان لەبەرامبەر دنیای دیموکراسیو نەزمی دیموکراسیدا وازەو چاوەکەی تریان نوقاوە. چاوی وازیان هەمیشە پەیوەستە بە بازی گیرفانو سەرمایەو بەرژەوەندییو مانەوەوە، ئەم چاوە وازەی ئەوان بۆ دیموکراسی هەرگیز توخنی لێکۆڵینەوەو فیکرو فەنی عەقڵ نەکەوتووە، هەمیشە لەدەوروخولی لوغزو موعەما خۆی بینیوەتەوە. ئەم چاوە وازە هێند دەوروبەری خۆیو ئەوانی دی دەبینێتو دەخوێنێتەوە تا دەگەنە کەناری ئارامی، پاش گەیشتن بەکەناری ئارامی ئیدی دونیا غەرقی میحنەتو مەینەت بێت ئەوان کوێرانە بۆ هەموو دیمەنەکانی فرەییو جیاوازیو مەفهومەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڕوانن.

ئەوەی کە دەیڵێین تەنیا نەزەریات نییە، دەرهاویشتەی خەیاڵو هزری ئێمە نییە، بەڵکو ئەوە خۆی لەواقیعو وێستگەی سیاسیی تەواوی ئیسلامگەراکان دەبینێتەوە، کە شوڵی سیاسەتکردنیان هەڵکێشاوە. بەدەیان نموونە لە رەوتی ئیسلامی هەن کە چۆن لە گەیشتن بە کەپریی دەسەڵات چۆن هەڵگەڕاونەتەوە. ئیخوانی میسر نوێترین و زیندووترین نموونە بوو، ئەوان بە چاوێکی کـراوە بۆ پرسی دیموکراسی گەیشتنە کورسی، بـەڵام دوور لەهەموو سۆزو عاتیفەو بەحسێکی تەرەفدار لەمیانی ساڵێك لە حوکمداریی مورسیدا، بەهەموو ئەو جوانیانەی کە هەشیبوون. هێندەی موبارەكو سیسی دیموکراسییو زەرورەتی دیموکراسی خستە ژێر پرسیارەوە.

مورسی نەویە دڵی دیموکراسیو لەدەستورەوە توانی تەنها چاوی کـراوەی ئیخوانە نەرمەکان بنوقێنێت، ئیدی خەوفو خیانەت بەبەرۆکی رۆشنبیر، ژن، گشتیاری، نوسین، ئەکتەر، دیپلۆماسیەتی دەرێو هەموو ئەو شتانەی میسری پێچوانکرابوو

گرتەوە. گەمەی مەترسی ئەم مۆدێلە سیاسییەی ئیسلامییەکانو ئەم تێڕوانینە نێگەتیڤەی ئیسلامگەراکان هەرگیز ناتوانین بڵێین وەك ئەوەی لەپەیڕەو پرۆگرامیاندا هاتووە مامەڵە دەکەن. لەپێڕەوی ئیخوانەکاندا ئیسلام وەك چارەسـەری ئاریشەو وەك ڕێگەی گەیشتن بەئارامی تەماشاکراوە، نەوتراوە ئامانج ئیسلاماندنی کۆمەڵگایە بەبەندو یاسای شەرعی. ئەوەی لەپێڕەوی ئیخوانو گەلێ لە ئیخوان ڕەنگەکانی ئەمڕۆی دونیاوە دیـارە بەکوردستانیشەوە مەترسییەکی تێدا نییە. دروست دەستووری بەریتانیی‌و نەزمی حوکمڕانی هەریەك لەم وڵاتانە ئەڵمان، نەرویج، ئەمەریکای سەردەمی ریغن، بۆشی کوڕو هاوکات هیندۆسەکان، نەزمی هیندۆسی لە هیند، بوزییەکان، بوزیگەرایی لە سریلانکا، یابان، یەهودییەت لە ئیسرائیل، ئیسلام لە مەغریب، یەمەن، کووەیت‌و ئەردەن هەموو ئەم وڵاتانە دەموو دویان لەتەك دیندا باش‌و پەیوەندیان تۆکمەیە، بەجۆرێك لەجۆرەکان شۆڕبوونەوەی دین بۆ کایەسیاسییەکانیان، دەبینین‌و نکوڵی لەپیرۆزی دین‌و بەبەهاوەرگرتن‌و پاراستن‌و برەودان بەدین کاری بۆدەکرێت. تەنانەت زیاد لە هێزە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆی دونیا کە چەند زیان‌و زەبر لەپایەی ئیسلامی میللی دەدەن لە کۆمەڵگەکەیان، ئـەوان بە پێچەوانەوە هۆیەکی بەهێزو مەچەکێکی قایمن بۆ پتەو ڕاگرتنی مەدی ئاینەکەیان لە کۆمەڵگاکانیان.

کێشەکە لێرەدا نا سەراحەتی تەڤگەری ئیسلامی سیاسییە لە گەڵ میکانیزمی دیموکراسیدا. چونکە بە ئەزموون سەلمێنراوە کە بەڵێ ئیسلامییەکان، سـەرداره ئیسلامییەکان بڕوایان بە دیموکراسی نییە. یەکێك لەبەرپرسانی هێزە ئیسلامیەکانی کوردستان، لەچەندین شوێندا وتویەتی دیموکراسی باشی ناو خراپانە. خۆ ئەمیش قسەی خۆی نییە، ریشەکانی ئەم قسەیە یەك

مەرجەعی رۆشنبیری ئاڕاستەی کردووە، یەکدنیابینی ئیسلامگەرا چاندوویەتی، ریشەکەی وەك عەبدولڕەحمان بەدەوی دەیڵێت: لەوێدایە کە بەعەبای دینو مێزەرەوە ئاراستەی سوپا، ئاراستەی بازاڕ، ئاراستەی ئابووریو سیاسەتی وڵات دەکات. ئیسلامییەکان مامەڵە لەگەڵ دین ناکەن وەك دین، ئامانجیان دین نییە وەك دینو چەسپاندنی شەریعەت. ئەوان ئامانجیان ئەو سیاسەتەیە کە گەرەکیانە لێیەوە خاڵی لاوازی عاتیفەو سۆزی کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکەن.

ئەوان دین بۆ هۆشیارییو ئاگایی میللەت بەکارناهێنن. بەڵکو بەنەزمێکی قاجاریو ئەفشاری دەستیان بە حەبلی دینەوە گرتووە. بۆنموونە لە وەسیەتی فەتح عەلی شای قاجاردا هاتووە. ئەگەر دەتەوێت بە راحەتی سەڵتەنەت بکەیت. هەوڵ بدە خەڵکی بێ سەوادو برسیبن. بێ سەوادیو بێ ئاگایی بەشێکی گەورەی زیندو راگرتنی سیاسەتی ئیسلامییەکانە دەرهەق بە کۆمەڵگەی دەکەن. دروست لەرووی مەفهومو پراکتیكو نەزەرییەوە ئەو وتەیەی مارکس جەختی لەبارەوە کراوەتەوە کە ئایین تلیاکی گەلانە. خۆ مارکس لەو وتەو ویردە فەلسەفییەدا هەر گیز دژایەتی دینی نەکردووە وەك دین، لە زۆر شوێندا ئەو نیانترو نەرمترە لەتەك ئەسڵو فەسڵی دیندا تا ئاخوندێكو موبەشیرێك، بەڵام ئەو قەسدی هەڵگرانی دروشمە ئاینیەکانەوە بە دووچاوی کراوەوە توانیویەتی خوێندنەوە بۆ ئەزموونی عوسمانی، سەفەوی، فاتمییەکانی دنیای ئیسلام بکات بە عەرەب، عەجەم، ئێرانو تورانەوە. لەبەرئەوە لەئێستاشدا توراسی سیاسیو مەرجەعی هزری هێزە ئیسلامییەکان ناخوازێت مامەڵە لەگەڵ جوانییەکانی ئیسلام بکات، بەڵکو ئەو رەگەی ئیسلام پێیدا شۆڕدەبێتەوە کە وێنەیەکی شێواوی دینەو ئەو رێگەیە دەگرنە بەر کە خۆیان دەیانەوێت نەك ئاینەکەیان. ئەگینا هەندێک

کەسیان کە تۆ چەندینساڵە گۆشتخۆری خوانی دیموکراسیت. تۆ بەدیموکراسی و هەڵبژاردن چوویتە پەرلەمانو تۆ راستە زەمەنێك بڕوات بەپەرلەمانو دیموکراسی نەبوو- یەکێك بووی لە قوتابییە زیتەڵەکانیناملیکەی ئیمانو پەرلەمان، بەڵام لەو خوانە تێر تێربوویت کە جەوهەری دیموکراسی لێینابوو کە ئەویش پەرلەمانە. ئێستاکە بۆ لە زەمەنی خانەنشینی خودی خۆتدا بڕوات بەوشتانە نییە کە کردووتن.

ئێستاکە بۆ گۆشتاوەکەی دیموکراسی حەرامەو مایەی غەزەبی پەروەردگارە. راستە ئێوە زەمەنێك لە دەڤەری هەوراماندا خۆتان میر بوونو خۆتان مەڵاو بڕواتان بە ئەلفێکی دیموکراسیو فرەیی نەبوو. تەنانەت نەتان دەهێشت لە بازاڕی خورماڵی دارولئیسلامتانا رۆژنامەیەکی بزووتنەوەی ئیسلامی بفرۆشرێت، ئاسایشەکەتان بەڵێننامەی پـڕدەکـردەوە بەو کەسانەی کە بزووتنەوەی ئیسلامین، دەبوو واژۆ بکەن جارێکی تر نەبنە ئیسلامەکەی بەرپرسێك، دەبێ ئیسلامی ئەمیرێك بن. ئایا ئەم وتەیەت گەڕانەوەیە بۆ ئەو ئەسڵە ئەبەدییەی خۆتان یاخود چی؟ لەراستیدا فەلسەفەی چاکی نێو خراپان لە نێو تەڤگەری ئیسلامگەرا نێونەتەوەییو بەتایبەت کوردیدا هەموو باڵو رەوتو شێوەکان جێبەجێی دەکەن.

بەڵام جیاوازیان لەشلی و توندیاندا بەستراوە بە زەمەنو گونجانی زەمینەی جوگرافی و سیاسییەوە. چونکە لە ئێستادا راستە لە سوریادا داعشو بەرەی نوسرە بوونیان هەیەو دارای ئەفکارو ئاکاری توندن، بەڵام دڵنیاین کە سوریا بوویە هێلکەیەکی پاککراو بۆ پۆستو کورسیو بەرژەوەندی، ئەوکات ئەوانیش لە دەورو خول پەرلەمانێکدا کۆدەبنەوە. هەروەك ئیسلامییەکانی لای خۆمان، مەگەر داعشو نوسرە چ جیاوازییەکیان لە گەڵ ئەنسارو ئیسلامی زەمەنی خورماڵ هەیە، بەڵکو قسەکردن لە سەر هزری

ئیسلامگەراو واقیعی ئیسلامی سیاسییە. قسەکردنە لەو چاڵەی کە ئەمیرێك پەرلەمانی پێدەچوێنێت، بەڵام دەبینیین بۆخۆی لە بیخی چاڵەکەدایە. چونکە ئەگەر لە فەلسەفەی باشی ناو خراپان کە پێناسەی ئەمیرێك بۆ دیموکراسی وردبینەوە، ئەوا بەروونی تێدەگەین لەم پێناسەیەدا بەشێوەیەکی مەبدەئی تەواوی پرەنسیپەکانی دیموکراسی دراونەتە دواوەو تەواوی جوانییەکانی دیموکراسیش لەچاوی ئەودا ناشیرینن. لەوەیش تێدەگەین کە ئەسڵی ئیسلامییەکان بەتایبەت ئیسلامییەکانی کوردستان، ئەوانە نین کە لەئێستادا لەپەرلەمانن‌و لەکایەی سیاسیدا خەریکی رکابەرین‌و مژوڵی داکوتینی وێنەی کاندیدەکانیانن، بەڵکو ئەوە ئیسلامییە ناچارو زەبوونەکانن‌و رووی راستەقینەی خۆیان قوتداوەتەوە، چونکە ئیسلامی ئەسڵ‌و فەسڵ لەپێناسەی کۆمەڵ‌و یەکگرتوو بزووتنەوەدا ئیسلامی سەردەمی خورماڵ‌و دارولئیسلامەکەی هەورامانن. ئەوانەی کە دەیانوت بەهێزوو بازووی ئیمان بەئاربیجی لەسەر شان دەچەسپێنین دینی خوا. ئەوانەن کە فرەییان لە خودی خۆشیاندا بەڕەوا نەدەبینی. کام مەلای یەکگرتوو نەك هەر کادیرو هەڵسوڕاوێکی یەکگرتوو هەبوو بـەدەسـت موجاهیدێکی ریـش درێـژتـر بەرۆکی نەگیرێت‌و لە مزگەوتەکەی دەر نەکرێت. چەندین مەلای یەکگرتوو هەبوون تەنها بۆ نموونە مەلا ئەیوب زەڵمی کە ئێستا بانگخوازێکی دیاری سلێمانییە بەرۆژی نیوەڕۆ لە مزگەوتەکەی خۆیدا نەیانهێشت نوێژ بخوێنێت‌و بەرەو سلێمانی وەدەریاننا. ئایا پرسیوتانە ئەو هەموو مەلا هەڵەبجەیی‌و هەورامی‌و شارەزوورییە چی دەکەن لەسلێمانی‌و بۆ بەلێشاو روویانکردە سلێمانی. ئایا تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە تەنگژەو ململانێو بە گوڕانیینی یەکتر لەنێوان خودی ئیسلامییەکان کراوە.

دەزانین چ گۆڤەندو گرو فێڵێك لەنێوان ئەم حزبە ئیسلامیانەدا هەیە بەرامبەر بە یەکتر؟ کەسایەتیەکی ئیسلامی نییە ئیمانو ئاکارو رابردووی بەتیغی ئیسلامییەکی تر بریندار نەبووبێت. ئەوە باسکردن نییە لە تەنگژەی سیاسیی کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەناو دو حزبی رکابەر روودەدا، بەڵکو ئەوە باسکردنە لەفەلسەفەیەك کە بڕوای بە جەوهەری دیموکراسی نییە، چونکە بە بڕوا نەبوون بە دیموکراسی لە توراسی حزبێکی ئیسلامیدا واتە نابێت هێزێکی ئیسلامی تر بوونی هەبێت. کاتێك کە چەند حزبێکی ئیسلامی بوونیان هەیە مانای ئەوە نییە بڕوایان بە فرەیی هەیە، چونکە لە پێناسەیانەوە بۆ یەکتری لەو راستییە تێدەگەین کە بوونی یەکتر بە پێویست نازانن، بگرە بەلادەرو ناپابەند بەشەرع تەماشای یەکتر دەکەن. جیاوازییەکانیان ناگەڕێننەوە بۆ جیاوازی سیاسی وەك ئەوەی لە دیموکراسیدا رەوایەتی پێدەدرێت. جیاوازییەکانیان بۆ جیاوازی عەقیدەیيو شەرعی دەگەڕێننەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە بوونی ئەوی تر بەناچارییەو دەسەڵاتی بەملیدا ناشکێت ئەگینا کیمیایی دڕژێنێت بەسەریدا. ئێمە لەم نزیکانە ئاگادارین کاتێك کە سەلەفییە مەدخەلی و لاجەماعەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بوونیان هەیە. چ گوڵمەزێکی شەرعیان پێدەگێڕن، چۆن هێرش دەکەنە سەر عەقیدەو باوەڕیانو بەپێچەوانەشەوە. واتە جیاوازی لە شوناسی حزبیاندا نەبەستراوە بەجیاوازی سیاسیانەوە، بەڵکو بەستراوە بە جیاوازی ئیمانداریو باوەڕو عەقیدەیانەوە لە کاتێکدا یەك عەقیدەی ئیسلامی هەیەو بوونی هەیە. کەواتە بە پلارگرتن لە عەقیدەی یەکتریی تەنها گەرەکیانە بڵێن ئێوە مۆرکی ئیسلامیبوونتان پێوە نییەو نابێت.

### سەرچاوەکان:

**1.**Wilferd Madelung; The Succession to Muhammad: A Study of the Early Caliphate, Cambridge,1997.
2.Suad Joseph, Afsāna Naǧmābādī: Encyclopedia of Women and Islamic Cultures: Family, Law and Politics, BRILL, 2003.
3.Andrew Marsham: Rituals of Islamic Monarchy: Accession and Succession in the First Muslim Empire, Edinburg university press, 2009.

## پەراوێزەکان

Wilferd Madelung; The Succession to Muhammad: A Study of the Early Caliphate, Cambridge,1997,P8892-.
Andrew Marsham: Rituals of Islamic Monarchy: Accession and Succession in the First Muslim Empire, Edinburg university press, 2009. P1320-.
Suad Joseph, Afsāna Naǧmābādī: Encyclopedia of Women and Islamic Cultures: Family, Law and Politics, BRILL, 2003,p310.
Suad Joseph, Afsāna Naǧmābādī; Encyclopedia of Women and Islamic Cultures: Family, Law and Politics,p196200-.
Rituals of Islamic Monarchy: Accession and Succession in the First Muslim Empire, p 25.
Wilferd Madelung; The Succession to Muhammad: A Study of the Early Caliphate, Cambridge,1997,P80.\

# سەلەفیەت و ئیسلامگەرا

## دیدێکی رەخنەگرانە

ئامێد سلیمان
نوسەر، شارەزا لە ئیسلامی سیاسی

**ئیسلامگەرایی توندڕەو**

وەك لەبەشی یەکەمدا کە لەژمارەی (42) ی ئایدیا تیشکمان خستە سەر ئاماژەمان بەگەڕانەوەی بیری توندڕەوەی سەلەفیەتدا لەسەر دەستی ئبن حنبل بەپاڵپشتی خەلیفەی عەبباسی (متوەکل) بەلادانی ڕێبازی موعتەزیلەکان و کوشتن و ڕاوەدوونانیان لەمێژووی ئیسلامدا لەوکاتەوە تاکو ئەمڕۆ ڕەگوڕیشەی ئەو بیرەتوندوتیژە تۆقێنەرەی کە ئەمڕۆ لەلایەن زۆرێك لەگروپە جیهادیەکان پەیڕەو دەکرێت بەردەوامی هەیە.

گروپێکی توندڕەوەی ئیسلامی وەکو (داعش، تالیبان، قاعیدە، بەرەی نوسرە و ئەنسارو.....هتد) دیاردەیەکی نوێ یان فکرەی توندڕەوی نوێ نیە وەك هەندێ کەس هۆکاری دروستبوونیان ئەگەڕێننەوە تەنهاو تەنها بۆ ئەو ململانێیە سیاسیی نوێیەی نێوان هەندێ لە وڵاتانی جیهان یاخود بەدروستکراوی ئەمریکاو ئیسرائیل و ئێران و...هتد پێناسەیان دەکەن.

خوێندنەوەی دروست بۆ هەموو گروپە توندڕەوە ئاینیەکان لەڕێگەی خوێندنەوە بۆ ڕەگوڕیشەی توندڕەوی دەقەکان ئاینیەکان و پاساوی ئەو دەقانە بۆ ڕەوایەتیدان بەتوندوتیژی و توندڕەوی لەپاڵ کۆمەڵێ ڕەهەندیتری وەکو پەراوێزخستنی کەلەپوری ئاین ئەتوانین هەم چارەسەرو هەم پەنجە بخەینە سەر راستی و دروستی توندوتیژیە خوێناویەکانی هەموو گروپە توندڕەوەکانی ئیسلامگەرا لەمرۆماندا.

ئەگەر پیاوانی ئاینی ئیسلامی سەلەفیخواز لەسەردەمی خەلیفەکانی عەباسی پێش متوەکیل ڕکابەرەکەی ڕێبازی موعتەزیلەکان بوبێت وەکو بزوتنەوەیەکی ڕۆشنفکر دواتر بەزەبری هێز سەرکوتکرابێتن ئەوە ئەمڕۆش ئیسلام چ وەك ئاین لـەدەرەوەی سیاسەت و چ وەك هێزێکی سیاسی بەدرێژایی

نزیکەی 14 سەدەی رابردوو هیچ کاتێك ڕووبەڕووی ڕکابەرێکی بەهێزو مەزنی وەکو سەردەمی مۆدێرنەو پێشکەوتنی زانستی نەبۆتەوە کە بەهۆی گەشەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری ژیاری مۆدێرنەی ڕۆژئاواو پێشکەوتنە زانستیی و کۆمەڵایەتی و بزوتنەوە فیکری و فەلسەفیەکان بۆ یەکەم جارە توشی ئەو ململانێیە بنچینەیی و دژوارە بۆتەوە کەفشارێکی زۆری خستۆتە سەر دونیای ئیسلام بۆ گۆڕانێکی بنچینەی لەناوەوەی دەق و یاساو شەریعەتەکەی یان ناچارکردنی بەجیابوونەوەی لەبنەماکانی سیاسەت و دەوڵەتداری. لەئایندەدا هەروەك چۆن ئەو ململانێیە سەرەتا بەرۆکی ئاینی مەسیحیەتی گرت و لەناوەوە گۆڕانی بەسەرداهێناو کۆتایی هێنا بەهەموو ئەو خوێنڕەشتن و چەوسانەوەیەی لەلایەن دەسەڵاتی کەنیسە پەیڕەودەکرا.

ئاینی ئیسلامیش زۆر پێش مەسیحیەتی سەردەمی ڕێنسانس کەوتۆتە ململانێیەکی فکری و سیاسی و ئابوری، کەتاکو ئەمڕۆ بەردەوامەو کاریگەریەکی زۆریشی لەسەر شوێنکەوتوانی ئاینی ئیسلام دانـاوەو ئەم ئاینەی کردۆتە چەندین رێبازی جیاجیا بەڵام ئەسەف، کە ئەو ململانێ و فکرو دیدە جیاوازانە لەجیاتی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئیسلامی بەخۆیەوە ببینێ بەپێچەوانەوە بەخراپ شکایەوەو رێبازە توندڕەو و چەقبەستوەکانی سەرخست و عەقڵمەندانی کردە پاشکۆی دەق و پەراوێزیخستن بەناوی گەڕانەوە بۆ بنگۆس گەڕانەوەیە بۆ ڕاستەقینەو چارەسەری هەموو کێشەکان.

سەرکەوتنی دەقگەراییەکان و بەکارهێنانی ئاین بۆ بـەرژەوەنـدی سیاسی لەمێژووی ئیسلامدا پەیوەندیەکی توندووتۆڵیان هەیە کەبەیەکەوە بەستنی ئاین و سیاسەت گورزی کوشندەی لەپێشکەوتنی کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا بۆ نموونە

لەپاڵ بەکارهێنانی چەند تاکتیکێکی تری سەربازی بەپاڵپشتی دەقی ئاینی بۆ بەرژەوەندیە سیاسییەکانیان یاخود هەوڵدان بۆ قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی و هەروەها پەرەدان بەعەقڵیەتی دۆگمایی و پوچەڵکردنەوەی عەقڵ بەبەکارهێنانی دەق. (یەکەم هەوڵی پوچەڵکردنەوەی عەقڵ بەدەق دەگەڕێتەوە، . ئەمەش هیچ ناکۆکی و ناتەباییەکی لەسەر نیە بەوەی کە تاکتیکێکی ئایدیۆلۆژیانە بوو و توانی بەناوی دەقەوە ڕیزەکانی هێزی نەیاران ببڕێ و جیاوازیان بخاتە نێوانیانەوەو شەڕو ململانێکەش لەبەرژەوەندی ئەمەوەیەکانەوە کۆتاییپێهات) (1) چونکە (کاتێك پرەنسیپی ناوبژیوانیکردن و بڕیاردان لە لایەن دەقەکانەوە بووبێتە مایەی لەناوبردنی سەربەخۆیی عەقڵ لەڕێی وەرچەرخاندنی عەقڵ بۆ پاشکۆیەکی ژێرماڵەو مشەخۆر لەسەر دەقەکان و خۆپارێز لەپەنای دەقەکانەوە)(2) بۆتە باشترین چەك لەلایەن گروپە توندوتیژە جیهادیەکانەوە پلە بەپلەو قۆناغ بەقۆناغ تادەگاتە ئەمڕۆی دونیای بیرکردنەوەی کۆمەڵگای ئیسلامی لەمێژووی ڕۆشنبیریانەوە هەروەك قۆناغی کۆتایهێنان بە ڕێبازی موعتەزیلەکان دوای خەلیفە (مەئمون) و هاتنە سەرتەختی خەلیفە (متوکل) بەپاڵپشتیکردنی (ئیبن حەنبەل) ئەقلی فەلسەفی و رۆشنگەرای لەبازنەیەکی تەسکدا گەمارۆدرا و بیری عەسکەرتاریەت بەسەر کاروبارەکانی دەوڵەتدا زاڵبوو.

ئەوەی کەباسمانکرد لەمێژووی ئیسلامدا ئەمڕۆ بەهەمانشێوە لەلایەن گروپە ئیسلامیە سیاسیەکان پەیڕەوی لێدەکرێ بۆنموونە لەپاڵ هەرکارێکی توندوتیژی فیزیکی و دەروونی لەلایەن (ئیسلامیە توندڕەوەکان) دەقێکی ئاینی (قورئان و فەرموودە) ی لەگەڵدا دەخوێننەوە کەدواتر باسیدەکەین

یان قەدەغەکردنی خوێندنی میتۆدە فەلسەفی و زانستە مرۆییەکان لەنێو خوێندنگاکانیان بەبیانوی بڵاوبوونەوەی گومڕایی و لەدین وەرگەڕان کەلەمێژووی ئیسلامدا لەسەردەستی (ئەبوحامد غەزاڵی) داهێنرا، کە گورزێکی کوشەندەبوو لە عەقڵ (لەگۆشەی لێکترازانی پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجامەکان یان پەیوەندی نێوان بنۆس و بەربنۆسەکانەوە بوو کارەکەش لەدوای سەدەیەك لەمردنی غەزاڵی تـاڕادەی هەڕەشەکردنی دەسەڵاتداران لەلایەنی شەرعزانەکانەوە لەهەرکەسێك کەبە فێربوون و فێرکردن کار لەبواری فەلسەفەدا بکات کۆتاییپێهات. چونکە فەلسەفە بە (بنەمای سووکی و نەفامی و هەڵوەشاندن و شیبوونەوە، ماددەو ماکی دۆشدامان و گومڕراییەو وروژێن و دنەدەری لادان و باوەڕداریی بەڕواڵەتە، ئەوەی لەفەلسەفەدا کاربکات کوێرونابینایەو چاکیی شەریعەتی پاکژو پشتیوانی لێکراو بە بەڵگەو بیانگەو ڕوون و دیـاردەکـان سەلماندنە پشت ئەستورەکان نابینێ و ئـەوەی کە تێکەڵاو بەفێربوون و فەلسەفە ببێ، دەبێتە هاوەڵی خەجاڵەتی، شەرمندەیی، بێبەشبوون، تەریکبوون و شەیتان زەفـەری پێدەباو دەستی بەسەردادەگرێ (3).

ئەگەر سەیری ئەو نموونەیەی سەرەوە بکەین ئەمرۆ هەمان دۆگمای لەخوێندنگەکانی هەم ئیسلامی سیاسی توندڕەو هەم ئیسلامی سیاسی میانڕەویش پەیڕەوی لێدەکرێت، بەڕوونی بنەما سەرەکیەکانی توندڕەوی بەدیدەکەین لەفۆڕمی فەرزکردنی عەقڵیەتی دۆگما لە حکومداری سەرەتاکانی سەرهەڵدان لە گوتاری هەندێ مینبەری مزگەوتەکان و کەناڵەکانی راگەیاندنی ئیسلامگەرا و ناسیاسی کەبنەمایەکی سەرەکی پەراوێزخستنی عەقڵەو بونەتە سەرچاوەی سەرەکی بیری سەلەفیە جیهادیە

خوێناویەکان، کە گروپە توندڕەوەکان لێکدانەوەکانی سەید قوتب وەك بەڵگەیەکی شەرعی و عەقڵی لەبەرامبەر عەلمانیەت دەخەنەڕوو. بۆنموونە سەید قوتب لەکتێبی (المستقبل لهذا الدين) دەنوسێت بنەماو فکرێك کەسەرچاوەی هەمان بنەما یاسایی شەرعیەکانی دینی ئیسلام نەبێت ئەوە نەك هەر لادانە لەشەریعەت، بەڵکو پەیڕەویکردنە لە دینێکیتر چونکە پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان عەقیدەو سیستەمی کۆمەڵایەتی هەیە. بەمشێوەیە سەید قوتب کەبنەمای شیکردنەوەکانی لەتەوەرەی (كل دين منهج الحياة) دەخاتەڕوو (5) وە (ئەبو عەلا مەودودی) یش کە یەکێکە لەسەرچاوەکانی سەید قوتب بەهەمان شێوە پەرە بەبنەماکانی توندڕەوی دەدەن و جاهیلیەت دەبەستنەوەی بە پەیڕەوکردنی سیستەمێکی نائاینی و یان تێکەڵەیەك لەئاین و سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانی بیری مرۆیی بۆیە مەودودی جاهیلیەت لەسێ شتدا دەبینێت. یەکەم: وەرگەڕان. دووەم: هاوبەش پەیداکردن، یان بت پەرستی بەهەموو شێوە کۆن و تازەکانیەوە. سێیەم: مەیل و خولیای سۆفیگەری.

ئەو پێیوایە کە ئەم سێ ئاراستەیە بەعەبای ئیسلام خۆیان پەردەپۆش کردووەو ڕاستەوخۆ لەدوای خەلیفەکانی ڕاشیدەینەوە دزەیان کردۆتە ناو واقیعی ئیسلامی و دەستیان کردووە بەوەشاندن و برژاندنی ژەهرو ژار لەناو کەلتوری ئیسلامیدا. پێشیوایە کە کارەکە بە هەڵرژانی تێکەڵەو ئاوێتەیەك لەفەلسەفە و ئەدەب و زانستەکانی گریکی و هیندی و ئێرانی لەخاکی ئیسلامدا کۆتایهاتووەو بەمەش کۆتایی ناکۆکی و ناتەبای تیۆریی لەنێوان موسوڵماناندا دەستیپێکردوەو بیرو باوەڕی موعتەزیلەو گومانداری و کوفرو وەڕگەڕانیش سەریانهەڵداوە. بەمشێوەیە ئیسلامی توندڕەوی سیاسی ئەمڕۆ بەبەکارهێنانی

دەق و بیری مەودی و سەید قوتب و هاوشێوەکانیان، وەك تاکە هێزی ئیسلامی ڕەسەن بەبەرزکردنەوەی ئاڵای ڕەشو دەقە قورئانیەکان خۆیان نمایش دەکەن، پشتیوان و شوێنکەوتوانیان پەیدادەکەن لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا، لەکاتێکدا هێزە سیاسیە میانڕەوەکەش بەهەمان شێوەی توندڕەوە سەلەفیەکە پابەندی خۆی بەدەقەکانەوە نەشاردۆتەوە، هەربۆیە بۆتە هاوکارو پشتیوانی دروستبوونی هێزە سەلەفیە توندڕەوەکە کەقۆناغەکانی شوێنکەوتوانی ئەو هێزە سەلەفییە، وەکو سەرەتای ئاینداری سەلەفی لای سەلەفیە میانڕەوەکە دەبڕێت.

کاتێك باس لە بەکارهێنانی دەق و بەشەرعیکردنی توندوتیژیە خوێناویەکانی گروپە توندڕەوەکانی ئیسلامگەرا دەکەین لەغیابی ئەلتەرناتیڤی دەقە ئانیە توندەکان لەلایەن ئیسلامگەرا میانڕەو ئەبێت ئەوەمان بیرنەچێت کەدەقەکان کامانەن و چۆن لێکدەدرێتەوە بۆنموونە کوشتنی خەڵکی بەکۆمەڵ و دیل و بەکۆیلەکردنی نەیارو ناموسوڵمان و بەسەبایا و کەنیزەکردنی ئافرەتان لەکوێوە سەرچاوەیان گرتوە؟ خستنەڕووی سەرچاوەی توندوتیژیەکانهامان دەدات بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك یان دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤێك یان فشار خستنەسەر هێزە سیاسی و ناسیاسیەکانی ئیسلامی و مەدەنی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و حکومیەکان، بۆ ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوە بۆ ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی دیاردەی توندوتیژی ئاینی بکەن.

چونکە بەپێی بیروبۆچوونە ئایدیۆلۆژیەکان و ئاینە جیاوازەکان و کەلتورە جیاوازەکان پێناسەمان بۆ لە قاڵبدانی کرداری ئاژاوەگێڕی جیاوازە، بەپێی هەندێ زانای ئاینی ئاژاوە بریتی یە لە بێدینی، کافربوون، بڵاوکردنەوەی هەر فکرێك ڕێگربێت بۆ ئیسلامبوونی خەڵکیتر، بڕوا نەبوون بەخودا یان بەبوونی

خودایەك كەسیفەتی خودای موسڵمانانی ئیسلامی نیە ئەوەش واتا موشریكە، بڵاوكردنەوەی ئایدیایەكی وەكو عەلمانیەت و ئازادی تاكە كەس و دیموكراتی و....هتد ئەخرێنە خانەی ئاژاوەگێڕیّ لەناو كۆمەڵگا بەپێوەری هەوڵدان، كەسانی سیكولار بۆ جیاكردنەوەی دین لە دەوڵەت، چونكە كار بەشەریعەتی خودا ناكەن و بڕوایان بە بەرنامەیتر هەیە لەشوێنی شەریعەت.... یان وشەی (جهاد – تێكۆشان) ئەگەر وەكو چەمكێك وەریبگرین كەلەچەندین ئایەتدا ئاماژەی پێدراوە بەهەوڵدان بۆ سەرخستن و جێبەجێكردنی یاساكانی خودا كەخۆی لەتەواوی شەریعەتدا دەبینێتەوە واتا هەم مانای شەڕكردن بۆ سەپاندنی ئیسلام بەكارهاتووە و هەم بەرگریكردن و هەم بۆ هێرشبردن هەروەكو فتوحاتی خەلیفەكان لەدوای مردنی پەیامبەر كە هێرشیان بردۆتە سەر وڵاتانیترو داگیریانكردوون ئەوەمان پێدەڵێت كە ئەگەر زاراوەی (جیهاد) لەقۆناغی پەیامبەرایەتی (محمد) لە مەككەدا كاری بانگەوازكردنی دوور لە جەنگ و كوشتار بووبێت كەئێستا هەندیّ هێزو لایەنی ئیسلامی سیاسی و پیاوانی ئاینی وای پێناسە دەكەن، ئەوە بەهەمانشێوەش لەقۆناغی خەلیفەكانی دوای پەیامبەریش تاكو ئەمڕۆ بریتیە لە (شەڕكردن لەپێناوی بڵاوكردنەوەو سەپاندنی ئاینی ئیسلام) كەلەچەندین ئایەتی قورئانیشدا بەڕوونی ئاماژەی بەجەنگ و كوشتار لەبەرامبەر نەیارەكانی كراوە.

مەبەستمە ئەوە ڕوونبكەمەوە كە بەسروشت كەگروپێكی وەكو (داعش) بتوانێت لە گۆڕەپانی ململانێی هەم ئاینی و هەم سیاسی شەڕی نەیارو گروپە ئیسلامیەكانیترو چین و توێژەكانیتری پێ بكات لەڕێگای بەكارهێنانی هێزو زەبروزەنگی تۆقێنەرانە بەدەقە ئاینیەكان. بەكارهێنانی دەق و فەرمودەكانیش بۆ

پشتڕاستکردنەوەی کاروکردەوەکانیان ئەوە دەگەیەنێت کە ئاینی ئیسلام توندوتیژی لەخۆیدا رەتناکاتەوە هەربۆیە بەکەنیزەککردن و سەبایا و حەلاڵکردنی سەروماڵی نەیارەکانی ئیسلام لەمێژووی ئیسلامدا لایەنێکی پڕشنگدارە لای گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکان، کە ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەن بۆ نموونە لە تەفسیری ئەو ئایەتانەی باس لەژن و ژنخوازی دەکەن هەمیشە (ماملکت ایمانکم یان ومَا مَلَكَتْ یَمِینُك یان مَا مَلَكَتْ أَیْمَانُهُمْ) بەوە تەفسیرکراوە کەبریتین لەو ژنانەی کە بەپارە کڕیوتن یان دەستکەوتی جەنگن، هەموو تەفسیرەکانیش یەك دەنگی زانایانی ئاینی پسپۆر لەبواری فقە و شەریعەتی لەسەرە رونترین دەقێکیش کە بەڕاشکاوی باس لە حەلاڵی یان یاساغ نەکردنی کۆلەکردنی ئافرەتی ناموسلمان بکات هەموو ئەو دەقە توندوتیژانەی باسمانکرد گومان نیە هۆکارێکی گرنگن لە پشتی ئەو فکرە تەکفیری و تیرۆریستیەیی گروپە تیرۆریستیەکانی ئیسلامگەرا، وەڵامێکیشن بۆ ئەو پرسیارانەی کە ئایا بۆچی هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکان پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز دەبەن بۆ گەیشتن بەدەسەڵات؟ ئەی ئەو هۆکارو دەقە ئیسلامیانەی مرۆڤێکی توندوتیژی خوێناوی دروستدەکەن چین؟ ئایا ئاینی ئیسلام هەر بەسروشت توندوتیژی لەخۆیدا هەڵگرتووە؟ یان رەتیدەکاتەوە؟ واتا ئەو میتۆدەی ئیسلامگەرا کاری لەسەر دەکات بەسروشت بەرهەمهێنەری توندوتیژیەو پێویستی بەخوێندنەوەی جارێکیتری ئەو فکرە ئاینیە هەیە کە هۆکاری توندوتیژیەکە خۆیەتی.

ئەگەر بمانەوێت چارەسەری ڕیشەی بیری ئاینی توندو تیژ بکەین ئەبێت لەگۆڕینی میتۆدی خوێندنگاو حوجرەو مزگەوتەکانەوە دەست پێبکەین چونکە میتۆدی خوێندنی خوێندنگاکانی پەروەردە هۆکارێکن بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤێکی توندڕەو کەتا

ئێستا نە لەوانەی مێژوو نە لەوانەی ئاینی باس لەپێویستی ڕیۆرمی ئاینی ناکات، وەك تێپەڕاندنی ڕەهەندە مێژوویەکانی دەقەکان و لەکارخستنی حکومەکانیان بەلێکدانەوەیەکی زانستیانە لەژێر ڕۆشنای گۆڕانە ژیاریەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، کەدواتر لەتەوەرەی ڕیفۆرمی ئاینی باسیدەکەین.

## ریفۆرمی ئاینی و ئیسلامگەرایی میانڕەو

ئیسلامگەرایی میانڕەو هـەروەهـا نیمچە میانڕەویش هەرکات باسی ئیجتیهاد و نوێبوونەوەو گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابووری و...هتد دەکات بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەکی قوڵ دەڵێن ئاینی ئیسلام ڕێگرنیە لە ئیجتیهادو نوێکردنەوەو هەموارکردنەوەی یاسا شەرعیەکان، بەڵام کاتێك زیاتر وورد دەبینەوە لەو ئیجتیهادەی ئیسلامگەرا میانڕەو ئەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئیجتیهاد تەنها لەو بابەتانە دەکەن کە دەقی ڕاستەخۆو روون و ئاشکرای لەنێو قورئاندا لەسەر نیە هەربەوەش ناوەستێ بەڵکو هەوڵدەدات بابەتەکە ببەستێتەوە بەڕوداوێکی کۆنی سەردەمی پەیامبەرو هاوەڵەکانی تاکو کێشەو بابەتە نوێکان گرێبدات بەدەقێکی ئاینی و بەپێوەری (قیاس – پێوانە) هەمدیسان دەرگـای ئیجتیهاد دادەخـەن و لەقۆناغێکی مێژووی دەیوەستێنن یاخود دەگەڕێنەوە سەر ڕاو بیروبۆچوونێکی یەکێك لەزاناو شەرعەزانە کۆنەکانی هەزاران ساڵ بەرلەئێستا لێرەوە لەمەترسی پیرۆزی دەقـی ئاینی و ئیسلامگەرا میانڕەو تێدەگەین کەلەبنەمادا هیچ بڕوایەکیان نە بەنوێکردنەوەو نە بەڕیفۆرمی ئاینی نیە، بەڵکو گونجان و دەستدانی شەریعەت بۆ هەموو کات و ساتێك دادەمەزرێنێ و دژایەتی ئیجتیهادیش دەکات تاڕاددەی بەکافرکردنی هەموو

ئەوانەی هەوڵی ئیجتیهادێکی نوێ لە خوێندنەوەی هەلومەرجی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەموارکردنەوەی یاسا شەرعیەکان بەبێ گرێدانی بەچیرۆك و گێڕانەوە کۆنەکانی هەزاران ساڵ بەر لەئێستا. هەربۆیە ئیسلامگەرا میانڕەو لەناوەڕۆکدا هەمان ئامانج و میتۆدی ئیسلامی توندڕەوی هەیە، هیچ کاتێکیش گەشەناکات لەڕووی جەماوەریەوە کە لەوڵاتێك بۆ وڵاتێکیتر هۆکارەکان جیاوازیان تێدەکەوێت، بەڵام هەندێ هۆکار کەسەرەکین و هاوبەشن و جێگای تێڕامانن لەم لەباسەدا پێویستن.

بـڕوانـەبـوون بەپرینسیپەکانی سیستەمی عەلمانیەت و هەوڵنەدان بۆ هێنانەدیان و نەگونجاندنی لانی کەم نیوەی زیاتری ئەو یاسا و پرینسیپە عەلمانیەی کەتوانای تواندنەوەی هەیە لەنێو یاساو شەریعەتی ئیسلامی لەڕێگەی خوێندنەوەی جیاوازو سود وەرگرتن لەبزوتنەوە فیکرو فەلسەفیەکانی مێژووی ئیسلامی و تێپەڕاندنی ڕەهەندە مێژوویەکانی دەقی ئاینی.واتا گێڕانەوەو خوێندنەوەی کەلەپوری ئیسلامی سەردەمی سەدەی سێ و چواری کۆچی نەك پەراوێزخستنی کەلە هۆکارە هەرە گرنگەکانی سەرهەڵدانی ئیسلامی توندڕەوە بەدرێژایی مێژووی دوای وەلاوەنانی فکروفەلسەفە لەسەردەمی خەلیفە متوەکلی عەبباسی.

حیزبە ئیخوانیەکان بەگشتی و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، وەکو نموونەیەکی زیندوی کوردستان و سەرجەمی هێزە سیاسیە ئیسلامیەکانیتری کوردستان و جیهانی ئیسلامی بەگشتی هەمیشە بڕوایان وابـووە، کە ئەتوانن سود لە زۆرینەی موسوڵمانێتی کۆمەڵگا وەربگرن و کاریگەریان لەسەر هەست و سۆزی تاکەکان دەبێت و ئەتوانن زۆرینە بەلای خۆیاندا کەمەرکێش بکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەو تێگەیشتنەی هێزە ئیسلامیەکان بۆ

گەشەکردنیان لەڕووی جەماوەری و سود گەیاندنیان بەکۆمەڵگا سودێکی ئەتۆیان نەبووە نە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات ئەوەش هەم لەبەر ئەوەی کە ئایندازی تاکەکان جیاوازە لەوەی ئەو هێزانە تێگەیشتنیان بۆی هەیە هەمیشە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی ئایندازی و سیاسەت یاخود ئایدۆلۆژیای ئاینی هێزە ئیسلامیەکانیان وەکو سیاسەتی حزبایەتی پێ ڕەوانیە لە لایەکیتریشەوە هەڵگرتنی ناوی ئیسلام و بەکارهێنانی دەقە ئاینی و مینبەری مزگەوتەکان و...هتد هەروەها میانڕەوی و نیشاندانی بڕوابوون بە سیستمی دیموکراتی و چەمکی ئازادی، وەکو ڕەخساندنی دەرفەتی وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن هێزە ئیسلامیەکان هیچ راستیەکی لەهەناوی خۆیدا هەڵنەگرتووە لەڕوی پراکتیکیەوە بەبەراورد لەگەڵ هێزە سەلەفی و هێزە سیاسیەکانیتری ئیسلامی توندڕەو، چونکە جیاوازیەکیان تێدا بەدیناکەین ئەگەر شیکارێکی وورد بۆ گوتاری ئاینی ئەو هێزە ئیسلامگەرا بەناو میانڕەوەکە بکەین.

گەشەی ئیسلامگەرا لەجیهانی عەرەبی و کوردستانیش پەیوەندی بەدوو هۆکاری سەرەکیەوە هەیە یەکەمیان پەراوێزخستنی کەلەپوری مێژووی ئیسلامی بەتایبەت سەدەی سێ و چواری کۆچی کە فکرو فەلسەفە لەبرەو دابوو دووەمیش ئیسلامیەکان وەك هێزێکی سیاسی میانڕەو خۆیان نمایشکردووە لێرەوە لەوە تێدەگەین مادام گەشەکردنی ئەو هێزانە لەسەر بنەمای میانڕەوی و بڕوابوون بەسیستەمی دیموکراتیە کەواتە کۆمەڵگا ئیسلامیەکان زۆرینەی تاکەکانیان بەشێوەیەکی گشتی دینداریان بەشێوازی تەقلیدی تێپەڕاندووەو خوازیاری ئازادی و بەدەستهێنانی ژیانێکی دادپەروەرانەو یەکسانیترن بەپێوەرە نا ئیسلامیەکان یاخود عەلمانیەکان، بەمانایەکیتر ئەمڕۆ تاکەکانی

کۆمەڵگا ئیسلامیەکان لەسارتاسەری جیهاندا بەشێوەیەك لەشێوەکان شێوەژیانێکی عەلمانی یاخود نیمچە علمانی پەسەند دەکات و داوای ئـازادی و ماف و ژیانێکی خۆشتر لەمرۆڤی موسوڵمانی هەزاران ساڵ بەرلەئێستا دەکات.

بەڵام ئایا لەبنەمادا ئیسلامی سیاسی میانڕەوە ئیخوانیەکان وەك نمونەیەکی زیندوو پرنسیپەکانی عەلمانیەتیان پەسەندە؟ ئایا لەبنەمادا بڕوایان بە پرنسیپەکانی عەلمانی هەیە؟ بڕوایان بەئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەبێ جیاوازی نەتەوە و ڕەگـەزو ئاین و مەزهەب هەیە؟ وەك ئـەوەی لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی نێودەوڵەتیدا هاتووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە کرۆکی شکستەکەی ئیسلامیەکانی وڵاتی میسر یان یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وەك نموونە لەهەڵبژاردنەکان بۆ ئێمەی کورد بەتایبەتی و هەمیش ڕاپەڕینی جەماوەری میسری لە مورسی وەك نمایشکەری بەناو میانڕەوی بەڵگەی بڕوانەبونیانە بەڕیفۆرمی ئاینی ڕیشەیی و مەزهەبی هەروەها چەقبەستوی و گەشەنەکردنی هێزە سیاسیەکانیتری بەناو میانڕەوەی ئیسلامیشمان بۆ دەردەخا، بۆ سەلماندنی بڕوابوون و نەبونیشیان بەپرینسیپەکانی عەلمانیەت. بەڵگەیەکیتری ڕۆشنیش کە بەدەستمانەوەیە کـردارو گوتاری سیاسیانەی ئەو هێزە ئیسلامیە میانڕەوەو سەلەفی و توندڕەوانەیە کە لەچەند ساڵی ڕابوردیاندا لەکەنالەکانی ڕاگەیاندن پەخشیانکردووە هەم وەك پارتێکی سیاسی و هەمیش وەك چەند کەسایەتیەکی سیاسی و ئاینی وەکو بانگوازو وتاربێژەکانیان.

گوتارو کرداری هێزە بەناو میانڕەوە ئیسلامیەکە هەروەك گوتارو کرداری ئیسلامی سەلەفی توندرەو بووە بەدرێژایی مێژووی دروستبونیان کە کۆمەڵگایان دابەشی سەر عەلمانی و ئیسلامی

(کافر و موسوڵمان)کردووە ئەو هێزە ئیسلامیانە هێندەی هەوڵی ناشیرنکردنی سیستەمی عەلمانی و یەکسانکردنی بەسیستەمە دیکاتۆریەکان و بەدڕەوشتی کـردووە، نیو ئەوەندە هەوڵی سود وەرگرتنیان لەو سیستەمە عەلمانیە وەرنەگرتووە کە ئەمڕۆ لەڕێگای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن هەموو تاکێکی موسوڵمان پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگاو کەڵتوری خۆرئاوا و ئەوڕوپا ئەبینێت لەسایەی سیستەمی عەلمانیەت لەسەرجەم بوارەکانی ژیان و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا بەگشتی، بۆیە هەوڵدان بۆ ناشیرینکردنی سیستەمی عەلمانی کارێکی نەك هەر مەحالە بەڵکو کوتانی ئاسنی ساردە.

بەبڕوای من بەردەوامبوونی ئیسلامگەرا لەسەر ئەو شێوازە ئایندارییە لەقاڵبی تەقلیدی توشی شکستێکی زۆر گەورەتر لەئێستایان دەکاتەوە، ئەگەر هەوڵی ڕیفۆمێکی ڕیشەی نەدات کە بەپلەی یەك ئەرکی هێزە سیاسیە ئیسلامیەکان و هێزەکانتری ئاینی وەکو یەکێتی زانایان و گروپ و کەسایەتیە ئاینیەکان بەگشتی کە خوێندنەوەی نوێ و تێپەڕاندنی ڕەهەندە مێژوویەکانی دەقە ئاینی و نەریتە ئاینیەکان بکەن ئەگەرچی کارێکە بوێریەکی زۆری ئەوێت بەڵام دەبێت لەوە تێبگەن ئیسلام تاکە واتایەکی جێگیرو نەگۆڕی نیە کە زەمەن و گۆڕانە ژیاریەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کاری تێنەکات و بەجیاوازی کۆمەڵگاو کەلتور و فرەیی هیچ کاریگەریەکی بەسەر یاساو ڕێساکانی شەریعەتدا نەبێت و بڕوایان وابێت هەر ئەو ئیسلامە چارەسەرە کە هەزار و چوارسەد ساڵ زیاترە هاتووە بۆ ژینگەو کۆمەڵگاو کولتورێکی جیاواز لە ئێستامان، ئەمڕۆ کە ئەو هێزە سیاسیە ئیسلامیانە ڕاگەیاندن و سەرمایەیەکی گەورەیان لەبەردەستدایە بەپلەی یەك ئەرکی

ڕیفۆرم ئەکەوێتە ئەستۆی ئەوان. چەقبەستوی و لاوازبوونی هێزە سیاسیە ئیسلامیەکان کەبانگەشەی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەئەندازەی بەندەکانی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی نێودەلەتی دەکات، لەڕووی پراکتیکیەوە نەك هەنگاوێکیان نەناوە بۆ گۆڕینی عەقڵانیەت و خوێندنەوی جیاوازتر لە تەفسیرە سەلەفیەکان، بەڵکو بەهەمان شێوەی هێزەکانیتری سەلەفی و توندڕەوەکان ڕاڤەو شیکاری دەقە ئاینیەکانیان کردووە هەر ئەو برەودان و تێگەیشتن و خوێندنەوەی پێشینان (السلف)، وەکو ئیسلامی راستەقینەو رەسەن کەباڵی کێشاوە بەسەر سەرجەمی بیروباوەڕی هێزە سیاسیە ئیسلامیەکان گورزی گەورەی لەگەشەکردن و پەرەو پێشچوونیانی داوە لەڕووی گەشەی جەماوەریەوە بەرامبەر بەهێزە نا ئیسلامیەکان، ئەمە جگە لەوەی لەهەر وڵاتێکی ئیسلامیدا ئەگەر هێزێکی عەلمانی راستەقینە دەربکەوێت کەتائێستا دەرنەکەتووە ئەوکاتە هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان ئەبێت بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لەتەختی فەرمانڕەوایەتی بکەن بەو تێگەیشتن و خوێندنەوەیەی هەیانە بۆ حەلاڵ و حەرامەکان و خوداناسی و بڕوابوون بەهەندێ هێڵ، وەکو هێڵی سور ئەگەر نەیگۆڕن بەشتێکی جیاوازترو ئازادانەترو عەقڵانیتر بۆیە ئەبێت چاوەڕێی شکستی گەورەتریش بکەن.

وەکو ئاماژەماندا پێشتر هێزە ئیسلامگەراکانی ئیخوانی بەناو میانڕەو زۆرینەی کادیرە لاوەکانیان بەوە گۆش کردبوو لەڕابردوودا هێزێکی کراوە یاخود ئیسلامیەکی عەلمانین، بەڵام لەسەر ئاستی گوتاری راگەیاندن و پراکتیکیدا هیچیان بۆ نزیکردنەوەی بیری عەلمانی و ئیسلامی نەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە سیاسەتێکی دوالیزمی پێشکەش بە جەماوەرەکەیان بکەن

و لایەنگرانیان توشی سەرلێشێواوی بکەن یان بە مانایەکی تر هێزە ئیسلامیە ئیخوانیەکان خۆیان یەکلانەکردەوە، کە ئایا سەر بە سیستەمی لیبڕالی و بیری مۆدێرنەن یان سیستەمی ئیسلامی تەقلیدین، بەئەندازەی بیرو باوەڕی سەلەفیەکان بۆ هەوادارو کادیرەکانیان؟ بەڵگەشمان بۆ ئەو بۆچوونە ئەوەیە هەموو کادیرە رۆشنبیرەکانیان و نوسەرانی نێو ئەو هێزە، کە هیواو ئاواتیان لەسەر ریفۆرمی ئاینی و کرانەوە بەڕووی ئازادیەکانی تاکەکەس لە شێوەی وڵاتانی خۆرئاواو ئەوروپا هەڵچنیبوو، هەروەها پێیانوابوو هێزێکی ئیسلامی مۆدێرن و جیاوازن و بەفکرو سیستەمێکی جیاواز لە سیستمی ئیسلامی تەقلیدی کاردەکەن، زۆرینەیان وازیان لەو هێزە ئیسلامیانە هێناو چوونە نێو هێزە نیمچە عەلمانیەکان، بۆنموونە لەکوردستان چوونە نێو بزوتنەوەی گۆڕان کە بە واجیهەیەکی ئیسلامی خەبات و ململانێی سیاسی هێزەکانی دەسەڵات دەکات لەهەرێمی کوردستان بەو پێیەی کە هەوڵ بۆ گۆڕینی هیچ یاسەیەکی نەگۆڕی ئیسلامی ناکەن یاخود رژانە سەرشەقامەکانی جەماری میسری دژ بە مورسی کەبەشێك لەدەنگدەرەکانی ئەو هێزەسیاسیەی مورسی خەڵکانی نائیسلامی بوون و پێشتر بڕوایان وابووە کە مورسی وەك هێزێکی سیاسی ئیسلامی کار بۆ بەدیهێنان و بەرقەرارکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکات کەچی دواتر هەموو هەوڵەکانی بریتیبوو لە بەئیخوانکردنی جومگە هەستیارەکانی دەسەڵات سیاسی یان رونتر بڵێین بەئیسلامکردنی دەسەڵاتی قەزاو دەستور...هتد.

ئەوەی کە خاڵی جەوهەریە بۆ پاشەکشێی هێزە ئیسلامگەراکان بەگشتی و بەتایبەت هێزێکی بانگەشەکەری میانڕەوی بڕوانەبوونە بە دیموکراتی و ئازادیەکانی تاك لەڕووی

پڕاکتیکیەوە، کە هیچ تێکۆشانێکیان بۆ نزیککردنەوەی ئاین و سیستەمی عەلمانی نەکرد بەڵکو بانخواز و کادیرە باڵاکانیان هەروەك هێزە سیاسیە سەلەفیەکانی تر لەدەزگا ڕاگەیاندنەکانیان بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەخۆ سیستەمی عەلمانیان بەسیستەمێکی دژە ئاین و پەراوێزخستنی ئاین وێناکردوە، ئەو دژایەتیکردنی عەلمانیەت و هێرشکردنە سەری لەلایەن گوتاری هێزە ئیسلامیەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەلایەك سیستەمی عەلمانیەت کاریگەریەکانی گوتاری دینی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا کاڵدەکاتەوە، لە لایەکیتریش ئەو دەسەڵاتە پیرۆزەی ئاین هەیەتی شلۆق دەبێت و لەدەستی دەدات، کە خۆی وەکو پەیامێکی ئاسمانی بەتاکە هەقیقەت و ڕاست دەزانێت وە بەردەوامیش ئەو هێزە ئیسلامیانە بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەو جۆرە خەباتکردنەی هێزە ئیسلامیەکان لە بیروبۆچوون و فکرە تەقلیدیەی زاناو کەسایەتیە ئاینیەکانی سەردەمانی خەلافەتی ئیسلامیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە نابێ هیچ یاساو ڕێسایەك لەسیستەمی حکومداری وڵاتانی ئیسلامیدا حکوم بکات، جگە لەشەریعەتی ئیسلامی کەسەرچاوەکەی دەقە ئاینیەکانی ئیسلامە، ئەم تێگەیشتنە سەقەتەی ئیسلامگەراکان لە سیستەمی حکومڕانی و دەوڵەتداری تەنهاو تەنها لە تێنەگەیشتنی ڕەهەندە مێژوویەکانی دەقە ئاینییەکان سەرچاوەی گرتووە.

ترس لە سیستەمی عەلمانیەت و پێناسەکردنی ئەو چەمکە بە بێدینی و دژە دین لە لایەن بانگخوازو کادیرە باڵاکانی هەم حزبی میانڕەو هەمیش توندڕەو تا ئەم چرکەساتەش هەر بەردەوامی هەیە، هەربۆیە لاوازبوون و دابەزینی ئاستی جەماوەریشان ئاساییە و چاوەڕوانکراوە هەرکاتێکیش توانیان لەژێرەوەی

چینەکانی کەلەپوری ئیسلامی لایەنە ڕۆشنگەریەکان دەربهێنن، هـەروەك لە سەدەی سێ و چواری كۆچی بوونی هەبووە و كۆمەڵێك بزوتنەوەی فیكری و فەلسەفی ئاینی ئەنجامیانداوە ئـەوە ئەو هێزە ئیسلامگەرایە دەتوانێت ریفۆمی ئاینی و دەرچوون لەو باوەڕە تەقلیدی و دۆگماییەی ئێستا بەئەنجام بگەیەنێ و پێ بنێتە نێو جیهانی مۆدێرنەو عەلمانیەت. بەڵام نە لەسەر ئاستی تیۆری و نە پراكتیكیش بچوكترین تروسكایی هەوڵدان بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەركە نابینین ئەمەیە بەبڕوای من هۆكارە سەرەكیەكەی شكستی ئیسلامگەرا، بەتایبەت ئەو هێزە ئیسلامیەی بانگەشەی دیموكراتیەت و ئازادی و میانڕەوی دەكات لەڕوكەشداو ژێرەو ژێریش هەمان ئەو هێزە ئیسلامیانەن، كە بـەڕوون و ئاشكرا بانگەشەی دەقگەرای و گەڕاندنەوەی خەلافەت و یاسا كۆنەكانی ئاینی دەكەن بەبێ ئیجتیهاد و ریفۆرمێكی گشتگیرو نوێ.

كاتێك گەشەكردنی هەر هێزێكی سیاسی خۆی لەبەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەكان و دابینكردنی ماف و خزمەتگوزاریەكان و ئازادی و....هتد دەبینێتەوە كە تەنها سیستەمێكی عەلمانی دەتوانێت ئەو ئەركە بەجێ بهێنێت، ئیسلامی سیاسیش ئەو سیستەمە بەدژە ئاین و لادان لە یاساو ڕێساكانی شەریعەتی ئیسلامی پێناسە بكات، ئیتر دەبێت لاوازبوون و پوكانەوەی ئەو هێزە ئیسلامیانەش شتێكی چاوەڕوانكراو بێت. زۆر گوێبیستی ئەو پرسیارانە دەبین هەم لە سیاسیە ئیسلامیەكان و هەمیش خەڵكانی ئاسایی ئیسلامی كەناوەڕۆكەكانی پرسیارەكانیان سەبارەت بە تێزەكانی تایبەت بەڕیفۆرم و گونجاندنی لەگەڵ بەشێكی زۆری یاساو پرنسیپەكانی ئاینی ئیسلامە، دەپرسن ئایا

مەبەست چییە لەگۆڕینی ئەو پرنسیپ و میکانزمە تەقلیدیەی یاسا و ڕێساکانی ئیسلام بەشتێکیتری نوێ و گونجاو؟ چۆن دەکرێت دەستکاری یاسا نەگۆڕو جێگیرەکانی شەریعەت بکرێ؟ ئایا دەسکاریکردنی پرسیپەکانی شەریعەت و کارو گوتاری پێشینان (السلف) واتای دەستکاریکردنی دەقەکانی قورئان نییە؟ ئەگەر شەریعەت وەربگرینەوە یان بیگۆڕین بەیاسایەکی مرۆیی ئیتر ئیسلام چی بۆ دەمێنێتەوە؟ ئایا هیچ دەقێك هەیە پێمانبلێت یاساکانی شەریعەت رەهەندێکی مێژوویان هەیە؟ واتا تەنها بۆ زەمەن و مەکانێك لەمێژوودا کاریان پێکراوەو لەئێستا دەبێت لەشوێیدا یاسایتر دابهێنین؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لای سیاسیەکانی ئیسلامی هەمیشە وەڵامێکی خەیاڵاوین بەبەڵگەی ئەوەی ئەمڕۆ لەهیچ وڵاتێکی ئیسلامی بەڕێژەی نەك سەد دەر پەنجا کاری پێناکرێت، بەڵکو ئەو رێژە کەمەی کەکاریشی پێدەکرێت بەپێی مەزهەب و ڕێبازی هەندێ تاکە کەسە کەخودی ئەو کەسایەتیە سیاسیانەی نێو هێزە ئیسلامیەکان بەلادەر لەئیسلام و دژ بەئاینی ئیسلام لەقەلەمی دەدەن*بۆ نموونە ڕێکەوتنی بنەماڵەی ئالسعود لە سعودیە لەگەڵ بنەماڵەی محمد عبدالوهاب بۆ حکومکردن لەوڵاتی سعودیە کە هەردوو شاری پایەداری ئیسلامی مەککەو مەدینەیان تێدایە بەردەوام ئەو حکومداریەی سعودیە بەلادەرو دژە ئیسلام و تاغوت وەسف دەکەن. یاخود دەوڵەتی ئێران کە یەکەم تەجروبەی دەوڵەتداری ئیسلامی سیاسیە دوای ڕوخانی خەلافەتی عوسمانی بەلای سوننی مەزهەبەکانەوە (رافیزەن) و دوورن لەبنەماو یاساکانی ئاینی ئیسلام، تورکیا و وڵاتانیتری ئیسلامیش لەسەر ئەمری واقیع هیچ یاسایەکی شەریعەتی ئیسلامیان تێدا جێبەجێ ناکرێت ئیتر هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی

شەریعەتی ئیسلام بەمیتۆد و میکانیزمەکانی (ئەهلی سوننەو جەماعەت) یاخود بەڕێبازی پێشینان (السلفیون) کەوتنە نێو جۆرێك لەخەیاڵ یان خەیاڵکراو نییە؟ راستە ئاین هەژموونی بەسەر کۆمەڵگا ئاینیەکاندا هەیە بەڵام لەهیچ شوێنێکدا تەواوی یاساکان حکوم ناکات دەپرسین بۆچی؟ لەوشوێنانەی کەهێزێکی وەکو قاعیدەو تالیبان لە ئەفغانستان جێبەجێی دەکرد بینیمان بەچ دەردێك چوو لەلایەن خەڵکی ئەو وڵاتە بەپاڵپشتی وڵاتە زلهێزەکانی نائیسلامی لەنموونەی ئەمریکاو بەریتانیان و....هتد *یان ئەو نارەزایەتی و بێزاریەی خەڵك لەژێر دەستی گروپی (داعش) لە بەشێکی وڵاتی سوریا و عیراق کەدەقە شەرعیەکان وەکو 1400 ساڵ بەرلەئێستا جێبەجێ دەکات دەپرسین بۆچی خەڵکی رەتیدەکاتەوە؟ بەڵام وەك (د.محمد ئارگۆن) و (نەصر حامد ئەبو زەید) (د.محمد مجتهد الشبستری و د. سروش و... هتد) دەڵێن ئایا ئەو فوقەها و پیاوانی ئاینیانە کێن و نوێنەرایەتی چی دەکەن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە وەڵامە بۆ پرسیارەکانی پێشوتر کە لەلایەن هێزە سیاسەکان و بانگخوازو پیاوانی ئاینیەوە دەکرا کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی زمان و ئەو تەئویل و تەفسیرانەی هێزە کۆمەڵایەتیەکان دروستیانکردووە، ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی کە بەردەوام لەململانێدابوون لەپێناوی کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانی سیاسی و دواتر دەستگرتن بەسەر فکردا. *هەربۆیە دەستگرتن بەدەقێك بەماناو تەفسیرو لێکدانەوەی پێشینان یان بارودۆخێکی زەمەنی دیاریکراوی کۆن، خەیاڵە کە پێیوابێت پشتی بەئیرادەبەستووە، واتە کەوتنە نێو جۆرێك لەخەیاڵە هەر بۆیە خوێندنەوەی رەهەندە مێژوویەکانی دەقە ئاینیەکان گرنگە بۆ تێپەڕاندنی دەقەکان و داهێنانی

یاساو شەریعەتێك كە گونجاو بێت لەگەڵ ویستی كۆمەڵگاو بەدیهێنانی ئامانجەكانی زۆرینەی تاكەكان، ئەمەش تەنها بەهەستكردن و تێگەیشتن بەو زەمینەو پەیوەندیە كۆمەڵایەتیانە دەبێت كەزەمینەیان بۆ ئاینی ئیسلام خۆشكرد و وایكرد گەشە بكات پێش چواردە سەدە بەر لەئێستا، كەفاكتەری هەرە گرنگ لەگەشەو فراوانبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی بەدرێژایی مێژووی دروستبوون و سەرهەڵدانی فاكتی ئابووری و نایەكسانی چین و توێژەكان بووە، كە ئەو فاكتانە بەتایبەتیش ئابوری ئەمڕۆ نەك تەنها بۆ هێزە ئیسلامیەكان بەڵكو بۆ هێزە نائیسلامیەكانیش هەر ڕاستە كە گەشەكردن و فراوانبوونی دەسەڵات و گەشەكردنیان و بەرزكردنەوەی لایەنی ئابووری تاكەكانی كۆمەڵگاو گەشەی ئابووری كۆمەڵگایە. چونكە ئەمڕۆ بەرژەوەندیەكانی مرۆڤ خۆی لەبەرەو پێشوەچوونی ئابووری و بەدەستهێنانی ئازادی زیاتر دەبینێتەوە بەپلەی یەكەم گە گومانمان نیە بەهیچ شێوەیەك خۆگرێدان بەدەقگەرایی و (سەلەفیەت) بڕوابوون بەزۆرێك لە ئەحكام و یاساكانی شەریعەت كە ناكەونە ژێر گاریگەری گۆڕانە ژیاری و ئابووریەكانی جیهان و هەر دەبێت بەنەگۆڕی بمێننەوە مومكین نییە گەشەكردنی هیچ هێزێكی سیاسی ئیسلامی بەئاراستەی پۆزەتیڤ بێت هەم لە ڕووی جەماوەریەوە هەمیش لەڕووی بەرهەمهێنانی فیكرێكی دروستەوە، ئەگەرچی بانگەشەی ئازادیش بكات بەپێوەرو بەندەكانی جاڕنامەی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و بانگەشەی بڕوابوون بە دەستاودەستكردنی دەسەڵات بەمیكانزمی دیموكراتیەت و هەڵبژاردن، ئەمە جگە لـەوەی وڵات نە گەشەی ئابووری بەخۆیەوە دەبینێت وە نەئازادی زیاتریش بۆ تاكەكان فەراهەم دەكات.

ئەگەر هێزە سیاسیە ئیسلامیەکان و کەسایەتیە ئاینیەکان خۆیان لەکۆت و بەندی زمانەوانی و دەروونی و دەقگەرایی رزگار نەکەن مەبەستیشمان لەخۆرزگارکردنی فشارە زمانەوانی و دەرونیەکان پەسەندکردنی رێبازی (موعتەزیلەکان) نیە کە زۆرجار ئەو بیرو بۆچوونانەمان بەپاڵپشتیکردنی فکرو میتۆدی موعتەزیلەکان تۆمەتباردەکرێ و تا هەنوکەیش زۆرینەی موسوڵمانانی ئیسلام واتێگەیەنراون کە ڕێبازی موعتەزیلەکان خۆجیاکردنەوەیە لە ئوممەی ئیسلام و لادانە لەئیسلام کە لەبنەماشدا ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵیان زۆر دوورە لەڕاستی و دروستی فکرو فەلسەفەو میتۆد و تێزو ڕێبازی موعتەزیلەکان کە خۆیان تەرخانکردبوو بۆ چارەسەرکردنی بەشێکی زۆری ئەو کێشانەی ئەمڕۆی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان لەسایەی سەلیفیگەرای دووچاری بوون کە ئێرە جێباسی ئەو نوسینەمان نیە. بەڵام مەبەستمانە کە بڵێین با هێزە ئیسلامیەکان ئیتر واز لەوە بهێنن کەتوانای وەرگرتنی دەسەڵات و توانای بەڕێوەبردنی وڵاتیان هەیە بەڕێگاو میکانیزمی دیموکراتی و هەڵبژاردن ئەگەر هەنگاو بەرەو ڕیفۆم و هەموارکردنەوەی یاساکانی نەنێن

لەڕاستیدا سوربوونی هێزە ئیسلامیە توندڕەوکان لەسەر گۆڕینی سیستەمی حکومڕانی بەزەبرو زەنگ هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ هەڵگرتنی هەمان دروشم لەلایەن هێزە بەناو میانڕەوەکانی ئیسلامی چ لەکوردستان یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان باشتروایە بڵێین ئیخوانیەکان ناکۆکی نێوان میانڕەوەو توندڕەوەکان ناکۆکیەکی سەرەکی و تێگەیشتنێکی فکری و فەلسەفی جیاواز نیە بۆ ژیان و دەقەکانی ئاین ئەگەر هەشبێت هێندە لاوەکیە لەپەراوێزدایە بەڵکو ناکۆکی و جیاوازیان تەنها لەسەر میکانیزمی

جێبەجێکردنەکەو ماوەی گۆڕینیەتی، واتا کاتی ڕەخسانی هەلومەرجە بۆ جێبەجێکردنی یاساو شەریعەتی ئیسلامی بەهەمان میتۆدی زیاتر لەهەزارساڵ بەرلەئێستا یاخود بەمیتۆدی سەلەفیەت، هەوڵی هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکان بۆگۆڕینی سیستەمێکی نائیسلامی و عەلمانی بۆ سیستەمی خەلافەت زۆر زەق و ئاشکراو ڕوونە کەزەبرزەنگ بەکاردەهێنن بۆگۆڕین، ئەوەی هێزە میانڕەوەکانیش ژێرلێوەو شاراوەیە یاخود چاوەڕێی ڕەخسانی هەلومەرجێکی لەبار دەکەن وەك ئەوەی لەوڵاتی میسر بەهاتنە سەرحوکمی مورسی بینیمان، هەر ئەو هەوڵ نەدانە بۆ ڕیفۆرمی ئاینی لەڕەگ و ڕیشەوە لەلایەن ئیخوانیەکانی وەکو یەکگرتوو لە باشوری کوردستان یان میانڕەوەکان بۆ گۆڕینی یان دەرهێنانی ئاینی ئیسلام لەقاڵبە تەقلیدەکەو هەنگاونان بەرەو ئیجتیهادێکی نوێ و جیاواز لەفوقەهاو زانایانی سەدان ساڵ بەرلەئێستا تاکە هۆکاری جەوهەری و بنەڕەتیە بۆ پاشەکشێی ئەو هێزە ئیسلامیانەو لەڕیشە هەڵکێشانی هزری توندوتیژی ئیسلامی سیاسی و دوورخستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لەهزرە توندوتیژیەکە. گومانیش نیە ئەم بیروباوەڕە سەلەفیە تەقلیدیەی هەزاران ساڵ بەرلەئێستا گیروگرفت لەگەڵ زۆرینەی کۆمەڵگاکانی جیهانی ئیسلامی دروستدەکات چونکە بەشێکی زۆری یاساکانی شەریعەت بەم فۆڕمە کلاسیکی و تەقلیدیە لەگەڵ جاڕنامەی بەندەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی یەکناگرێتەوەو دژ بەیەکن کە ئەمڕۆ تاکەکانی سەرجەم کۆمەڵگاکانی جیهانی ئیسلامی بەئاگان لەبەندەکانی مافی مرۆڤ و بەهۆی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو کە ئەو هەڵەی ڕەخساندووە بۆ تاکێك بتوانێت بەراوردو جیاوازی سیستەمە

عەلمانیەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی خۆرئاواو ئەوروپا بکات لەڕوی خۆشگوزەرانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئازادی ژیان و..هتد، ئەمە خاڵی هەرە سەرەکیە کەهەمیشە هێزە سیاسیە ئاینیەکان و بەتایبەت ئیسلامیەکان خاوەنی نوخبەیەکی کەمی چین و توێژەکانی کۆمەڵگان و ناتوانن زیاتر لەوەی کەهەیانە بەرەو پێشەوە بچن. ئەمڕۆ ئەوەی تاکێك داوای دەکات زۆر زیاترە لەوەی هێزێکی سیاسی ئیسلامی پێیدەدات بەهزرێکی خوداناسیانەی تەقلیدی،.هەر لێرەوەیە کاتێك هێزێکی سیاسی ئیسلامی ناتوانێت بچوکترین ئیجتیهاد ودەستکاری یاسا بکات یاخود بچوکترین بوێری تێدا بەدیناکرێت و هەمان گوتاری پێشوتری زانایان و فیقهیەکانی زیاتر لەهەزارساڵ بەرلەئێستای هەیە و هەمیشە چاوی لەفتواو دەمی زانایانی جیهانی عەرەبی ئیسلامیە ئیتر ناشتوانێت هەنگاوێك لـەڕوی جەماوەریەوە بۆ گرتنە دەستی دەسـەڵات و خزمەتکردنی کۆمەڵگا بڕواتە پێشەوە چونکە تاکێکی ئەمڕۆ زۆرجیاوازە لەتاکێکی هەزارساڵ بەرلەئێستا کە هەمیشە بیری نوێ و ئاینی نوێ ئەگەر جیاوازتر بۆ فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی زۆرینەی کۆمەڵگا هاتبێت ئەوە هێزەکانی پێشخۆی سڕیوەتەوە بەدەر لەبەکارهێنانی زەبروزەنگ.

**ئیسلامی سیاسی و ریفۆرمی ئاینی**

گومان لەوەدا نیە کەلە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان بەگشتی ئاین بەبەشێکی گرینگ و کاریگەر پێناسە دەکرێ هەربۆیە لێرەشەوە پێویستی چاکسازی و ڕیفۆرم پێویستیەکی حەتمی نێو تێکست و گوتاری ئاینی دەبێت کاتێکیش باس لەڕیفۆرم دەکەین لەنێو

ئاینی ئیسلامدا ئەوە مەبەستمان لە گۆڕینی ئەو خوداناسیە تەقلیدی و بڕیارو بڕگە یاسایی و شەرعیانەیە کەڕاستەخۆو ناڕاستەخۆ کاریگەریان لەسەر مۆڕال و هەڵسوکەوتی ژیانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگاو بەروەپێشچوون و نەچوونی باری ئابوری و زانستی و....هتد هەیە.

لەبەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە کەلە ژمارەی (42) ی گۆڤاری ئایدیا تیشکمان خستە سەر سەلەفیەت وەکو سەرەتای دروستبوونی تیرۆرو تۆقاندن و توندیژیی ڕونتر بڵێین داینەمۆی گەشە پێدانی کەلتوری توندوتیژی ئاینی. لێرەش کاتێك باس لەنوێبوونەوەو ریفۆرمی ئاینی دەکەین مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر ئەرکی هێزە سیاسیە ئاینیەکان و هەروەها پیاوانی ئاینی بۆ ریفۆرمی ئاینی ئیسلام.

ڕیفۆرمی ئاینی ئیسلامی واتا ئەڵتارناتیڤی ئەو بیرە ئاینیە توندوتیژەی کە باڵی بەسەر تێگەیشتنی تەواوی ئاینی ئیسلامدا کێشاوە لەزۆرێك لەوڵاتە ئیسلامیەکاندا وەکو ئاینی ڕەسەنی ئیسلامی خۆی بەیان کردووە، لای بەشێکی زۆری موسوڵمانانی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان و نا ئیسلامیەکانیش لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی لەجێبەجێکردنی یاسا توندو تیژەکانیدا داگیرکاریەکاندا، ئەمەش بەهۆی بوونی ڕەگوڕیشەیەکی قورڵی فکری توندوتیژی ئیسلامی لەمێژووی خودی ئیسلام خۆیدا.

گروپە سەلەفیە جیهادیەکان و توندڕەوەکان وایکردووە گشت ڕێکخراوە مەدەنیەکان و مرۆڤ دۆستەکان تەنانەت ئەو هێزە ئیسلامیانەش کە خۆیان، وەکو هێزێکی میانڕەو و ئاشتیخوازو دیموکراتخواز دەرخستووە بێنەدەنگ و لەبەرامبەردا هیوای ژیانێکی ئاشتیانەو پێکەوە هەڵکرد رابگەیەنن، بەڵام سەیریش

لەوەدایە هەر ئەو هێزە ئیسلامیە سیاسیانەی داوای ژیانێکی ئاشتیانەو ئازادی و دیموکراتی و پێکەوە ژیان دەکەن هەڵگری هەمان دروشمی پرۆژەی سیاسی هێزە توندڕەوە جیهادیەکانن کەخۆی لەجێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی دا دەبینێتەوە، لێرەوە پرسیارێك کە کرۆکی توندوتیژ خۆیەتی ئەویش ئەو یاسا و رێسایانەی لەنێو دەقە هەن ئایا جێبەجێکردنی یاساکانی شەریعەت خۆی لەخۆیدا توندڕەوی و توندوتیژ نین؟! ئایا ئەو هێزەی بەزەبروزەنگ دەیەوێت هەموو یاساکان جێبەجێبکات چ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەو هێزە هەیە کەدەیەوێت لەڕێگای هەڵبژاردنەوە بەناوی دابینکردنی ئـازادی و دیموکراتی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان خەڵك کەمەند کێش دەکات و پاشانیش هەمان یاساکانی ئاینی ئیسلام جێبەجیدەکات، هـەروەك گروپێکی وەکو تالیبان و داعش و قاعیدەو...هتد ئەنجامیانداوە؟!.

هێزێکی میانڕەوی سیاسی ئیسلامی بانگەشەی نوێبوونەوەو ریفۆرم و چاکسازی دەکات چیکردووە لەسەرەتای دروستبوونیەوە تاکو ئەمڕۆ؟! ئایا لەبنەمادا بڕوایان بە ریفۆرمی ریشەیی دەقەکان هەیە؟! ئایا لەدیدی ئەو هێزە سیاسیە ئیسلامیانە توانای خۆ نوێکردنەوەیان هەیە؟ ئەگەر هەیانە بۆچی تاکو ئێستا بچوکترین ئیجتیهادمان نەبینی؟!

لەڕاستیدا ئەوەی لەگوتاری ئاینی مینبەرەکان و بانگخوازەکان و راگەیاندنەکانی ئیسلامی هێزە سیاسیەکان دەیبیستین و دەیخوێنینەوە، هـەر هـەمـان خوێندنەوەی سەلەفیە توندڕەوەکانەو تەنها تاکە دێڕێکیشیان تا ئەم چرکەساتە نەزیاد نە کەمنەکردووە با پێمان بڵێن کام کێشەو بابەتی

کۆمەڵایەتی، سیاسی، عەقیدەی، ئەخلاقیان بەبیرێکی نوێی ئاینی چارەسەرکردووە، کام یاسایان لە یاساکانی شەریعەتی هەزارساڵ بەر لەئێستا جیاوازەو گۆڕانیان بەسەردا هێناوە؟! چونکە بەر لەزیاتر لە 1000 ساڵ لەلایەن هەندێ شەرعزان و فەقیهەکانی وەکو شافیعی، مالکی، حەنبەلی و حەنەفی دانــراون. واتا ئــەوەی ئەمڕۆ لەهێزە سیاسیە ئیسلامیەکانی جیهان و کوردستانیش بەتایبەتی دەیخوێنینەوە گەڕانەوەیە بۆیەك بنەچە و یەك فیقە و بەدەستهێنانی یەك ئامانج ئەویش گەڕانەوە بۆ سەلەفیەت، گەڕانەوە بۆ یاساو شەریعەتێکی بەر لە زیاتر لەهەزار ساڵ ڕونتریش بڵێین نەخوێندنەوەی جیهانی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەیەو ئێستامانە، کە بەدیدو بۆچوونی ئەو هێزە ئیسلامیە لەدونیای ئێمەدا چەقیبەستوەو سەردەمی هەنوکەییان گەڕاندۆتەوە بۆ رابردویەکی دێرین و سەرەتاکانی ژیانی کۆمەڵگا موسوڵمانەکان، سەیریش لەوەدایە گروپێکی وەکو داعش کاتێك بەپێی دەقە قورئانیەکان، فەرمودە سەحیح و ڕووداوەکانی شەڕوکوشتاری سەرەتای گەشەکردنی ئاینی ئیسلام دەیـان تاوانی قێزەون ئەنجام دەدات ئیتر سەرجەمی هێزە ئیسلامگەراکان بێ سڵەمینەوە لەفکری ئەو گروپە توندڕەوە لەبازنەی ئیسلامبوون و مرۆڤبوون فڕێ ئەدرێتەوە دەرەوە، بەبێ بەکارهێنانی هیچ تەفسیرو ریفۆرم و خوێندنەوەیەکیتر بۆ هەمان ئەو دەقەی داعشیەکان بەکاریدەهێنن، لێرەویە سەدان گەنج و لاوە جیاوازەکان ئەچنە پاڵ گروپێکی جیهادی توندڕەو. هەموو کارەساتەکەش بەتێنەپەڕاندنی ڕەهەندە مێژوویەکانی دەستپێدەکات کاتێك گروپە سەلەفیە جیهادیەکان بۆ ڕەوایەتی دان وەکو تەفسیری ڕەسەن و دەقی ڕاست و بێ پێچ و پەنا

بەکاریدەهێنن. واتا بزاڤی ئیسلامی سیاسی هەمان خوێندنەوەو ڕاڤەی زانا کۆنەکانی ئیسلام بەکاردەهێنن ئەگەرچی هەندێ دەق هەن کەڕاڤەیتر هەڵناگرن و تەنها یەك مانا بەدەستەوە دەدەن، بەڵام خۆ دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری.... هەزاران ساڵی بەرلە ئێستا فرمانی ئەو دەقـە توندوتیژانە وەلابنرێن و وەکـو دەقێکی مێژوویی سەیربکرێن. *هەرکاتێك هێزە سیاسە ئیسلامیەکان و مامۆستایانی ئاینی کەئەرکی ڕیفۆرمی ئاینیان لەسەرشانە دانیان بەو ڕاستیەدانا کە زۆرێك لەیاساکانی شەریعەت و بیروباوەڕی ئاینی پەیوەستن بەکات و شوێن و قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو ئەوە دەتوانرێت ڕیفۆمێکی ڕاستەقینەو بەرهەمدار بێتەدی بۆیە بەبێ ئەو تێگەیشتنە ئەوە بانگەشەو دروشمی ڕیفۆرم و بڕوابوون بە نوێبوونەوە لەقسەیەکی بەتاڵ لای کەسانی وشیاری نێو کۆمەڵگا شتێکیتر نیە، بۆیە کاتێك باس لەتێپەڕاندنی ڕەهەندە مێژوویەکانی دەق دەکەین ئەوە مەبەستمانە بڵێین ئەو ئاینداریە تەقلیدیەی ئێستای زۆرینەی کۆمەڵگا موسوڵمانەکان و بیروڕای هێزە سیاسی و ناسیاسیەکانی ئاینی ئیسلام (پیاوانی ئاینی) بەگشتی زادەی هەمان فکرو ڕۆحی کۆمەڵایەتی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلامە کەپێویستە ئەو قۆناغانە تێبپەڕێنن و بڕواو متمانەی تەواویان بەخۆیان هەبێت بۆ دەربازبوون لەهەموو ئەوقەیرانە کارەساتبارانەی ئەمڕۆی کۆمەڵگا ئیسلامیەکان و ناوچەی ڕۆژهەڵات بەگشتی هەروەك چۆن خۆرئاواو ئەوڕوپا توانیان تێبپەڕێنن.

به لەبەرچاوگرتنی مێژووی کۆمەڵگا ئەوروپیەکان بەر لە ڕێنسانس و ڕیفۆرمی ئاینی ئەتوانین هەموو کارەساتە ترسناکەکان

و قەیرانەکانی نێو کۆمەڵگا ئیسلامیەکانیش بەهۆی بوونی هێزە سیاسی و ناسیاسیەکانی ئیسلامی توندڕەو میانڕەوی چەقبەستو پێشبینی بکەین، کەهەمان ئەزمونە تاڵەکانی دادگای پشکنینی کڵێسا لەسەدەکانی ناوەڕاست تا دەگاتە پێش جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت پێشبینیبکەین.

ئەوانەی پێیانوایە دادگاکانی پشکنین تایبەتە بە پاپاکانی پێشوی ڕۆما و ڤاتیکان و سەدە تاریکەکانی ناوەڕاست ئەوە هەڵەیەکی گەورە دەکەن. زۆرجار پیاوانی ئاینی و ئیسلامی سیاسی جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت یان پێوستی سیستەمی عەلمانیەت بۆ کۆمەڵگا ئەوروپی و خۆرئاواییەکان ئەبەستنەوە بەو شـەڕو هێرشانەی کڵێسا بۆسەر ڕوناکبیران و کەسانی زانستخواز و لەخاچدانی نوخبە پێشکەوتوخوازەکانی کۆمەڵگا لەکاتێکدا ئەگەر مێژووی هێرش و پەلامارەکانی ئیسلامی سیاسی بپشکنین، ئەوا هیچی کەمتر نیە لەدادگای بشکنینی کڵێسای مەسیحیەت و تیرۆرکردنی بیرمەندە پێشکەوتنخوازەکان لەنێو کۆمەڵگا ئیسلامیەکان، ئەگەر لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بیرمەند و فەیلەسوف و زاناکان دوچـاری ڕاوەدوونـان و سزای توند هاتبن بەدەست کڵێسای مەسیحیەت کە ئێستا کۆتایی پێهاتووە وەك سوتاندن و یاساغکردنی کتێبەکانی (گالیلۆ و دیکارت و سپینۆزا و.....هتد) کە ئێستا لەسایەی ئەو بیرمەندو زانستخواز و گەورە کەسایەتیانە شارستانیەتێکی مۆدێرن و پێشکەوت و ئازادیان بۆ ئەو ئەوڕوپا دروستکرد، ئەوا بەداخەوە سەردەمی دادگای پشکنین لە دونیای ئیسلامیدا تا ئەمڕۆش بەردەوامە هەر لەسەرکوتکردن و یاساغکردنی فکرو فەلسەفەی موعتەزیلەکان و زاڵبوونی سەلەفیەتی ئیبن حەنبەل بەسەرکردایەتی خەلیفە

متەوەکل تا دەگاتە ئەمڕۆ بووەتە هۆی تیرۆرکردن و تۆقاندن و یاساغکردنی چەندین فکرو فەلسەفەو توێژینەوەی بیرمەندانی ئیسلامی هاوشێوەی ئیبن ڕوشد تادەگاتە (ژنە نوسەری بەنگلادیشی تەسلیمە نەسرین) کەداوای پێداچوونەوە بەمافەکانی ئافرەتی کردووە لە ئاینی ئیسلامدا لەچەند کتێبێکی وەکو (بایی سەرشێت، ئەمار مابیبۆلا، منداڵێتیم هەروەها ڕۆمانی لاجا و عاردا) کە بەهۆیەوە دوچاری تەکفیرکردن و دادگایکردن بووەوە لەساڵی 2002 و دادگای بەنگلادیشی سزای ساڵێك زیندانی بەسەردا چەسپاندن و خرایە بەندیخانەوە کەدواتر لەژێر فشاری خۆپیشاندانەکان و هەڕەشەی ئیسلامیە تـونـدڕەوەکـان وڵاتــی بەجێهێشت، نمونەیەکیتری نوسەرو ڕوناکبیری کورد (عبدالخالق مەعروف) کەبەهۆی نوسینی کتێبی (ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواریدا) تیرۆرکرا یان نوسەری کتێبی (الاسلام و اصول الحکم) ی شێخ علی عبدالرزاق و هەروەها نوسەری کتێبی (فی الشعر الجاهلی) ی تەها حسین و ڕۆمانی (أولاد حارتنا) ی نەجیف محفوز و نوسەری کتێبی (ولیمە لاعشاب البحر) ی حیدر حیدر و بیرمەندی گەورەی میسری (فەرەج فۆدە) هەروەها داخستنی دەیان بەرنامەی کەناڵەکان و هەڕەشەی کوشتن و تەکفیرکردنی سەدان کەس لەمینبەری مزگەوتەکان کەبەرنامەی بەبوێری (خۆم) نمونەیەکی زیندووە، بگرە سەدانیتر هەر وەك چۆن دادگای پشکنینی مەسیحیەت لە ئەوروپا مامەڵەی لەگەڵ کردوون بەهەمان شێوەش پیاوانی ئاینی و مەرجەعە ئیسلامیەکانیش مامەڵەیانکردووە لەگەڵ کردوون و تا ئێستاش بەردەوامە.

ئەو مامەڵەیەی دەزگـا ئاینیە جۆراوجۆرەکان لەمێژوودا

کەتائێستا بـەردەوامـە بەربەستێکی گـەورەن لـەبـەردەم نوێبوونەوەو هەنگاونان بەرەو چاکسازی و ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی لە یاسا کەبۆماوەی زیاتر لە 1000 ساڵە وەستاوەو کۆمەڵگا ئیسلامیەکانی توشی دارمان و چەقبەستن و سەدان قەیرانی جۆربەجۆرکردووە کە گەلی کوردیش بەدەر نیە لێی.

هـێـواش هـێـواش پاڵەپەستۆی زیـاتـرمـان دەخـاتـەسـەر و داوای چارەسەری ئەو فکرو تێزە توندڕەوەی ئەمڕۆی هێزە فاندەمینتالیستەکانی ئیسلامی و چەقبەستوی هێزەکانیتری ئاینی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤمان لێدەکات، چونکە هەموو ئەو توندوتیژیەی ئەمڕۆ لەلایەن گروپگەلێکی سیاسی ئیسلامی وەکو (داعش و قاعیدەو نوسرەو بۆکۆ و تالیبان و ئەنسارو.... هتد) ڕوودەدەن تەقینەوەی ئەو بۆمبەیە بەڕووماندا کەلە ئەنجامی شاردنەوەو تەڵبەندکردنی ڕەهەندە مێژوویەکانەوە دەقـەکـان دروستبووە بەبیانووی گـەڕانـەوە بۆ بنەچە و ڕەسەنایەتی و راستی تەنها لە سەلەفیەتدایە. چونکە ئەبێت ئەو هەقیقەتە بزانین کەچیتر تەنها تاکە ئاینێك و مەزهەبێك و فیقهێك چارەسەر نیە چیتر ئافرەت و مرۆڤێکی ناموسوڵمان پلە دوو نیە و دەوڵەتداری و بەڕیوەبردنی کۆمەڵگا لەسەرشێوازی مۆدیرنە لەپێشترە لەبەڕێوەبردن بە شێوازی خەلافەت، ئەوەیشی بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆ بەپلەی یەکەم هێزە سیاسیە ئیسلامیەکان و پیاوانی ئاینین.

(ژیانی کۆمەڵایەتی نوێی مـرۆڤ بـەدەوری گەشەکردنی مرۆڤایەتی هەموو ئاست و ڕەهەند جۆراوجۆرەکان دەخولێتەوە گومان نیە کە موسوڵمانانیشی ناچارکردووە لەگەڵیدا بڕوات بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی و بەردەوامیدان بەژیان هەربۆیە

ئەحکامە فقهیەکان سەبارەت بە حەڕام و حەڵاڵ بۆ ئەو شێوە ژیانە کۆمەڵایەتیە نوێیە ناتوانێت چارەسەر بێت و بەڕێوەی ببات بەهۆی تایبەتمەندبوونی بۆ زەمەنێکی کۆن و پەیوەستبونی بە بنەمای تایبەت بۆ ڕابــردوو، بەڵکو بەڕێوەبردنی تەنها بەمیتۆدێکی زانستی بەرمەجەکراوی واقیعبینانە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەکرێت، ڕەنگە بتوانین لەهەندێ گۆشەی بچووك و سنوردار ئەحکامەکانی فیقهی بۆ حەڕام و حەڵاڵ بەشداری پێبکرێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی نوێ دا، بەڵام ئەوە ئەزانین کە فقە ناتوانێت شیکاری واقیعی کۆمەڵایەتی نوێ بکات، وەناشتوانێت پرۆگرامێك دابنێ بە مەبەستی گۆڕینی ئەو بارودۆخە بەرەو ئاراستەو ئامانجێکی دیاریکراوی باش، وە هیچ هەڵسەنگاندنێکی سیاسیانەی پێنیە بۆ پەندە نوێیەکانی مرۆڤایەتی، بەڵکو زانستی فیقهی ئاینی لە بنەمادا بۆ بەڕێوەبردنی شێوە ژیانی نوێی مرۆڤایەتی و ئامانجەکانی لەئێستادا دروستنەبووە، بەڵکو بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێستا دوای دونیابینی فەلسەفی و زانستەکانی سیاسەت و بەڕێوەبردن و ئابوری و مافەکانی مرۆڤ کەوتووە لەلایەك، لەلایەکیتریش هەوڵی بەدەستهێنانی زانینی بەها سیاسی و مرۆڤایەتیەکانی هاوچەرخ بەمانای ئازادی و یەکسانی و دادپــەروەری کۆمەڵایەتی نوێ دەدات) (10 ) بۆنموونە ئەگەر پرسیار بکەین و بڵێین ئایا مرۆڤێکی دوو سەدە بەر لە ئێستا چۆن دەژیا؟ پێداویستیەکانی ژیانی وەك ئێستا بوو؟ هیواو ئومێدی وەك ئێستا بوو؟ تێڕوانینی بۆ حەڕام و حەڵاڵ وەك ئێستا بوو؟ پێویستی بەچەندێك پارە هەبوو بۆ ئەوەی بەردەوامبێت لەژیان؟ یان خۆش بژیێت؟ پێویستی بەچەند کاتژمێر ئیشکردن هەبوو لە 24 کاتژمێردا هەوڵدان بۆ ئەوەی تەواوی بژێوی ژیانی دابینبکات؟ سەدان و هەزاران شتیتر کە

له دوو سه‌ده به‌ر له‌ئێستا پێویست نه‌بووه‌ ئێستا پێویسته‌ یان به‌پێچه‌وانه‌وه‌ به‌گۆڕانی پێداویستیه‌کان یاساکاننی به‌ڕێوه‌بردنیش گۆڕانیان به‌سه‌ردادێت، هه‌ربۆیه‌ ئه‌گه‌ر بمانه‌وێت ڕیفۆرم بکه‌ین ئه‌بێت پێداچوونه‌وه‌ به‌حه‌ڕام و حه‌لاڵ، باش و خراپ، بکه‌ین ئه‌گه‌ر (ڕیبا) له‌کۆندا مانای ده‌ستاوده‌ستکردنی بڕێك پاره‌ له‌به‌رامبه‌ر وه‌رگرتنی قازانجێك (سو) بوبێ و زه‌ره‌رمه‌ند بوبێت بۆ کۆمه‌ڵگا، ئه‌وه‌ ناکرێت له‌ئێستا هاولاتیه‌کی کرێچی نه‌توانێت بڕێك پاره‌ له‌بانکێك قه‌رز بکات له‌به‌رامبه‌ر پێدانی بڕێك قازانج، حه‌رام بکرێت له‌کاتێکدا مانگانه‌ی کرێچیه‌ك که‌پێویسته‌ بیداته‌ بانکێك زۆر که‌متره‌ له‌ کرێی خانوه‌که‌ی، خۆشه‌ویستی نێوان ژن و پیاو له‌نێوانی دوو ئاینی جیاواز ئه‌گه‌ر هه‌زاران ساڵ زیانی به‌پێگه‌ی سیاسی و کۆمه‌لایه‌تی و ئابووری نێوان ده‌سه‌لاتی ئاینی گه‌یاندبێ که‌ده‌وڵه‌ت ئاینی بووه‌ ئه‌مڕۆ ناکرێت قه‌ده‌غه‌و حه‌رام بێ له‌شه‌ریعه‌تدا که‌ده‌وڵه‌تداری له‌سه‌ر بنه‌مای هاولاتیبونه‌ نه‌ك جیاوازی ئاینی وه‌ سه‌دان نموونه‌یتری فیقهیمان له‌به‌رده‌ستن که‌ پیداچوونه‌وه‌و هه‌موارکردنه‌وه‌ی پێویستن له‌سه‌ر بنه‌مای ڕێزگرتن له‌به‌های مرۆڤ دوور له‌ ئینتیمای ڕه‌گه‌زی و ئاینی.

**په‌راوێزه‌کان:**

1- د. نه‌سر حامد ئه‌بو زه‌ید / ڕه‌خنه‌ له‌گوتاری دینی، وه‌رگێرانی : ئیسماعیل راجی، ل 192

2- هه‌مان سه‌رچاوه‌. ل 193

3- هه‌مان سه‌رچاوه‌ ل 194.

4- سید قطب / الستقبل لهذا الدين. ص 12 / الطبعه الرابعه عشره 1993 دار الشروق

-5 د. نەسر حامد ئەبو زەید / ڕەخنە لەگوتاری دینی. ل 196 وەرگێرانی : ئیسماعیل ڕاجی

6- تەفسیری ڕامان.

7- الراوی: أبو سعید الخدری المحدپ: مسلم - المصدر: صحیح مسلم - الصفحه أو الرقم: 1456

10- د.محمد مجتهد الشبستری : نقد القراوه الرسمیه للدین، ترجمه :احمد القبانجی، ص 25، موسسه الانتشار العربی، الطبعه الاولی 2013.

11- هەمان سەرچاوەی پێشوو. ص 51 52-

**سەرچاوەكان :**


1- تأریخ الشعوب الاسلامیه.

2- الکامل فی التاریخ، ابن الاپیر

3- السلفیه واللیبرالیه، عبدالله البریدی

4- مڤهب المعتزیله من الکلام الی الفلیفه، رشید الخیون

5- بیری ئوسوولی ئیسلامی،خوێندنەوەیەكی سوسیۆلۆجی ڕەخنەیی، فوئاد مجید میسری

6- ڕیشەو بنچینەكانی توندوتیژی ئاینی، سەروەر عەبدولڕەحمان.

7- فەلسەفەی زانستی كەلام، د.حمید عزیز

8- د. نەسر حامد ئەبو زەید / ڕەخنە لەگوتاری دینی، وەرگێرانی : ئیسماعیل ڕاجی

9- قراوه بشریه للدین، د.محمد مجتهد الشبستری، ترجمه احمد قباجی، الطبعه الاولی 2009

10- د.محمد مجتهد الشبستری : نقد القراوه الرسمیه للدین، ترجمه :احمد القبانجی، مۆسسه الانتشار العربی، الطبعه الاولی 2013.

11- قراوه بشریه للدین، د.محمد مجتهد الشبستری، ترجمه احمد قباجی، الطبعه الاولی 2009

# خەلافەتەکەی بەغدادی!

بەهمەن تاهیر نەریمان
مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە ئیسلامی سیاسی

ئەبو مەسعەب زەرقاوی، بەزیندانیکراوی، پێنج ساڵی لە زیندانی (سواقە) ی ئوردن بەسەر برد، ئەمەش لە پای ئەوەی کە پەیوەندیی بە رێکخراوی (بیعە الامام)ەوە هەبوو، ئەم رێکخراوە عاسم محەمەد تاهیر ئەلبەرقاوی (ئەبو محەمەد مەقدسی) لە ساڵی 1992 لە ئوردن دروستی کرد. دواتر بەربوو، روویکردە ئەفغانستان، چووە هەرێمی قەندەهار، لەگەڵ خۆیدا ئەستۆپاکییەکی ئەبو قەتادەی فەڵەستینی(کە ئەوسا لە لەندەن دادەنیشت) پێبو تا باوەڕی پێ بکەن. لەوێ لەگەڵ سەرکردەکانی قاعیدە بەردەوام بوو، توانی لەو ماوەیەدا روخسەت لە سەرانی قاعیدە وەربگرێت و دووسەد هەزار دۆلار وەربگرێت، تا سەربازگەیەکی جیهادیی بەناوی (جند الشام) دروستبکات، دوای چەند مانگێك ناوەکەی گۆڕی بۆ (کۆمەڵەی تەوحید و جیهاد).

ئەم رێکخراوە لە ساڵی 1999 هەوڵی تەقاندنەوەی ئوتێل (رادیسۆن)یان لە عەممانی پایتەختی ئـوردن دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو( بەڵام توانی لە نۆی نۆڤەمبەری 2005 ئەم خەونەی بهێنێتەدی و کارێکی خۆکوژیان لە پرسگەکەیدا ئەنجامدا، بڕوانە:( تفجيرات-عمان.http://ar.wikipedia -org/wiki/_2005 ))، ئیتر لەو کارەوە زیاتر ناسران و ناویان کەوتە ناو دەزگاکانی راگەیاندنەوە. دوای 11ی سێپتەمبەر لە ریزی رێکخراوی قاعیدە و تاڵیبان لە ئەفغانستان، گروپەکەی زەرقاوی ( تەوحید و جیهاد) شەڕی دژی ئەمریکایان دەکرد، بەڵام توشی شکستی گەورە هاتن و بە یارمەتی حزبەکەی قەلبەدین حیکمەت یار( حزبی ئیسلامی) بۆ چەند مانگێك لە ئێران جێگیر دەبن، پاش ماوەیەکی کەم لە کۆتایی ساڵی 2001 بە یارمەتیی گروپی( ئەنسار و لئیسلام)ی کرێکار؛

دەچنە چیاکانی هەورامان. لەبنەڕەتدا ئەنسار و لئیسلام لە بزوتنەوەی ئیسلامییەوە داکەوتن و گروپەکەی مەلا کرێکار( نەجمەدین فـەرەج ئەحمەد) کە باڵێکی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی بوون و ناویان لەخۆیان نابوو( ئیسڵاح) لەگەڵ گروپی(جند الاسلام)ی (ئەبو عەبدوڵای شافعی) لە 10 ی 12ی 2001 یەکیان گرتوو، لە (بیارە) ئەنسار و لئیسلامیان راگەیاند).( بڕوانە: الحلقه المفقوده بین بن لادن و صدام حسین، بقلم ابو سید قطب فاتح کریکار، الطبعه الاولی- 2004، الدار الاندلسیه- لندن، ص245).

کاتێك سوپای ئەمریکا لە دیسەمبەری 2003 هاتە عێراق، زەرقاوی لە (بیارە) بنکەی کۆمەڵەکەی رێکخستبوو، لە لایەن ئەمریکاوە بنکەکانیان بۆردمان کرا، ئەمە یەکەم لێدان و چەخماخەی نێوانیان بوو لە عێراقدا.

هەر لە ئۆگستۆسی 2003، کۆمەڵەی (جیهاد و تەوحید) سێ هێرشی لە عێراق ئەنجامدا، لە 7 ی مانگ لە بەردەم سەفارەتی ئوردن لە بەغداد سەیارەیەکی بۆمبڕێژکراویان تەقاندەوە، 17 کەسی کردە قوربانی، هەروەها لە 19 ی مانگدا خۆکوژێکیان لەناو سەیارەیەکی بۆمبڕێژکراودا لەبەردەم ناوەندی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا خۆی تەقاندەوە، 22 کەسی کردە قوربانی، لەناویشیاندا نێردراوی تایبەتیی نەتەوە یەکگرتوەکانی تێدا بوو. هەر لە 29 ی مانگدا مزگەوتی (ئیمام عەلی) لە نەجەفیان کردە ئامانج و خۆکوژێك بە سەیارەیەکەوە خۆی کرد بەناو مزگەوتەکەدا و خۆی تەقاندەوە و 95 کەس بونە قوربانی، لە ناویشیاندا ئایەتوڵا محەمەد باقر حەکیم، سەرکردەی رۆحیی (مەجلیسی ئەعلا) هەبوو.

ئەم کردانەی گروپەکەی زەرقـاوی، جگە لە ئەمەریکا و ئـوردن( دوژمنی کۆنی زەرقـاوی)، نەتەوە یەکگرتووەکان و شیعەی کردە ئامانج. لێدان لە شیعە پلانێکی وردی ئەم رێکخراوە بوو، ئەوەش بۆ فوکردن بە پشکۆی شەڕی تایەفی لە عێراقدا، کە راستەوخۆ دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئەوان و وزە بەخشین بە گروپە جیهادییەکان. هەر واش بوو، تا ململانێی تایەفی زیادبکات، ئەوان لەڕووی جەماوەرییەوە بەهێزدەبن و ئەو ناوچەیەی داگیری دەکەن وەك موگناتیس وردە موجاهید لەخۆی کۆدەکاتەوە. پێچەوانەکەشی راستە، تا جیهادییە سوننەکان و ململانێی مەزهەبیی زیادبکات، میلیشیا شیعەکانیش زیاددەکەن، واتە دوژمنە مەزهەبییەکان لەسەر شێوەی خۆیان، دوژمنە مەزهەبیەکانی خۆیان دروست دەکەنەوە و ژیانیش بەیەکتری دەدەن، بێگومان مەرگیشیان هەر بەیەکەوەیە.

زەرقاوی؛ هەر پێش ئەوەی لە 7ی یونۆی 2006 بکوژرێت، لە دوایین کاسێتیدا بەرامبەر شیعە وتی:( سەرکەوتن و هەژمون بۆ موسڵمانان بەسەر شەڕکەرە کافرەکانی وەك یەهود و نەسارادا نابێت، تا بەکرێگیراوەکانیان، لەپێش هەمویانەوە( رەوافز) لەناو نەبرێن).

لە نێوان ساڵانی 2004 بۆ 2006، کارە تیرۆرستییەکانی کۆمەڵی جیهاد و تەوحید گەیشتبووە لوتکە، چەندین بیانیان فڕاند و سەریان پەڕاندن، لەناویاندا بزنسمانی ئەمریکی (نیکۆلاس بیرگ) لە ساڵی 2004. ئەم کارانە وایان کرد ئەم گروپە بەهێزتر بن، چەندین گروپی تەکفیری تر، پەیوەندیی پێوەکردن. لە سێپتەمبەری 2004 زەرقـاوی بەشێوەیەکی فەرمی بەیعەتی دا بە ئوسامە بن لادن، لەو ساتەوە ناوی

تەوحید و جیهاد گۆڕدرا بۆ (ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق، یان ڕێکخراوی قاعیدەی جیهاد لە بیلادی رافیدەین).

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیی زەرقاوی و قاعیدە کێشاوی بوو، سەرانی قاعیدە لە ئەفغانستان و پاکستان، بەئامانجگرتنی کەسانی مەدەنی شیعەیان لا پەسەند نەبوو، چونکە لە شکستیاندا لە ئەفغانستان، ئێران بووە فریادڕەسیان و تەنانەت ژمارەیك لە ژن و منداڵەکانی بن لادن ئەو وڵاتە پەنای دان و لەخۆی گرتن. زەرقاوی هەموو کۆمەڵگەی بە فاسد دەزانی و پێی وا بوو دەبێت پاکتاوبکرێن، سەرانی قاعیدە سیستمی فەرمانڕەواییان لا هەڵگەڕاوە بوو، نەك خەڵکی سڤیل، بۆیە پێیان وا بوو بە کوشتنی خەڵکی سڤیل، سومعەی جیهاد لەکەدار دەبێت. هەر یەك لە ئەیمەن زەواهری و جەمال ئیبراهیم ئەشتوی میسراتی( عەتییە الله اللیبی) چەندین پەیامیان بۆ زەرقـاوی لەسەر ئەو بابەتە نارد. لەگەڵ ئەوەی سەرانی قاعیدە دەیان ویست کارەکان هێواشتر بن، کەچی ڕێکخراوی قاعیدەی فعلی لە عێراق وەحشیانەتر تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسوتاند(بڕوانە: تشارس لیستر. تحدید معالم الدولة الاسلامیة، مرکز بروکنز/ الدوحة، دیسمبر/2014).

زەرقاوی توانی سود لە ململانێی شیعە و سونە وەربگرێت، گروپەکەی وەك فریادڕەسی سوننە لە عێراقدا بناسێنێت.

لە 15 ی یەنایەری 2006 ڕێکخراوی قاعیدە لە ئێراق ئەوەی ڕاگەیاند کە لەگەڵ 5 ڕێکخراوی تر تێکەڵبون، ئەوانی ( جیش الطائفە المنصورە، سرایا الجهاد الاسلامی، سرایا الغرباو، سرایا انصار التوحید، کتائب الاهوال) بوون. هەموویان مەجلیسێکیان پێکهێنا بەناوی ( مجلس شوری المجاهدین). ئەمەش هەوڵێك

بوو بۆ یەکخستنی کاری جیهادیی لە عێراقدا.

لە 7 ی یۆنۆی 2006 لە بەعقوبە، زەرقاوی و راوێژکارە رۆحییەکەی ( شێخ عەبدولڕەحمان) کوژران، دوای 5 رۆژ ئەبو حەمزەی موهاجر( ئەبو ئەیوبی میسری) جێی گرتەوە، دوای 4 مانگ مەجلسی شواری موجاهدین (دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی)یان راگەیاند، ئەبو حەمزەی موهاجر (ئەبو ئەیوبی میسری) بەیعەتی دا بە حەمید داود خەلیل ئەلزاوی ( ئەبو عومەری بەغدادی)، گوایە ئەو قورەیشییە. بەبێ ئەوەی ئەم دەوڵەتە هەواداریی خۆی بۆ قاعیدە رابگەیەنێت، ئەمەش لێکترازانێکی تر بوو لەنێوان دایك(قاعیدە)، کوڕ (دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی)دا. بەتێپەڕینی 2010 و 2011 شەبەقی نێوانیان زیاتری کرد.

ئامانج لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی، ورد بوو، بەشێوەیەك ئەم هێزەی لە گروپێکی یاخییەوە کرد بە هێزێکی سیاسیی کارا و بەرپرس لە بەڕێوەبردنی جوگرافیای ژێر دەستیدا. ئەم دەوڵەتە لە کۆتاییەکانی 2006 رێژەیەکی زۆر پارە( لە نێوان 70 بۆ 200) هەزار دۆلاری ئەمریکی ساڵانەی بەدەستدەهێنا، ئەمەش لە بە قاچاغبردنی نەوت و سەرانە و فرۆشتنەوەی دیلەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەم دەوڵەتە پێی وابوو لەناوچە سوننەنشینە عەرەبییەکەیدا زۆرینە پشتگیریی دەکات، بۆیە جوگرافیایەکی زۆری کۆنترۆڵکرد، دواتر دەرکەوت ئەمە زێدەڕۆیی بوو، چونکە بەهۆی ئایدیۆلۆژیا توندەکەییەوە نەیتوانی ببێتە هێزێکی جەماوەری.

لە سەرەتای 2007 هێزەکانی (سەحوة) لە سوننەی عەرەب، بە پشتگیریی ئەمریکا و حکومەتی عێراقی دروستکران،

تا کۆتایی 2008 بەتەواوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق لاوازکرا، بەڵام ئەمە بەردەوام نەبوو، هەر بە دەستپێکردنی کشانەوەی ئەمریکییەکان لە عێراق لە یۆنیۆی 2009ەوە بۆ ئۆگۆستۆسی 2010، هێزی سەحوەکان لەلایەن حکومەتەکەی مالکییەوە پشتگوێخران و نە چەکیان پێدەدرا و نە موچەیان بۆ دەناردن. لە لایەکی تریشەوە دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق خۆی رێکخستەوە و لە جێی ئەوەی قورسایی خۆی بخاتە سەر ئەنبار، زۆربەی هێزەکانی خۆی گوێزایەوە بۆ ناوچەکانی موسڵ. بەهۆی دابەشبونە نەتەوەی و دینییەکانی موسڵ و پشتگوێخستنی سەحوەکان و زیادبونی ململانێی سوننە و شیعەوە، دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی ژیانی پێداهاتەوە، بەشێوەیەك تا کۆتایی 2010 دەوڵەتی ئیسلامی وای لێهات بۆ راکێشانی گەنجە سوننەکان، دەیتوانی لەو موچە(300) دۆلارییە زیاتر بدات بە موجاهیدەکانی کە لەڕیزی سەحوەکاندا وەری دەگرت.

دوای ئەوەی ئەبو عومەری بەغدادی دەبێتە کەسی یەکەم و ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی، لە رووی شەرعی و راگەیاندنەوە کاری زیاتر بۆ دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی دەکرێت، رەچەڵەکی ئەم کابرایە دەبرێتەوە بۆ قورەیش و لە ئەقڵی دەقپەرستەکاندا، ئەمە یەکلابۆتەوە، چونکە پشتئەستورە بە حەدیسی(الأئمە من قریش). کە ئەبو عومەری بەغدادی و یارمەتیدەرەکەی (ئەبو ئەیوبی میسری) بەهۆی بۆردومانی ئەمریکییەکانەوە لە 18 ی ئەپرێلی 2010 کوژران، ئەبو بەکری بەغدادی جێی گرتەوە، کە ئەمیش لە حەسەنی کوڕی عەلییەوە خۆی بە نوتفەی پێغەمبەر و قورەیشی دەزانێت. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پێش ئەبوبەکری

بەغدادی، هەر لە لابردنی ئەبو ئەیوبی میسری و دانانی ئەبو عومەری بەغدادییەوە، کار بۆ ئەوە کراوە رەچەڵەکی یەکەم بەرپرسی ئەم رێکخراوە بەناو دەوڵەتە ببرێتەوە بۆ قورەیش و رووکنێکی خەلیفە، کە قورەیشیبوونە، بهێنرێتەدی، ئەمەش بەتەواوەتی؛ خۆ ئامادەکردن بوو بۆ راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی.

خلیجییە عەرەبەکان لە دوای کوژرانی ئوسامە بن لادن لە 2ی مایۆی 2011، لە ململانێیەکی تونددان لەگەڵ ئەیمەن زەواهیری بۆ گرتنەدەستی زەعامەتی قاعیدە و سەندنەوەی لە میسرییەکان، چونکە لە سەلەفییەتی خلیجیدا ئەوە یەکلایی بۆتەوە کە دەبێت خەلیفە لـەوان بێت، (عبد الرحمن النعیمي) کە سەلەفییەکی قەتەرییە و دەستی زۆری هەبووە لە پارەدارکردنی قاعیدە و بەرەی نوسرە و دواتریش داعش، لەسەر ئەم مەسەلەیە وتویەتی: (چەند میسری لە جیهادی جیهانیدا هەن؟ چییان هەیە تا ئەیمەن زەواهیری وەك میراتگری تاك و تەنهای بن لادن هەڵسوکەوت بکات؟ دەبێت هەموان ئەوە بزانن خەلافەت بۆ عەرەبە و لەناو ئەوانیشدا بەدیاریکراوی بۆ خلیجییەکانە، بۆ میسری، شامی و مەغریبییەکان نییە داوای بکەن). بڕوانە: ( داعش، الکتاب الاسود، فادی ولید عاکوم، القاهرە، دار املی للنشر و التوزیع، 15 سبتمبر 2014، ص18). دوای ئەوەی زەواهیری ملی نەدا بە خلیجییەکان، ئەوان هاتن و داعشیان لێجیاکردەوە و پڕ پارە و پڕ چەکیان کرد، لەوێشەوە جیهادگەراکان روویان لەم رێکخراوە دەوڵەمەنەدە بە ئیمتیاز خلیجییە کرد، هەر بۆیە، دەبینین لە دوای کوژرانی زەرقاوی (ئوردنی) و کاتێك دوای 5 رۆژ ئەبو ئەیوبی میسری( ئەبو حەمزەی موهاجر)، کە

کەسێکی میسری بوو و ناوی راستەقینەی خۆی (عبد المنعم عز الدين علي البدوي (1968م - 2010م)) بوو. ( بڕوانە: http://ar.wikipedia.org/wiki/أبـــــو_حمزە_المهاجر) دەکرێتە جێگرەوەی، کەچی دوای 4 مانگ مەجلسی شواری موجاهدین دێت و (دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی) رادەگەیەنێت، هەر لەڕێی ئەم شورایەوە ئەبو حەمزەی موهاجر( ئەبو ئەیوبی میسری) لادەبات و حەمید داود خەلیل ئەل زاوی( ئەبو عومەری بەغدادی)، دەکرێتە کەسی یەکەمی ئەم دەوڵەتە، ئیتر لێرەوە خەلافەت دەکەوێتە دەست خۆبەقوڕەیشی زانەکان( ئەبو عومەر و ئەبو بەکر). هەر بۆیە دەکرێت سەرکەوتنە مەیدانییەکانی داعش بەسەر بەرەی نوسرەدا، بە سەرکەوتنی خلیجییە جیهادییەکان بەسەر جیهادییە میسری و ناخلیجییەکاندا وەسفبکەین.

کۆتایی 2009 چالاکییەکانی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی بەرەو بوژاندنەوە چوو، لە 2011 زۆر زیاتر هەڵکشا، بۆ نمونە تەنها لە رۆژی 15ی ئۆگستۆسی 2011 لە 35 شوێنی عێراقدا کردەوەی تیرۆرستیان ئەنجامداوە، کە زۆربەیان لە بەغداد ئەنجامدران. ئەم کردەوانە تەنها بۆ زیان گەیاندن نەبوو بە سوپای عێراقی، بەڵکو بۆ داڕوخانی ورەی سوپاش بوو. ورەی چەکدارانی ئەم گروپە بەشێوەیەك لە 2012 بەرزدەبێتەوە، بیر لەوە بکەنەوە کە حەملەی (هدم الاسوار) دەستپێبکەن بۆ شکاندنی چەندین زیندانیی گەورەی عێراقی، ئەوەبوو 8 هێرشیان ئەنجامدا و لە زیندانیی (تسفیرات)ی تکریت 47 سەرکردەی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق رزگارکران، کە هەموویان فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووبوو، دوایین هێرشیشیان بۆ سەر زیندانیی ئەبو غرێب بوو لە 12 ی

یۆلیۆی 2013، توانیان 500 زیندانی رزگاربکەن، کە زۆربەیان بونە وزە بۆ ئەم رێکخراوە.

لە ساڵانی 2012 بۆ 2013 تا هێرشکردنە سەر موسڵ کاریان لەسەر هەرەسپێهێنانی ورەی سوپاو دامودەزگاکانی ئاسایشی عێراق بوو، ئەم هێزە تیرۆستیانە ستراتیژێکیان پەیڕەوکرد کە ناویاننابوو(چنینەوەی سەربازەکان)، کە چالاکییەکانیان خۆی لە غافڵکوژی و کوشتنی رووبەروو و هەڕەشەکردن و تەقاندنەوەی ماڵیان و هێرشکردنە سەر خاڵەکانی پشکنین و هاوشێوەکانیان دەبینییەوە. لەم ماوەدا چالاکییەکانیان لە سەدا 150 زیادی کرد. لەو سێ ساڵەی پێش داگیرکردنی موسڵ، بەتەواوی کەشێکی پڕ ترس و بیمی وایان خوڵقاندبوو کە دەکرێت بڵێین: کەوتنی موسڵ بەو شێوە دراماتیکییە، رووداوێکی چاوەڕوانکراو بوو،رووداوێك بوو دوای شکاندنی شکۆی سوپای عێراقی، ئەو درامایە روویدا.

لە 15ی مارسی 2011 سوریا شۆڕشی دژی ستەمکارییەکانی بەعسی ئەسەدی دەستی پێکرد، هەر زوو دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی، بیری لەوە کردەوە کە ئاژاوەی سەر گۆڕەپانی سوریا بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت، ئەوەبوو لە دوای 5 مانگ بەسەر شۆڕشدا، ئەبوبەکری بەغدادی سەرکردەی کردە سەربازییەکانی خۆی لە موسڵ( ئەبو محەمەد جولانی) نارده سوریا، لە ئۆگۆستۆسی 2011 لە حەسەکەی سەروی رۆژهەڵاتی سوریا، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی خانە جیهادییەکانی خۆیان، هەروەها بۆ شێواندنی دۆسییەی سوریا، حزبی بەعسی سوریا، هەموو ئەو جیهادییانەی بەردا کە لە زیندانییەکانی خۆیدا بوون، زۆربەیان پەیوەندییان کرد بە ( ئەبو محەمەد جولانی)، ئیتر جولانی توانی هێزە

جیهادییەکان کۆبکاتەوە و لە 23 ی یەنایەری 2012 بەناوی (جبهە النصرة) خۆیان ڕاگەیاند و ئێستا نزیکەی 7000 جیهادیی هەیە. لە خواروی سوریا لە ناوچەکانی دیمەشق و دەرعا لە سەرویش لە ناوچەکانی ئەدلەب و حەڵەب چالاکیی بەرچاویان هەبوو، سەرکەوتنە گەورەکانی گرتنی دوو سەربازگەی گەورەی سوریی بوو، کە یەکیان سەربازگەی (هنانو) لە حەڵەب بوو لە سێپتەمبەری 2012، دووەمیان قاعیدەی ئاسمانیی (تفتناز) بوو لە ئەدلەب، لە 11ی دیسەمبەری 2013، (تشارس لیستر. تحدید معالم الدولە الاسلامیە، مرکز بروکنز/ الدوحە، دیسمبر/2014).

ئەبوبەکری بەغدادی هەوڵیدا ئەم سەرکەوتنانە بکات بە سەرکەوتنی ڕێکخراوەکەی خۆی، بۆیە لە 9 ی ئەپرێلی 2013 بەغدادی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی گۆڕی بە (الدولة الاسلامیة في العراق و الشام- داعش یان بە ئینگلیزی(isis))، بەڵام جولانی هەر زوو ئەو بڕیارەی قبوڵنەکرد و ئەم دوو ڕێکخراوە لەسەر هەژمون، بنەمای دینیان بۆ یەکتر تەکفیرکردن داتاشی و کەوتنە چەندین جەنگی مەزهەبیی دژ بە یەکەوە.

سەرکەوتنەکانی داعش لە عێراق؛ هێزی لە سوریاش مسۆگەرتر کرد، لە یەنایەری 2014 ئەو بارە نائاسایشەی ناوچە سوننە نشینەکانی عێراق، باری ڕەخساند تا لە زۆربەی ئەنبار و فەلوجە و چەندین ناوچەی ڕومادیی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، لە ئەنبارەوە بەدرێژایی سنوری سوریا، داعش دەستی کرایەوە بۆ هاتوچۆ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، ئیتر لە ئەپرێلی 2014 ەوە لەناوچەکانی دەیرزور و ڕۆژهەڵاتی سوریاوە لە حاڵەتی بەرگرییەوە چووە حاڵەتی هێرشبردن.

ئەم هێزە بە ئاسانی هێزەکانی و ئامێرە سەربازییەکانی بەپێی پێویست دەجولاند، لەم بارە نوێیەدا، سەرکەوتنی سەرکەوتنەکان، واتە گرتنی موسڵ لە لایەن داعشەوە، لە 10 ی یۆنیۆی 2014 هاتەدی.

داعـش؛ دوابــەدوای ئەم سەرکەوتنە چەندین هەنگاوی کارگێڕی و دینی گـەورەی نا، گرنگترینیان لە 29 ی یۆنیۆ بە پێنج زمان، دامەزراندنی خەلافەتی راگەیاند(isis)، هەر لەو رۆژەدا، دژی پەیماننامەی سایکس-بیکۆ، بە ڤیدیۆیەکی کورت، لەنێوان سوریا و عێراق هەڵوێستی خۆی راگەیاند و پەیماننامەی سایکس-بیکۆی بە هەڵوەشاوە و فیتی دوژمنانی ئیسلام وەسفکرد. ئەبو بەکر بەغدادی بە مێزەرێکی رەش و عەبایەکی رەشەوە، لە 5ی یۆلۆ، وتاری هەینی وەك خەلیفەی موسڵمانان لە موسڵ خوێندەوە، دواتریش ئەو سەرکێشییەی کرد و بەغدادی وتاری هەینی لە مزگەوتێکی موسڵ خوێندەوە و خەلیفە لە کەسێکی تەمومژاوییەوە هاتە رۆژرڤ.

راگەیاندنی خەلافەت، کردەیەکی هەڕەمەکی لەخۆوە نەبوو، بەڵکو لای داعش بە وردی کاری بۆ کرابوو، لە لایەکەوە ئەم خەلافەتە دروشمی (باقی و یتمدد)ی بۆ خۆی هەڵبژارد، دروشمی(باقی) وەك ئاماژەیەك بۆ درێژەدان بەو حەدیسەی پێغەمبەر کە لەسەر نەهجی نبووەت سەرهەڵدەداتەوە، وەك دەقەکە دەڵێت:( فقد روى الإمام أحمد عن النعمان بن بشير رضي الله عنه الله، قال: كنا جلوساً في المسجد فجاو أبو ثعلبه الخشني فقال: يا بشير بن سعد أتحفظ حديث رسول الله صلى الله عليه وسلم في الامراو، فقال حذيفه: أنا أحفظ خطبته. فجلس أبو ثعلبه.

فقال حذيفه: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: تكون

النبوه فيكم ما شاو الله أن تكون، ثم يرفعها الله إذا شاو أن يرفعها، ثم تكون خلافه على منهاج النبوه، فتكون ما شاء الله أن تكون، ثم يرفعها الله إذا شاو أن يرفعها، ثم تكون ملكطا عاضا، فيكون ما شاو الله أن يكون، ثم يرفعها إذا شاء الله أن يرفعها، ثم تكون ملطا جبريه فتكون ما شاو الله أن تكون، ثم يرفعها الله إذا شاو أن يرفعها، ثم تكون خلافه على منهاج النبوه، ثم سكت).

(يتمدد) واته لەگەڵ راگەیاندنی خەلافەتدا؛ راستەوخۆ سنوری سایکس-بیکۆ دەبێت لاببرێت، وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی خەلافەتی ئیسلامی دەبێت هەموو سنورە سیاسی و نەتەوییەکانی ئەو وڵاتانەی زۆربەی موسڵمانن بسڕێتەوە و هیچ ڕێزێك بۆ پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دانەنێت، لەجێی ئەوە سیستمی ویلایەت پەیڕەودەکات. (یتمدد) واتە دواتریش جیهادی وڵاتانی (نائیسلامی) دەستپێدەکات و فتوحات بەردەوامدەبێت، چونکە ئەم دینە دینێکی تەبشیرییە و سەرەڕای بڕوابوون بەوەی دەکرێت بە نەسیحەت بگەیەنرێت، دەبێت غەزەواتیش(نەك فتوحات) ڕێگەیەکی تر و هەرە ڕێگە سەرەکییەکە بێت، ئەمەی دواییشیان ڕێگە هەرە باوەکەی سەردەمی پێغەمبەر و خەلیفەمانی راشدین و سەلەفی ساڵحە.

راگەیاندنی خەلافەت، لەهەمان کاتیشدا، شەرعییەت لەهەموو گروپە دینی و ئیسلامی و جیهادییەکانی تر دەسەنێتەوە و دەبێت هەمویان (بەیعەت) بدەن بە (خەلیفە ئەبوبەکری بەغدادی)، ئەگینا بە لەڕێگەدەرچوو حسابیان بۆ دەکرێت و شەرعییەتی بونیان نامێنێت. هەر ئەمەش بوو داعشییەکانی دەسکراوەکرد بۆ تەکفیرکردنی کۆی گروپە

جیهادییەکانی تر، دواتریش شەڕ لەگەڵ کردن و کوشتنیشیان، ئەگەر بەیعەت بە خەلیفە ئەبوبەکری بەغدادی نەدەن!

راگەیاندنی خەلافەت کارێکی زیرەکانە بوو، داعشی کرد بەو ئەختەبوتەی کە بتوانێت لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان و لە هەر کوێیەکی دونیادا؛ جیهادییەك بەیعەت بدات بە خەلیفە و کار و چالاکیی جیهادی و تیرۆرستیی ئەنجامبدات، چونکە پاش ئەوەی ئەهلی (حەلوعەقد) ی داعش بەیعەتیان دا بە خەلیفە، ئیتر لەسەر تاکبەتاکی موسڵمانان واجب دەبێت لەژێر سەمعوتاعەیاندا بێت، بە ئاماژەیەکی خەلیفە دەکرێت جیهادییەك کارێکی تیرۆرستی لە دورترین شوێنی دونیادا ئەنجامبدات.

ئەو بڕیارانەی کە گروپە بچوکە جیهادییەکان دەیدەن لە پیشاندانی وەلا بۆ داعش، مانای سەرکەوتن و گەشتنی هەوڵەکانی ئـەم رێکخراوەیە لەناو کۆمەڵە جیهادییە جیهانییەکاندا، هەورەها مانای وردیی بڕیاری راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامییە لەلایەن داعشەوە و هەر وا بڕیارێکی لەخۆوە نەبوو.

داعش ویستویەتی لەڕووی ئابورییەوە سەربەخۆیی خۆی بەدەستبهێنێت، تا ئاستێکی باش لەو ئاستەدا چۆتە پێشەوە، بەڵام قاعیدە نەیتوانییەوە ئەو سەربەخۆییە بەدەستبهێنێت. داعش ئێستا رۆژانە دوو ملیۆن دۆلاری لە فرۆشتنی نەوت، غاز، کشتوکاڵ، باج و سەرانە، فڕاندنی هاوڵاتیان، بەردانیان بەرامبەر پارە و فرۆشتنی پارچە توحفە مێژوییەکان لە بازاڕی رەش؛ دەستبکەوێت.

نەمانی ئاسایش و دروستبوونی ئاژاوەی سیاسی لە هەر شوێنێکی دونیا کە زۆرینەی موسڵمانی سوننە بێت، باشترین

ژینگەیە بۆ گەشەسەندنی قاعیدە و هاوشێوەکانی، نەمانی ئاسایش لە عێراق و سوریادا، چانسی گەشەسەندنی دا بە دروستبونی گروپە تیرۆرستییەکان تا گەشت بەم قۆناغەی داعش و بەرەی نوسرە.

لە ئێستادا داعش لەسەنگەری شەڕ لەگەڵ کورد، بەدرێژایی سنوریان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا؛ تا دەگات بە رۆژئاوای کوردستان لە شکستی یەکلەدوای یەکدایە، تاکە سەنگەرە کە توشی شکستی گەورە بوبێتەوە، پێدەچێت ئەم هێزە چیرۆکی فراوان بونی کۆتایی هاتبێت، بەڵام بە پەلە نا، بەڵکو بەهێواشی و لەسەر خۆ. بۆیە لە ئێستادا؛ ئەو هەنگاوانەی گرنگە بگیرێنەبەر بۆ رووبەرووبوونەوەی داعش، ئەمانەن:

1) وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی.

2) سنوردانان بۆ سەرکەوتنە سەربازییەکانی، دواتر تێکشکاندنی توانا لۆژستی و سەربازییەکانی.( لە سەنگەری کوردستانەوە ئەمە هاتۆتەدی، بەڵام لە سەنگەرەکانی ترەوە، هێشتا لەسەرکەوتنەکانی بەردەوامە).

3) کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر سەرکردە مەیدانییەکانی ئەم رێکخراوە، بۆ رێگەخۆشکردن بۆ لەناوبرنی ئەو سەرە گەورانە، کە بە شەڕی مار ناودەبرێت، شەڕی ماریش واتە لێدان لەسەر نەك لە كلك.

4) داعش توانایەکی باشی هەیە لە بەکارهێنانی نێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەتایبەت بۆ راکێشانی سەرنجی گەنجە جیهادییەکان و دروستکردنی پەیوەندیی پێیانەوە، ئەم کردەیەش ناودەنرێت (بە موجیهادکردنی ئەلیکترۆنی). ئاگاداربوون لە تۆڕە پەیوەندییەکانی داعش لەم رێگەیەوە و شکستپێهێنانی.

5) دروستکردنی ئاسایش بۆ هاوڵاتیان و نەهێشتنی لەدەستدەرچونی ئاسایش.

6) داعش یەکێك لە ڕێگاکانی گەنجە جیهادییەکان؛ ڕێگای پشتبەستنە بە خانە نوستووەکانی ناو هەر وڵاتێك، واتە هەر وڵاتە، هەر ناوچەیە لەکەسانی ئەو وڵاتە خانەی داناوە، یەکێك لە کارەکانیان ناردنی جیهادییەکانە بۆ ناو داعش، بۆیە حکومەتی هەرێم دەبێت ورد کار بۆ لەناوبردنی ئەم خانە نوستووانە بکات.

ئەمە شەڕە خێراکەیە لەگەڵ داعش، شەڕی قووڵ، ئەو شەڕە فکرییەیە کە دەبێت لەگەڵ ئەقڵی تەکفیری لەناوخۆوە بکرێت، شەڕێکی تیۆلۆژی، ئەکادیمی، پەروەردیی و کلتوری، شەڕێك کە وزەیەکی زۆر و پشویەکی قووڵ و کەسی شارەزا، بەیارمەتیی حکومەت و دەزگاکان دەبێت دەستپێبکەن، شەڕێك کە ئێمە پڕۆژەکانمان بۆی حـازرە، بەڵام ئەقڵێك لەناو دەسەڵاتی کوردیدا هەیە گوێمان بۆ بگرێت؟ ئەمەش کارەساتەکەیە لە هەرێمی کوردستان، وما علی الرسول إلا البلاغ المبین.

# ئەركی، ئەنتی فەندەمێنتالیستەكان

ئازاد. م
نوسەرو رۆژنامەنووس

بــەدوای مەترسییەکانی داعــش، دەبـێـت کــوردەواری خوێندنەوەیەکی تــازەی بۆ بکرێت، رەگ و رەهەندەکانی ئیسلامگەرا و مەترسییەکانی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بەر بە فاکتەرە جۆراوجۆرەکان بگیرێت کە دەبنە گەشەی فەندەمێنتالیزم و داعشیزم.

دەبێت پێداچوونەوە بە بەرنامەو پرۆگرامی خوێندنگا سەرەتاییەکاندا بکرێت، تا دەگاتە زانکۆکان، نابێت رێگا بدرێت وانەو پرۆگرامێك كە دەبێتە میکانیزم، داینەمۆی بەرهەمهێنانی ئەم فۆرمە لە کۆمەڵگەو خوێندنگاکاندا بخوێندرێت، کە سیستمی پەروەردە بە نائاگاییەوە بۆ کۆمەڵگە دەیانخوڵقێنێت و بەرهەمیان دەهێنێت.

پــەروەردەی ئێمە رۆڵی هەیە لە بەرهەمهێنانی منداڵێك لە سەرەتاییەوە بەو فۆرمە کە دواجار دەگاتە زانکۆ، دەچێتە سودان دکتۆرا وەردەگرێت، لە زانکۆیەك كە سەرچاوەی ئیرهابی فیکری و فۆرمی رەوایەتیدانە بە داعش و بەربەریەتەکەی.

دیقەت بــدەن زۆریــنــەی ئــەو مامۆستایانەی ماجستێرو دکتۆراکەیان لە سودان و بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی وەرگرتووە، لە رووداوەکانی داعش و کوردستان ئامادەنەبوون هیچ بڵێن، کەواتە ناکرێت سیستمی پــەروەردە، زانکۆکان، وەزارەتــی پــەروەردەو خوێندنی باڵاو حکومەت رێگا بە بەرهەمهێنانی خوێندکارو مامۆستای وا بــدات، کە دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی فکرو عەقڵیەتی رەوایەتیدان بە داعش و لێکچووەکانیان، دەبێت ئەو پێگە کۆمەڵایەتیانەی لێکهەڵوەشێندرێت، کە لە گەڕەکەکانی شارو شارۆچکەکان بوونەتە هۆی کردنەوەی حوجرە، خوێندنگاکانی ماڵان بۆ بەرهەمهێنانی منداڵان و گەنجان بە فیکرێکی مەزهەبی سەلەفی.

دەبێت قسە لەسەر میتۆلۆجیای ئایین بکرێت لە کۆمەڵگەدا،

دەبێت دەست بۆ سوننەت و خورافیاتەکانی ببرێت و هەموو ئەو سیمبول و ڕەمزانەی داعش و فەندەمێنتالیزم بەرهەمیانهێناون، قسەیان لەسەر بکرێت.

ناکرێت بەناوی تابۆ و حەرامکراوەکانەوە، هەموو ئەو چەمك و ڕەمزانەی کە هەزاران پرسیار بەدوای خۆیاندا دەهێنن، بێ قسەو بێ وەڵام بهێڵدرێنەوە.

دەبێت شەرم نەکرێت کە مەترسییەکانی ئیسلامگەرا و گروپە فەندەمێنتاڵەکان باسبکرێت، کە چۆن هەڕەشە لە ئازادی، مافی شارۆمەند بوون، پلورالیزم، مافە مەدەنییەکانی خەڵك و سیستمی سیکۆیلار دەکەن، لەژێر ناوی ئایین و مەزهەبدا.

تازەترین جینایەت و وەحشەتگەرییەك کە لە سایەی گروپێکی مەزهەبی، دینی ئیسلامی لە سەدەی بیست و یەکدا خوڵقاوە، بەرهەمهێنانی داعش و داعشیزمە، لەکاتێکدا هێشتا هەموو هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان پرۆتستۆیەکی جددی ناکەن، هەندێکیان شەرمنانە دەڵێن ئەوە نموونەی ئیسلامگەرا نییە، هەندێکیان ترسنۆکانە داکۆکیان لێدەکەن.

لەکوێ یەکێك لە ڕەهبەرانی حزبێکی ئیسلامی، بڵێت کوژراوەکانی داعش شەهیدن؟! حزبەکەی، حکومەت و کۆمەڵگەش هیچ وەڵامێکی نەبێت بۆ ئەم بۆچوونە مەترسیدارە، کە تەنها ئاماژە نییە بۆ بۆچوونێکی سادە، هێندەی پەیوەندی بە وابەستەگی ئیدۆلۆژی و فکرییەوە هەیەو ئارەزوو دەکات خۆشی یەکێك بێت لەو کوژراوانە، یەکێك لە ڕەهبەرانی ئەم گروپە.

ئەمە بۆچوونە لە چوارچێوەی ئازادیدا، داکۆکییە لە داعش و وەحشیەتەکانی یان قەناعەت و بڕوابوونە بە ڕێبازو میتۆدەکەیان، کە لە ئایین و مەزهەبەوە سەرچاوەی گرتووە و داکۆکی لێدەکەن.

کە دڵنیام لەناو هێزە ئیسلامییەکانی ترو لەناو بەرزترین ئاستی خوێندنی کۆمەڵگەی کوردستاندا کە زانکۆیە، بەشێك

لەو مامۆستایانە، پشتیوانی لەم بۆچوون و میتۆدە دەکەن، بەڵام شەرمنانە دەریدەبڕن یان بانگەشەی بۆ دەکەن.

بۆیە دەبێت وەزارەتـی خوێندنی باڵا، بە پلەی یەکەم وەڵام بداتەوە، کە ئایا، خەرجی دکتۆرایەك دەکات کە دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی فکری ئیرهاب و توندوتیژی؟ ئایا بوونی چەندین کۆلێژو پەیمانگای دینی پێداچوونەوەی جددی ناوێت؟ ئەگەر هەشبن، بەڵام دەبێت لەژێر چاودێریدا بن و نەبنە زادەی فکرێك کە کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگایەکی مەزهەبی بەرن، زانکۆ نەبێتە شوێن و گەرای ئەم گروپانە.

دەبێت قسە لەسەر ئەو بەربەریەتە بکرێت کە هێزو گروپ گەلی ئیسلامی فەندەمێنتاڵ لە هەموو دنیادا خوڵقاندوویانە، لەژێر ناوی دین و مەزهەبدا.

بزووتنەوەی نەجاتی جەزائیر لە ساڵانی (1992-1994) وەکو هێزێکی ئیسلامی، سەلەفی و جیهادی لە سایەی عەباسی مەدەنی و عەلی بالحاج لە دەیەی نەوەدەکان، بە هەزاران منداڵیان فڕاند، سەربڕی و بە دەیان هەزار کەس کوژران، تیرۆرکران لەژێر ناوی عەقیدە، بیروباوەڕی سەپاندنی ئیسلامی، کۆمەڵگەیان کردە قەسابخانەیەك کە جۆرێك بوو لە وەحشیەت و بەربەریەتی.

بزووتنەوەی لاوانی ئیسلامی سۆماڵ، لەدوای (2003-2006) بووەتە هۆی کوشتنی هەزاران سۆماڵی بەناوی راگەیاندنی جیهادو بڵاوکردنەوەی مەزهەب و سەپاندنی دادگـای ئیسلامی لەژێر سایەی عەدەن هاشی فەرح ئیرۆ، موختار عەلی زوبێر لەڕووی فیکری و ئایدۆلۆژیاوە لایەنگری قاعیدەن، ئەم بزووتنەوەیە بە هەزاران کەسیان سەربڕی و کوشت لەژێر ناوی دەسەڵاتی ئیسلامی و جێبەجێکردنی دادگای ئیسلامی لە سۆماڵدا.

جینایەتەکانیان بێ وێنەیە دەرهەق کۆمەڵگەیەکی برسی و رەش و رووت، کە رۆژانە زۆربەی خەڵکەکەی پێویستیان بە یەك دۆلار

یان ژەمێك نانە، ئەوان بەناوی دیین و حوکمی شەریعەتی ئیسلامی جەهەنەمێکیان خوڵقاندووە و وڵاتیان کردووەتە خەفەقان و ترس و تۆقاندن و مل پەڕاندن.

لە تازەترینی ئەم گروپە ئیسلامییە تیرۆریستانە، گروپی بۆکۆ حەرامە لە نایجیریا، کە گروپێکی ئیسلامی، سەلەفی، جیهادییە، بە قسەی خۆیان لە پێناو پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی ئەمکارانە دەکەن، کە تۆمەتبارن بە تیرۆر، کوشتن، رفاندن، لاقەکردنی ژنان و منداڵان، کە بە تاڵیبانی نێجیریا ناسراون، لەلایەن ئەبوبەکر شیکاو سەرکردایەتی دەکرێت، لە ساڵی 2002ـەوە دامەزراوە، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خەریکی تیرۆر، کوشتن، تەقینەوەو سەربڕینی خەڵکی ئەو وڵاتەن، بوونەتە گروپێکی ئیسلامی مەترسیدار لەو وڵاتە، کچان و ژنان بە بارمتە دەگرن و دەفڕێنن و فەزایەکی مەترسیداریان پێکهێنا.

قاعیدەو تاڵیبانیش بۆ هەموو جیهان ناسراون کە لەژێر ناوی مەزهەبی و ئیسلامدا چیان بەسەر مرۆڤایەتی و خەڵکی ئەفغانستاندا هێنا.

لەوانەش تازەتر، گرتنەدەستی دەسەڵات بوو لەلایەن ئیخوان موسلمینی میسری، سەپاندنی هەموو یاسا داسەپێنراوەکان بەسەر خەڵکیدا، بێ گوێدانە خواست و ئـارەزووی ئـەوان، پاشانیش نارەزایەتی و تووڕەبوونی خەڵك بوو لەم هێزەو لابردنیان بوو لە دەسەڵاتدا.

داعشیش، کە دواپلەی دڕندەیی و وەحشیەتەو بەناوی ئیسلام و مەزهەبەوە چی دەکات لە عیراق و سوریاو شەنگال...؟!

هەموو ئەوانە دەبێت لە سیستمی پەروەردەی هەرێم، لەناو زانکۆو میدیاکانی کوردستاندا قسەو باسی جددیان لەسەر بکرێت، کە بێگومان کاریگەری و رەنگدانەوەیان هەبووە، رەگی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئایدۆلۆژی تێدایەو کاریگەری داناوە.

ئەمانە رۆڵی نوخبەی کوردییە، کە هەم بەر بەو مەترسییانە بگرێت، هەم پێشڕەوی ئەو مەدە مەدەنیە بکات کە دەیەوێت کۆمەڵگەی کوردستان لەم مەترسییانە دووربخاتەوە، ئەرکی حکومەتی هەرێمە، ئیتر هێندە شەرمنانە، سیکۆیلاربوونی خۆی نەشارێتەوە، ئەگەر قەرارە سیکۆیلار ببێت، دەبێت سادەترین پرەنسیپەکانی ئەم سیستمە ئیعلان بکات، رێگا خۆشکات بۆ دروستکردنی فەزایەکی وا لە کۆمەڵگەدا کە ئینسان رەنگ و بۆی سیکۆیلاریزە بوون بەم کۆمەڵگەیەوە ببینێت، بە ئاسانی بتوانێت رەمزەکانی بناسێتەوە، چونکە سیکۆیلاریزەبوون تەنها بە دروشم و مۆبیلیزەکردن نابێت، بەڵکو پێویستی بە قوربانیدان و شکاندنی بت و بەربەستەکان هەیە، پێویستی بە میدیایەکی ئازاو ئازاد هەیە، قسە لەسەر ئازادییەکانی تاك و فەراهەمبوونی مافەکانی بکات.

پێویستە خواست و داخوازییەکانی کوڕان و کچان و تاکەکانی کۆمەڵگە لەژێر هیچ پاساو، بیانو، باوێك، سوننەت و ترسی گروپەگەلی مەزهەبی رێگری لێنەکرێت، وەك چۆن ناکرێت رێگری لە ئازادییە فەردییەکان و ئایینی دیینەکانی خەڵك لە چوارچێوەی مافەکان و یاسادا بکرێت.

واتا دەکرێت گەنجێك خەریکی تقوسی دیینی خۆی بێت، بەهەمانشێوە گەنجێکی تر لە نادی کلابێك خواستەکانی خۆی بەرجەستە بکات.

ئەمانە بە پلەی یەکەم، ئیشی حکومەتێکە، کە شەرمنانە دەڵێت سیکۆلارم، بەڵام زۆرجار لە رووخسارو هەڵسوکەوت و مامەڵەی رۆژانەی سوننەتگەراو موحافیزکارانە دەبینرێت، چۆن بە ئەرکی خۆی دەزانێت رێز لە پیرۆزی و موقەدەساتی خەڵك بگیرێت، ئاواش ئەرکیەتی رێز لە ئیرادەی بەرامبەر گەنجانی ئەم وڵاتە بگیرێت، کە دەیەوێت بچێتە نادی کلاب یان شوێنی تەرفیهی، رابواردن و کاتبەسەربردن و دەبێت ئاسانکاری بۆ ئەم خواستانە بکات.

دەبێت ئازایانە بڕیاربدات، دین بۆ دینداران و سیاسەت بۆ سیاسیەکان، نابێت ڕێگا بدات حوجرەی گەڕەکەکان و مزگەوتەکان ببنە شوێنی بەرهەمهێنان و بەلارێدابردنی گەنجانێك، هەر پەروەردەیان بکات بۆ ناو داعش و فەلسەفەکەی، بۆ سەربڕین و ئیرهاب و توندوتیژی و وەحشیەتگەرییەك کە بێ نموونەیە.

روونــە کە هەر ئەم کــارو کردەوانەیە، کە دەیــان گەنجی ئەم وڵاتەی والێکردووە رووبکەنە ریزەکانی داعش و گروپە فەندەمێنتاڵەکان.

بێگومان ئەگەر حوجرەکان و مزگەوتەکان بۆ ئەمکارانە بن، وەزارەتی ئەقاف لەجیاتی کاری رێزگرتن لە ئاینە جیاوازەکان بێت، بەڵام بێت تەفسیری هۆمۆسیکسواڵ بکات بۆ مەسەلەی جێندەر، هەرئەوەی لێ بەرهەمدێت.

ئەرکی حزبە سیاسییەکانە، ئەگەر خۆیان بە مەدەنی و عەلمانی، مەدەنی، قەومی و مارکیسیت دەزانن، ئازایانە بێنە مەیدان و بەرگری لە ئامانج، ئارمان و مانیفێستی حزبەکەیان و کۆمەڵگە بکەن.

دەبێت حزبەکان و نوخبەی ناو ئەو حزبانە، رۆڵیان هەبێت لە دەرخستنی واقعیەتی مەترسی ئەم گروپانەو ئامانج و ئایدۆلۆژییەکەیان، چونکە مەرج نیە ئەم شەڕە تەنها شەڕی عەسکەری و چەکداری بێت، بەڵکو ئەرکی حزبی کــوردی، حکومەت، رۆشنبیران، رووناکبیران و نوخبەیە، کە پێگەو زەمینەی کۆمەڵایەتی ئەم گروپە هەڵوەشێنێت، نابێت رێگای پێبدرێت ئەو هەموو زەمینە کۆمەڵایەتییەی بۆ فەراهەمبکرێت، چونکە یەکەم دوژمنی خۆیەتی کە هەڵدەکوتێتە سەر بونیە، ئایدۆلۆژی حزبی کوردی و رکەبەرەکانی بەناوی جیهادو لەڕێ لادەر، کافرو مولحیدو مشرك.

نابێت ئەم ئەرکە بۆ تەنها حزبێك جێبهێڵدرێت، بەڵکو کارو

پرۆژەی دەستە جەمعی بە واقیعی دەوێت، لە بواری پەروەردەو زانکۆ، ڕێکخراوی مەدەنی، میدیا، حزب و حکومەت.

ناکرێت خۆ لەم بەرپرسیارێتییە بدزرێتەوە بەناوی جۆراوجۆرەوە، ئەوە لەکاتێکدا دەبێت ڕێزبگیرێت لە بیروڕاو قەناعەتی دینی ئەو کەسانەی تەنهاو بە موجەرەدی سەیری دین دەکەن، واتا چۆن ڕێز لە هاوولاتیەکی مەسیحی یان ئێزیدی و کاکەیی دەگرێت، هەرئاواش ڕێز لە هاوولاتیەکی موسوڵمان بگیرێت، کە خەریکی تقوس و مەسەلەی دینی شەفعی خۆیەتی.

بەڵام لەوە بترازێت، دەبێت لەسەری بوەستین و مەترسییەکانی بۆ کۆمەڵگە ڕوونبکرێتەوە.

ئەگەرچی ئەمە مانای ئەوە نیە، هەوڵی وا نەبووە، لەلایەن حزب و نوخبەو میدیاوە، بەڵام قسەکە ئەوەیە، هەمەلایەنەو گشتی نەبووە.

بۆیە نابێت ئەم شۆڕشە مەدەنییە، ئەنتی فێندەمێنتاڵە، بۆ حزبێك لەناو حزبێکیش بۆ چەند کەسێك جێبهێڵدرێت، یان تەنها کاری یەك کەناڵی میدیایی بێت و سنوور بۆ ئەو بەرنامانە دابنرێت، کە ڕۆڵیان هەیە لە گەشەی فیکری خەڵکی و مەترسی مەزهەبی و ئایدۆلۆژیەکەی.

واتا بـەدوای دەرکەوتن و دەرکەوتەی داعشدا، کۆمەڵگەی کوردی لە بەردەم پرسیارگەلێکی جددی و پرکێشەدایە، دەبێت کۆمەڵگە ببێتە گروپێکی ئەنتی فەندەمێنتاڵ، بە پرۆسەی مەدەنیانەو لەسەرخۆ، کە هەموو شەریحەو لایەنەکانی کۆمەڵگە تێیدا بەشداربن، بەپلەی یەکەم حکومەت، وەزارەتی خوێندنی باڵا، پەروەردە، ئەوقاف، سیستمی پەروەردە، دواتر میدیا، نوخبەو ڕووناکبیران.

# ڕەگ و ڕیشەی فیکری داعشی لە مێژووی ئیسلامدا

## ئایا وەهابیەت ڕێگەخۆشکەرە بۆ بوژاندنەوەی فیکری تەکفیریی داعش؟

لە عەرەبییەوە: کارناس جوبرەئیل
نوسەرو ڕۆژنامەنووس

نووسەرو رۆژنامەنووس و لێکۆڵەری مەغریبی عەلی ئەنۆزلا، باسی قۆناغەکانی گەشەکردن و دەرکەوتنی مێژووی فیکری داعش لەناو کۆمەڵگەی گەنجانی باوەڕدار (ئاییندار) دا دەکات، کە لە ناوجەرگەی کۆمەڵی وڵاتەکانیاندا رەفتاری توندوتیژییان پەیڕەو کردووە لە پێناو بەدیهێنانی ئەوەی باوەڕیان پێیەتی، هەر ئەوانیش ریزی چەکدارانی رێکخراوی داعشیان پێکهێناوە، ئەمڕۆش یەکێك لە باڵەکانی سوپای داعش پێکدەهێنن و بوونەتە سوتەمەنی شەڕەکانی عێراق و سوریا، بە پاڵپشتی خەونەکەیان بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی لەناو وڵاتانی عەرەبی، دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلام لەسەر زەوی بە بەکارهێنانی زەبری ئاگرو ئاسن.

ئەمڕۆ وەك یەکێك لە توندڕەوترین و دڕندانەترین رێکخراو لە مێژووی بزووتنەوە ئیسلامییەکاندا سەیری گروپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە «داعش» دەکرێت، کە فیکری سەلەفی جیهادیی بە کفراندن پەیڕەو دەکات، تەنانەت رێکخراوی دایکیش کە داعشی لێوە دروست بووە، واتا رێکخراوی قاعیدە کە ئەبو مەسعەب زەرقاوی لە عێراق نوێنەری بوو، باوکی شەرعی گروپی تیرۆریستی داعش بوو، سەر بەو رێکخراوە بوو، هێزی رێکخراوی داعش پشت دەبەستێت بە بناغەی پەلکێشکردنی تائیفی لەپێش ئایدۆلۆژی، جگە لەوەش پشت دەبەستێت بە گوتارێکی ئایینی دەمارگیرانەو توندی ئاڕاستەکراو بۆ یەك تائیفەی دیاریکراو ئەویش سوننەیە، لە هەمووشی مەترسیدارتر ئەوەیە کە داعش تیرۆرو توندوتیژی وەك پەیڕەوێك دەگرێتەبەر بۆ بەدیهێنانی مەرام و ئامانجەکانی.

**سەرەتاكانی دامەزراندنی گروپی تیرۆریستی داعش**

مێژووی نزیكی سەرهەڵدانی گروپی تیرۆریستی داعش لە ساڵی 2003ـەوە دەستپێكردووە، كاتێك تیرۆریستی ئوردونی سەر بە قاعیدە (ئەبو مەسعەب زەرقاوی)، گروپی تەوحیدو جیهادی لە عێراق دامەزراند، بەیعەتی دا بە ئوسامە بن لادن سەرۆكی ڕێكخراوی قاعیدە لەوكاتەدا، ڕێكخراوی قاعیدە لە وڵاتی ڕافیدەین كە لەلایەن زەرقاوی-ـەوە ڕابەرایەتی دەكرا، بە هەوێن و كرۆكی یەكەمی گروپی داعش دادەنرێت، چونكە لەوكاتەدا ئەندام و لایەنگرەكانی لە سوننە مەزهەبەكانی عێراق و دەوڵەتانی ترەوە بەلای خۆیدا پەلكێش دەكرد، زەرقاوی لە ساڵی 2006 هەوڵیدەدا بۆ كۆكردنەوەی هێزی تاقم و گروپە ئیسلامییە چەكدارەكان، لەژێر ناوی ڕێكخراوی ئەنجومەنی شورای موجاهیدین بە سەرۆكایەتی ئەبو عومەر ڕەشید بەغدادی، بەڵام تەمەنی ئەو ئەنجومەنە لە (10) مانگ كەمتر بوو، چونكە بەهۆی كوژرانی ئەبو مەسعەب زەرقاوی لەلایەن هێزێكی تایبەتی ئەمەریكییەوە، لەهەمان ساڵدا هەڵوەشێنرایەوە، ئەبو حەمزەی موهاجیر لە سەرۆكایەتی ڕێكخراوی قاعیدەی عێراق شوێنی گرتەوە، بەڵام ئەبو عومەر بەغدادی بەیعەتی پێ نەداو ڕێكخراوی (دەوڵەتی ئیسلامی عێراق)ی دامەزراند، ساڵی 2010 ئەبو عومەر بەغدادی كوژرا، بەیعەت بە ئەبوبەكر بەغدادی درا وەك سەرۆكی نوێی ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق.

هاوكات لەگەڵ دەستپێكردنی شەڕی ناوخۆیی سوریا لە ساڵی 2011دا، ئەو ڕێكخراوە تیرۆریستییە شوێن پێی خۆی لەو وڵاتـەدا دۆزییەوە، بەرەو خۆرئاوا هەڵكشاو جەنگی لەدژی ڕژێمی سوریا ڕاگەیاند، ڕێكخراوی دەوڵەتی ئیسلامی

عێراق لە ساڵی 2012 دەستی بەسەر پانتاییەکی زۆری خاکی سوریادا گرت، شەڕی لەدژی بزووتنەوە ئیسلامییە جیهادییە رکابەرەکانی هەڵگیرساند، بەتایبەتیش لەدژی بەرەی نوسرە، پاشان بەغدادی ئامادە نەبوو بەیعەت بە ئەیمەن زەواهیری سەرۆکی رێکخراوی قاعیدە بدات، لە ساڵی 2013دا ئەبوبەکر بەغدادی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ی راگەیاند.

سەرەڕای ئەوەی کە داعش و بەرەی نوسرە هەڵگری هەمان مەرجەعیەتی ئایدۆلۆژی توندڕەوین، بەڵام نوسرە چەکدارانی گروپی تیرۆریستی داعش بە پەیڕەوکردنی توندوتیژی و درندایەتی لە جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامدا تۆمەتبار دەکـات، ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو گروپە ئیسلامییە جیهادییە تـونـدڕەوە بوەتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی وێرانکەر لە نێوانیاندا، دەمارگیری و توندڕەوی گروپی داعش، تەنانەت هاوپەیمانە نزیکەکانیشی لە قەیرانی سوریا هەڵنەبوارد، وەکو سوپای سوریای ئازاد کە لەلایەن داعشەوە تەکفیر کراو بە هەڵگەڕانەوەو پشتکردنە ئایینی ئیسلام تۆمەتبار کرا.

### رەگ و ریشەی فیکری جیهادیی و تەکفیریی داعش

بەشێك لە توێژەرانی فیکری ئیسلامی، سەرەتاکانی رەگ و ریشەی فیکری سەلەفی - جیهادی دەگەڕێننەوە بۆ سەرهەڵدانی یەکەم ناکۆکی لەنێوان عەلی کوڕی ئەبو تالیب و موعاویەی کـوڕی ئەبو سوفیان، لـەدوای دروستبوونی کێشەی خەلافەتداری و فەرمانڕەوایەتیکردن لەنێوانیاندا، کە سەرەنجامەکەی کۆتاییهێنان بوو بە سەردەمی خەلافەتی

ئیسلامی، هەروەها دەشیگەڕێننەوە بۆ دامەزراندنی یەکەمین سیستمی پاشایەتی پشتاوپشتی ئیسلامی لە نیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچی، سەرئەنجامەکانی فەرمانڕەوایەتیەش بریتیبوو لە دروستبوونی دووبەرەکی و دەرکەوتنی خەواریجە نەیارەکان.

ئەگەر بڵێین خەواریجەکان یەکەمین تاقم بـوون کە سـەرەتـای فیکری تـونـدڕەویـیـان لـە مـێـژووی ئیسلامدا دەستپێکرد، بەڵام ئەو فیکرەیان لە روانگەی هەڵوێستێکی سیاسی دژ بە فەرمانڕەوایەتی دەرچوو کە پشتی پێبەسترا بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێی نێوان عەلی و موعاویە، بەوپێیەش حوکم و فەرمانڕەوایەتی لە سەردەمی خەلافەتەوە گواسترایەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتی کردن بە شێوازی پشتاوپشت، خەواریجەکان لە تێڕوانینیاندا لە دوای رووداوی تەحکیم گەیشتوونەتە ئاستی تەکفیرکردنی خەلیفەکەیان (عەلی کوڕی ئەبو تالیب)، بەڵام دانیشیان بە دەسەڵاتی (موعاویە)دا نەنا، بەڵکو بەرپابوونی شۆڕشیان بە پێویست دەزانی بەسەر پێشەوایانی ستەمکاری و ناپاکی و لاوازیدا، واتا ئەو پێشەوایانەی کە پاساویان بۆ دەرئەنجامەکانی فەرمانڕەوایەتیان دەهێنایەوە بە قبوڵکردنی واقیعەکە یان خۆ لێبەنگکردن لە ئاستیدا.

ئەمجۆرە لە بیری تەکفیریی کەسانێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە کە لەڕووی فیقهیەوە دایبرێژن، لە مەزهەبی فیقهی ئەحمەد بن حەنبەل کە یەکێکە لە چوار سەر مەزهەبە سەرەکییەکەی ئەهلی سوننەو جەماعەو لەنێوان ساڵانی (780-855)ی زایینی ژیاوە، بیری تەکفیریی بە روونی بەرجەستە بووە، مەزهەبی حەنبەلی بە یەکێك لە موحافیزترین مەزهەبە

فیقهیە سوننیەکان لەقەڵەم دەدرێت، بەهۆی پشتبەستن و وابەستەبوونی بە دەق و دوورکەوتنەوەی لە هەوڵدان و تەئویل، بەوەش پایە یەکەمەکانی بیری تەکفیریی دامەزراندووە، سەرەڕای ئەوەی کە دامەزرێنەری ئەو مەزهەبە ئیسلامییە لە ژیانیدا خۆی بەدوور گرتووە لە تەکفیرکردنی ئەوانەی پێچەوانەی بیروڕاکانی بوون وەکو شیعەکان، مەرجەعە، خەواریجەکان و موعتەزیلەکان.

**ئەحمەد ئیبن تەیمیە (726-661)ی زایینی**

سەرەڕای تێپەڕینی ئەو هەموو سەدەیە، هێشتا فیکرو فەتواکانی ئەحمەد ئیبن تەیمیە جێگەی مشتومڕێکی زۆرە لەنێوان کۆمەڵی فوقەهاکانی ئیسلام، ئەگەرچی لایەنگرانی بە نوێکەرەوەی ئایینی ئیسلامی دەبینن، بەڵام نەیارەکانی بیروڕاکانی ئیبن تەیمییە بە توندوتیژو توندڕەو دەبینن، بە بڵاوکردنەوەی فیکری تیرۆرو توندڕەوی تۆمەتباری دەکەن، لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا، دانەری ئەم مەزهەبە روبەڕووی مەزهەبی فیکریی موعتەزیلە بوەوە، ئەوانەی کە دەیانوت ئێمە قورئان خەلق دەکەین، ئەمەش هەمان ئەو بیروڕایە بوو کە خەلیفەکانی ئەو سەردەمەی مێژووی ئیسلام تەبەنیان دەکردو بەسەر دادوەرو فوقەهاکاندا سەپاندبوویان، بەڵام ئیبن حەنبەل دژایەتی دەکردن، بۆیە روبەڕووی ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن کرایەوە بەبێ ئەوەی دایببڕێت لە مەزهەبەکەی، کە لەدوای خۆی ژمارەی لایەنگران و شوێنکەوتووانی زۆر بوون.

شوێنکەوتووانی ئەو مەزهەبە لەو بڕوایەدان ئەو مەینەتی و دەردەسەرییەی کە توشی دامەزرێنەرەکەی بووەوە، لە

مێژووی ئیسلامیدا بووە هۆی سەرهەڵدان و سەرکەوتنی بیری توندڕەوی لەناو کۆمەڵی سوننەو جەماعەتدا، لەبەرئەوە دەبینین زۆرێـك بە دامـەزرێـنـەری مێژوویی ئاڕاستەی سەلەفی دەزانـن کە ئەمڕۆ بووەتە مەرجەعی بزووتنەوە سەلەفییە جیهادییەکان، بەو بزووتنەوەو گروپانەشەوە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمی زاییینیدا رۆڵی باڵایان لە دامەزراندنی دەوڵەتی سعودیەدا گێڕا.

### سەرەتای سەرهەڵدانی توندڕەوی فیکریی

دواتر ئەم ئاڕاستە فیکرییە ڕێڕەوێکی توندڕەوی گرتەبەرو لە بیرو فەتواکانی ئەحمەد ئیبن تەیمیەدا کە پێش (7) سەدە لەوەو پێش ژیاوە، رەنگی دایەوەو بەرجەستە بوو، پاشان کراوەتە مەرجەعێك بە مەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ توندڕەوی و توندوتیژییەکەی، سەرەڕای تێپەڕینی ئەو هەموو سەدەیە، هێشتا فیکرو فەتواکانی ئیبن تەیمیە بوەتە جێی مشتومڕی زۆر لەنێوان کۆمەڵی فوقەهاکانی ئیسلامدا.

ئیبن تەیمیە کە بە (شێخولئیسلام) ناوبانگی دەرکردووە، خاوەنی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر رابوونی ئیسلامی بە هەموو رەوتە جۆراوجۆرەکانیەوە هەیە، بەتایبەتیش رەوتی سەلەفی جیهادی، کە ڕێکخراوەکانی وەك قاعیدەو داعش بە بەرهەمی ئەوجۆرە فیکرە توندڕەوە دەدرێنە قەڵەم، کە دەق پێش عەقڵ دەخەن و بەسەریدا زاڵی دەکەن، لەدوای تێپەڕینی (6) سـەدە بەسەر کۆچکردنی خاوەنەکەیدا، خەڵکانێك پەیدابوون فیکری ئیبن تەیمیە دەپـارێـزن و بەوپەڕی توندڕەوییەوە زیندووی دەکەنەوە، ئەوە بیری (وەهابی)ـە کە زۆر خاڵی هاوبەشی لەگەڵیدا هەیە، بەڵکو

شوێنکەوتووان و لایەنگرانی فیکری وەهابی، ئیبن تەیمییە بە باوکی روحی خۆیان لەقەڵەم دەدەن، فیکری وەهابیەت لەسەر ئەو بنەمایە دروستبووە کە موسوڵمانان لەدوای مردنی ئیبن تەیمیە (شێخولئیسلام) بۆ ماوەی (6) سەدە لەناو نەزانی و لەناوچووندا ژیاون، تا ئەوکاتەی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە نیمچە دورگەی عەرەب دەرکەوتووە، کە شوێنکەوتووانی پێیانوایە ئـەو بانگەوازی ئیسلامی زیندوکردووەتەوە، خەڵکی گەڕاندوەتەوە بۆ بیروباوەڕی راستەقینەی ئیسلام، بۆیە لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا فیکری جیهادی پەیڕەو کردووە، وەکو شێوازێك بۆ سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی یان دەوڵەتی خەلافەت.

**ئەمڕۆ زۆر لە دوێنێ دەچێت!**

کەسێك کە مێژووی سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی بیری وەهابیەت لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم بخوێنێتەوە، زۆرێك رووی هاوشێوە ئاشکرا دەکات لەنێوان ئەو نەهجە توندڕەوەی کە ئەو بزووتنەوەیە لەدوای هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئال سعود گرتوویەتیە بەر بۆ خۆسەپاندنی، هەروەها لەنێوان ئەو پەیڕەوە توندڕەوەی کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سەپاندنی فیکرو دەسەڵاتی تەبەننی کردووە، ئەو وێرانکارییەی ئەمڕۆ شارەکانی عێراق و سوریا بەخۆیانەوە دەبینن لە وێرانکردنی مزگەوتەکان، حسێنییەکان، مەزارگە، گۆڕستانەکان، ئەو دادگاییکردنە شەرعییانەی کە بەناوی ئایینەوە خوێنی خەڵك حەڵاڵ دەکەن، کۆمەڵکوژی هەڕەمەکییانە ئەنجام دەدەن، دەتوانین هاوشێوەیان لە مێژووی بزووتنەوەی ئال سعودی پاڵپشتیکراو بە فیکری وەهابیی بدۆزینەوە، بەتایبەتی

لەنێوان ساڵانی 1904 بۆ 1925 کاتێك هەستان بە هەڵدانەوە، وێرانکردنی گۆڕستانەکانی ئالوبەیت، هاوەڵانی (محەمەد)، تێکدانی مزگەوتەکان، مەزارگەکان، ماڵی ئەولیا و پیاوچاکان.

**کتێبەکەی ئەمین ڕێحانی**

کتێبەکانی مێژوو بۆمان دەگێڕنەوە کە قوربانیانی شەڕی ئال سعود کە لەڕووی شەرعیەوە بە فیکردی توندڕەوی وەهابی پاڵپشتیکراوە (7) هەزار کوژراوە، کە دواجار بە دامەزراندنی شانشینی عەرەبستانی سعودیە کۆتاییپێهات، کە تەبەنی فیکری وەهابی توندڕەوی کرد، وەکو مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەتەکە ڕایگەیاند: فیکری وەهابیی بونیاتنراوە لەسەر سەپاندنی جێبەجێ کردنی شەریعەتی ئیسلامی، چەسپاندن و جێبەجێ کردنی یاسا توندەکانی، هەر ئەمەشە کە ئەمڕۆ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەیەوێت پێی بگات.

ئەمین ڕێحانی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (مێژووی نوێی نەجدو پاشکۆکانی) لە لاپەڕەی (28 و 29)دا باس لەوە دەکات کە ڕووداوە مەترسیدارەکە لە بانگەوازی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب بریتییە لە بڕینەوەی درەختی (الذيب) لە ناوچەی ئەلجبیلە، ئەو درەختەی کە خەڵك بە پیرۆزیان دادەنا، پاشان شوێنکەوتووان، لایەنگرانی چاویان لێکرد، دەستیان کرد بە وێرانکردنی قوبەو گومەزەکان و گۆڕستانەکان، بە گۆڕی پێغەمبەر (محەمەد)یشەوە، ڕووداوی دووەم لە بانگەوازی دامەزرێنەری فیکری وەهابیدا کە بەگوێرەی قسەکانی ڕێحانی، مەترسیدارتر بوو، بریتییە لە ڕەجمکردنی ژنێك لەناو گۆڕەپانێکی گشتی، کە بەتۆمەتی زینا کردن تۆمەتبار کرابوو، ئەمین ڕێحانی باسی دەکات: «ئەو ژنە زیناکەرە ڕەجم کرا، هەواڵەکە بە خێرایی بروسکە بە شارو مەملەکەتدا بڵاوبوەوە،

وەكو دەنگی هەورەتریشقە چووە ناو دڵ، تاوانكارەكان و دڵە پاكەكان پێكەوە، بەڵام هەندێك خەڵك بێدەنگ بوون، ئەوانی تریش هاواریان دەكرد».

رێحانی لە كتێبەكەیدا باس لەوەش دەكات كە ئەمیری ناوچەی (الاحساو)ی سعودیە نامەیەكی بۆ شێخ محەمەدی كوڕی عەبدولوەهاب نووسی تێیدا هۆشداری دەكات و داوای لێدەكات لەو هەنگاوەی پاشگەز بێتەوە، ئەوەش شێخی ناچار كرد لە ترسی ژیانی خۆی كۆچ بكات، بەڵام ئەمیری ناوچەی (الدرعیە) محەمەد ئیبن سعود كە تەموحێكی زۆری هەبوو، باوەشی بۆ كردەوەو پێشوازی لێكرد، پاشان پەیماننامەیان بەست و بەڵێنیان بە یەكتر دا لەسەر بنەمای كاركردن بە بیروباوەڕی چاكسازو سەروەری دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، روونتر بڵێین «پەیمانی مەزهەب و شمشێر» كە تا ئەمڕۆش لەنێوان باوەڕدارانی وەهابی و ئال سعود كاری پێدەكرێت، تەنانەت لە ئاڵای نیشتمانی سعودیەدا بەرجەستە كراوە لەنێوان وشەی تەوحیدو وێنەی شمشێرێكی چەماوەدا.

بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی كات، پەیوەندی بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئال سعود هەمیشە لەگەڵ بزووتنەوەی وەهابی ئاسایی و باش نەبووە، بەڵكو بەناو چەندین قۆڵت و ناكۆكی و دەركەوتنی چەندین رەوتی فیكری هەڵتۆقیو لەناو هەناوی فیكری وەهابیدا گوزەری كردووە، كە هەموویان دژایەتی سیستمی دەسەڵاتی ئال سعودیان كردووەو داوایان كردووە شەڕ لە دژیان بەرپا بكرێت، دیارترینی ئەو رەوتانە رێكخراوی (قاعیدە)یە كە ئوسامە بن لادن دایمەزراند، گەڕانەوەی بیری تەكفیریی جیهادیی بۆ خاكی ئیسلام راگەیاند.

### گەڕانەوەی فیکری جیهادیی

ئەمجۆرەیان لە فیکری بەکفراندن (تکفیر)ی جیهادیی پاساوی خۆی دۆزیـوەتـەوە بۆ ئـەوەی سەرلەنوێ سەرهەڵبداتەوەو بگەڕێتەوە بۆ سەر خاکی ئیسلامی، ئەوەش وەکو کاردانەوەیەك لە بەرامبەر ئـەو کپکردن و داپڵۆسینەی کە هەندێك لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست، لەناو دەوڵەتە داپڵۆسێنەرەکانی وەك میسرو سوریا، لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی ئەمەریکا لە ئەفغانستان، بە شێوەیەکی رەسمی ئەو فیکرە جیهادییە توندڕەوانەیە لەلایەن چەند رژێمێکی عەرەبیەوە کە لە جەنگی ئەمەریکا دژ بە روسیا لە وڵاتی ئەفغانستاندا، بوژێنرایەوەو یارمەتی سەرهەڵدانەوەی درا، پێش ئەوەی هەمان تفیکری توندڕەوی جیهادیی بگوازرێتەوە بۆ عێراق، ئەمجارەشیان هەر لەدژی ئەمەریکا بە پشتیوانی چەند رژێمێکی سیاسی عەرەبی پیادە کرا، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەدژی دەستێوەردانی ئەمەریکا لە کاروباری عێراق وەستانەوە.

لەنێوان جەنگی ئەفغانستان و داگیرکردنی عێراقدا، ئەم فیکرە جیهادیە لەناو توێژی گەنجانی ئیماندار بڵاوبوەوە، کە کاریان لەسەر بوژاندنەوەی توندوتیژی لەناو وڵاتەکانیاندا دەکـرد بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانج و بیروباوەڕی خۆیان، زۆرینەی ئەو گەنجانە بوون کە ریزی جەنگاوەرانی رێکخراوی قاعیدەیان پێکهێنا، ئەمڕۆش یەکێك لە باڵە بەهێزەکانی سوپای گروپی تیرۆریستی داعشیان پێکهێناوە، بوونەتە سوتەمەنی شەڕەکانی لەناو عێراق و سوریا، لە پێناو بەدیهێنانی خەونی سەرلەنوێ گێڕانەوەی حوکمی خەلافەت بۆ ناو وڵاتانی عەرەبی و دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بە هێزی ئاگرو ئاسن.

*** عەلی ئەنۆزلا، نووسەرو رۆژنامەنووسێکی مەغریب و بەڕێوەبەری پێگەی (لکم. کوم)ـە کە لە ساڵی 2013 لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەغریبەوە قەدەغەکرا، دامەزرێنەرو سەرنووسەری چەند ناوەندێکی رۆژنامەوانی سەر کاغەزە، ساڵی 2013 خەڵاتی (سەرکردەکان لە پێناو دیموکراتی) ی رێکخراوی بومیدی ئەمەریکی وەرگرتووە، ساڵی 2014 لەلایەن رێکخراوی (مراسلون بلا حدود)ی فەڕەنسی وەك یەکێك لە پاڵەوانانی میدیا لە جیهان دەستنیشانی کردووە.**

نوسینی: عەلی ئەنۆزلا

سەرچاوە:
پێگەی (قنطرە)ی ئەلیکترۆنی

http://ar.qantara.de/content/lbhth-n-jdhwr-fkr-dsh-fy-ltrykh-lslmy-hl-mhdt-lwhby-ltryq-lswd-fkr-dsh-ltkfyry

# داعش
# خەلافەتی بەیداخە ڕەشەکان

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
سابیر عەبدوڵڵا کەریم
نوسەرو ڕۆژنامەنووس

(داعش) وشەیەکی چوار پیتی جێمشتومڕە، کە لە جیهانی ئەمڕۆی توندڕەویدا ئاماژەیە بۆ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شـام، لەسەر ریتمی هەڵکۆڵینی زمانەوانی و کورتکردنەوەی ناو و دەستەواژەکان، بەڵام ئەم ریتمە سیمبوڵییە زمانەوانییە هەموو شتێك نییە کە چەکدارانی داعش بەدوایدا وێڵن، لەکاتێکدا کە نوێنەرایەتی قاعیدەی عێراق دەکـەن، هـەروەك چۆن لەپێشدا قاعیدەی ئەفغانی و بۆسنی و چیچانی ناویان دەرکــرد، کە لەسەر ئاستی لۆکاڵی چێژی قاعیدە زیاتر قبوڵکراو دەکـات، بەوپێیەش ئەم لێکچواندنە لە تێگەیشتن و خوێندنەوەو لێکدانەوەی (داعش) وەك بەشێك لەو باجە خۆی نمایش دەکات کە قاعیدە بەگوێرەی کلتوورە بەرجەستەبووەکانی شوێنەکان فۆرمۆلەی کردووە، بەتایبەتی لەسایەی بوونی چەند خاڵێکی هاوبەشی بەهایی و مێژوویی لەنێوان هەموو ئایدۆلۆجیاو ڕێکخراو و ئوسوڵیەتە توندڕەوییەکاندا لە فۆرمە ئایینی، ناسیۆنالیستی و بەعسییەکەیدا.

چیرۆکی ئەم گروپە کە مۆری ئیسلام (محەمەد)ی کردووەتە لۆگۆی خۆی، ئەوەیە کە لەگەڵ قاعیدەدا لە زیندانەکانەوە دروستبووەو لەگەڵ بەعسدا دەستی تێکەڵ کردووەو مەرامی ئـەوەی هەیە بـەرفـراوان بێت تا دەگاتە «ڕۆمـا»، داعش بێگومان سوپرایزی هــەزارەی نوێیە، چونکە ئەو گروپ و ڕێکخراوە چەکدارییە ئوسوڵییانەی کە باوەڕیان بە گۆڕانکاریی پشتبەستوو بە توندڕەوی هەیە، ئەوانەن کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی رابـردوودا چەکەرەیان کردووە، فۆرمبەندییان بە

سروشتی کاری نهێنییەوە وەرگرتووە کە گروپە چەکدارییە توندڕەوەکان کردویانەتە پیشەو خۆشیان بـەدوور دەگرن لەهەر دەرکەوتنێکی میدیایی یان هەرجۆرە ئامادەگییەکی کۆمەڵایەتی، هەروەها مەرجەکانی خۆڕێکخستن و چوونە ناو ریزەکانی ئەو گروپ و رێکخراوانە پێویستی بە پشکنینێکی ورد هەیە لـەڕووی فیکری و ئەمنییەوەو عادەتەن چوونە ریـزی کـاری نهێنی لەڕێگەی تەکنیکی تۆڕەکان و ئەڵقە دۆست و نزیکەکانەوە دەبێت، زیاتر لە بەکارهێنانی رێگەی پەیوەندیکردنی راستەوخۆوە یان لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە هـەروەك داعش ئەم شێوازە تازەیەش بەکاردەهێنێت، لە ئاماژەیەکدا بۆ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییە بەربڵاوەی کە ئەمڕۆ دڕندەی تیرۆر لەبەردەستیدایەو تێیدا دەژی، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بۆچوون و چەمکە کۆنەکان دەربارەی قاعیدەو هاوشێوەکانی و سەرەتاکانی توندڕەوی خوێناوی کۆڵ دەدەین، کە ســەرەڕای ئەو کارەسات و مەینەتییانەی کە هۆکاری دروستکردنیان بوون و ئەمڕۆ پێوەیان گیرۆدە بووین، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ توندڕەوی ئێستای (داعش)دا کە نوێنەرایەتی ئەو پاشاگەردانیە پڕئافاتە دەکات کە ئەمڕۆ تێیدا دەژین، زۆر هێواشترو ئەهوەنتر بوو.

یەکەمین دەرکەوتنی نـاوی (داعــش) دەگەڕێتەوە بۆ مانگی نیسانی ساڵی 2013، نەك بەئامانجی راگەیاندنی ئەو رێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوە بەڕەسمی یان قەبەکردنی ناوەکەی، بەڵکو بەکارهێنانی ئەو ناوە بۆخۆی ئامانجێکی ستراتیجی رێکخراوەکە بوو بۆ لوشدانی (قوتدانی) هەموو

ماسییە بچوکەکان، چونکە لە سەرەتای شۆڕشی هەڵگیرساوی سـوریـادا دەیـان گـروپ و تاقمی بچوك بچوکی لۆکاڵی دەرکەوتن کە هەڵگری چەند ئەزمونێکی رابردوو بوون، ئەو گروپ و تاقمە پەرشوبڵاوانە هەر لە سەرەتای شەڕی ئەمەریکا لە عێراق کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بتوانن چەند بەرەیەك بە ئامانج و خواستی جیاواز بکەنەوە، بەڵام هەموویان پێکەوە دەیانویست بەپێی فۆرمی قاعیدەو دەستەخوشکەکانی بژین، بەڵام ئەو هەرەسهێنانە بەهێزو کاریگەرەی دەوڵەتی بەعس کە لە هەرەسهێنان و رووخانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق و سوپاو بەهاکان و دەستکەوتەکانی ئەو رژێمە بەهێزە خۆی دەبینییەوە، بەدوایدا هەڵکەوتن و سەرکەوتنی چەندین هێزو کەمینەی چەوسێنراوەو پەراوێزخراوی بەخۆوە بینی، لە بەرامبەریشدا چەند هێزێکی تری خاوەن هەژمون و دەسەڵاتدار لەسایەی رژێمی پێشووی بەعس لە مەیدانەکە پاشەکشەیان کرد، کە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ لێکنزیکبوونەوەو یەکگرتنی نێوان ئەو هێزانە لەدوای روخانی رژێمی سەدام لە کۆتاییەکی تراژیدیدا، ئەوەش هەنگاوێك بوو بۆ کۆکردنەوەی لایەنە ناکۆکەکان بەرامبەر بە یەك ئامانج، ئەویش بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری نوێ بوو.

ئامانجی یەکەم لە راگەیاندنی دروستبوونی داعش، بڕیارێکی پڕوپاگەندەیی یان هەوڵدانێك نەبوو بۆ قەبەکردنی وزەو تواناکانی ئەو رێکخراوە توندڕەوە کە بە درێژی و پانی لە ناوچە خوازراوەکانی عێراق و شام جرت و فرتیەتی، بەڵکو

بۆ بەربەرەکانێ و سەلماندنی بوونی خۆی بوو لە پێناو ڕاوکردنی ماسییە بچوکەکانی قاعیدە، ئەوەش هەرزوو لەلایەن بەرەی (نوسرە)ـەوە درکی پێکرا، بۆیە ڕازی نەبوو لەگەڵیدا یەکبگرێت، بەڵکو دەستیکرد بە شەڕی نیشاندانی بوون و خۆسەپاندن کە هەتا ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئەگەرچی زاڵبوون و سەرکەوتن لەنێوان نەوەکانی قاعیدەو هەتیوەکانی (بن لادن)دا بۆ داعش بەدیهاتووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوە توندڕەوە (نوسرە) تاکو ئەم ساتەوەختەش بەڕەسمی ڕازی نابێت دان بە شکستی خۆیدا بنێت.

لە بنەڕەتدا دابەشکردنی کێکی شام و عێراق لەنێوان لایەنەکانی تیرۆردا هۆکارێك بوو بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێ لەنێوان داعش و بەرەی نوسرەو گروپە بچوکەکانی تردا، ئەویش بەپێی وەلاو بەرژەوەندییە بچوکەکانی خۆیان.

ئەگەرچی ئەو پاساوانەی کە بۆ جەماوەرو شوێنکەوتوانیان دەهێننەوە بە شەرعیەت دەیدەنە قەڵەم، بەڵام تۆمەت گۆڕینەوەو یەکتری تۆمەتبار کردنیان بە لادان و دەرچوون لە دەسەڵاتی حاکمی شەرعی، بەڵکو دانوستانەکان و دادگایی کردنەکان و لەسێدارەدانەکانی ناو ریزەکانیان، بوونی کەلێن و ناکۆکییەکانی ئاشکرا کرد، هەرچەندە ئەو ناکۆکییانەی نێوان ڕێکخراوە توندڕەوە چەکدارەکان سەبارەت بە حەقانیەتی نوێنەرایەتیکردنی (جیهاد) واقیعێکی نوێی نەهێنایە ئاراوە، ئـەوەش مانای ئەوەیە کە درکیان بە ڕۆڵ و بوژانەوەی کاریگەرییان لە داهاتوودا لەسەر گەڕەکان (دورات)ی تیرۆرو توندڕەوی لەدوای پاشەکشەکردنی بەهاری عەرەبی.

**سەرەتاکان بە تامی لۆکاڵی**

لە سەرەتادا باڵی قاعیدەی عێراق سەربەخۆ بوو، نزیك بـوو لە فۆرمی لۆکاڵی، لەگەڵ بەدەستهێنانی ئاستێکی زۆری شارەزایی و سەرچاوەکان لە ڕێگەی ئەوانەوە کە لە بەعسییەوە گۆڕاون بۆ قاعیدە وەك هاوپەیمانێتی یان بوونی وەلای هاوبەش بۆ بیرۆکەی دەرپەڕاندنی داگیرکارو کردنە ئامانجی حکومەتی تائیفی عێراق، لەوکاتەدا داعش لەژێر ناوی (جەماعەتی تەوحید و جیهاد) خۆی ناساند، پاشان ناوەکەی گۆڕا بۆ ڕێکخراوی قاعیدە لە وڵاتی رافیدەین، دوایئەوەی کە ئەبو مەسعەب زەرقــاوی لە ساڵی 2004دا جڵەوی سەرکردایەتیکردنی گرتە دەست و بەیعەتی دا بە سەرۆکی پێشوی ڕێکخراوی قاعیدە ئوسامە بن لادن کە دواتــر لە ڕێگەی هێرشێکی هێزە تایبەتییەکانی ئەمەریکاوە لە پاکستان کوژرا، بە کوژرانیشی بۆشاییەکی گەورەی لەناو سەرکردایەتی قاعیدەدا دروستکرد، ڕێکخراوی قاعیدە لە وڵاتی رافیدەین زۆر بە تەنگ پاراستنی فۆرمی لۆکاڵیبوون و گرنگیدان بە کاروباری عێراقەوە بوو، چونکە ئەو توانای زیاترە بۆ خۆپێکهێنان و خۆفۆرمۆلەکردن بە فۆرمی لۆکاڵی، جگەلەوەش ئاسۆکانی کراوەن لە بەرامبەر هەموو ڕەوتەکانی تری دژ بە داگیرکاری لەسەرو هەمووشیانەوە بەعس، هەروەها بەئاگابوونی لە جموجوڵە ئیستخباراتییەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە لەناویاندا کاردەکات، ئەوەش بەشێکە لە بەهێزبوون و گەورەبوونی ڕۆڵی سیاسی لەسەر حسابی کاریگەری ئایدۆلۆجی بە جیاواز لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەی میسالیی لەڕووی توندێتی لەئاست

بیرۆکە سەرەکییەکەدا، واتا جیاکردنەوەی نێوان دوو جیهان.

کاتێك هێزەکانی ئەمەریکا توانیان لە نیسانی ساڵی 2010دا ئەبو عومەر بەغدادی و یاریدەرەکەی (ئەبو حەمزەی موهاجیر) بکوژن، رێکخراوی قاعیدەی لە وڵاتی رافیدەین پێی نایە قۆناغێکی نوێوە، ئەویش قۆناغی (ئەبوبەکر بەغدادی)ـە کە نازناوی ئەمیری موسوڵمانانی پێدراوە، بەغدادی هەموو سوپرایزەکانی تەقاندو هەموو ئەوانەشی هێنایەوە ریزی چاوەڕێکاران کە خەون بە دەوڵەتی تۆباوی خەلافەتەوە دەبینن، بەوشێوەیەش شوێنکەوتووانی ئیسلامگەرا بە هەموو ناکۆکی و جیاوازییەکانیانەوە بە لێشاو گەڕانەوە ناو فۆرمی خەلافەتەکەی، ئەگەرچی هەندێکیان نارەزایەتیان لە خەلافەتی ئەبوبەکر بەغدادی هەیە، لەپاڵ پێداگریکردن لەسەر گرنگی پێگەی خەلافەت وەك پایەو ئامانجێکی باڵا.

## چۆن داعش پۆلێن بکەین؟

کەواتە «داعش» بەرهەمهێنراوێکی تیرۆریستی دابڕێنراوە لە قاعیدە، پاشئەوەی بەشێك بوو لێی، لە دواییدا چەند ئایدیایەکی تازەی بۆ زیادکرا بەوهۆیەشەوە گەیاندییە ئەو پێکهاتە سەیرەی کە لە گروپە مافیاییە رێکخراوەکان نزیکدەبێتەوە، لەوێشەوە بەرەو گروپە ئایینیە چەکدارییە توندڕەوەکان دەگۆڕێت.

سەرەتاکانی چاندنی تۆوی داعش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکییە فیکریەی کە لەنێوان «رەوتی هەڵۆکان» بە سەرکردایەتی ئەبو مەسعەب زەرقاوی و رێکخراوی «قاعیدە»دا سەریهەڵدا، بەڵام لەدوای کوژرانی زەرقاوی و ئەبو

حەمزەی موهاجیر لە ساڵەکانی 2006 و 2010دا، داعش پێی نایە قۆناغی پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەت لە عێراق، کەواتە ناکۆکییەکەیان تەنها لەسەر ئاستی بیروڕاکان نییە کە ئەوە جیاوازییەکی جەوهەرییە، بەڵکو لەسەر ئاستی هەڵوێستیانە لە بەرامبەر رژێمە عەرەبییەکان و شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی نزیك و دوور، هەروەها هەڵوێستیان لە بەرامبەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی دەوڵەتانی تردا بۆ بەرژەوەندی رێکخراوەکەیان، جگە لە هەڵقوڵانی کۆمەکی دارایـی و جیاکردنەوەی مەرجەعیەتە شەرعییەکانی رێکخراوەکە لە کەشی شەرعی باو سەبارەت بە ئازادی لە مەسەلەکانی جیهاد کە چەندینجار لە پێکهاتەتنی زانا تایبەتمەندەکانی سەر بە رێکخراوەکەدا گۆڕا، تا دەگاتە ئاستی نەبوونی تێڕوانین و تێفکرین بە حوکمی هاتنە ناوەوەی چەند لایەنێك کە خاوەنی باگراوندی بەعسی و لایەنی تریش کە نزیکن لە جەنگاوەرە ناوچەییە لۆکاڵییەکان، وەکو عەشایەرەکانی عێراق و هەندێك ناوچەی تری سوریا.

## داعش، مەتەڵێکی سەرسوڕهێنە

داعــش لــە گۆشەنیگای هــەمــووانــەوە بــە مەتەڵێکی سەرسوڕهێنەر لەقەڵەم دەدرێـت، چونکە دەمێك خۆی وا نیشاندەدات کە سەر بە ئێران یان عێراقە، دەمێکی تریش خۆی بە نزیکی بەشار ئەسەدو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا نیشاندەدات، ئەمە سـەرەڕای ئەو تۆمەتبارکردنە دوژمنکارانەیەی کە بەرجەستەکەری راگواستنی قەیرانە

سیاسییە دیارەکانی ئێرانە کە مالیکی بەکاری دەهێنان کاتێك دەستیکرد بە تۆمەتبارکردنی شانشینی سعودیەو دەوڵەتانی کەنداو، بە شێوەیەك وا هەستبکات کە بەشێکە لە بەرهەمهێنانی شەرعیەتە وەهمییەکەی کە لەلای کەسە عاقڵمەندەکانی شیعەی عێراق لەپێش سوننەکاندا، لە گیانەڵڵادایە.

**گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان**

لەپێناو بڕینی رەگی ئەو سەرسوڕمانەدا لەڕووی تێگەیشتن لە داعش، باشتر وایە باسی ئەو هەموو لێکدانەوەگەلە بکرێت کە نزیکە لە چیرۆکەکانی ئەندێشەی زانستییەوە، ئیتر لەڕووی بەرهەمهێنەری فیکری بێت (پەیامەکان، فەتواکان، وەسیەتی شەهیدەکان، وەڵامدانەوەی لادەرەکان...هتد)، یان ئەو کۆمەڵگە داعشیەی لە تۆڕی ئینتەرنێت دروستیان کردووە (تویتەر، روانگە جیهادییەکان، نامیلکە هاندەرەکان، کاری پڕوپاگەندەیی دژ بە ناحەزەکانی داعش).

گرنگە بزانین خوێندنەوەی کۆپی قاعیدەیی «داعش» و کۆپی جیهانی «داعش» کە ئێستا بیانییەکان بەلای خۆیدا پەلکێش دەکات دوو شتی جیاوازن، چونکە ئەو زمانەی کە بەزۆری لەلایەن چەکداران و لایەنگرانی داعشەوە قسەی پێدەکرێت، زمانی فەڕەنسییە، ئەوەش لەبەرئەوەیە رەگەزی مەغریبی و ئەوروپی باڵیان بەسەر پێکهاتەی داعشدا کێشاوە، ئەمە جگە لە هاتنە ناوەوەی رەگەزو نەتەوەی بچوك لەو رێکخراوە توندڕەوەدا، ئەوەش مانای بەرجەستەبوونی واقیعێکی

تیرۆریستی تازەیە کە نزیکە لە هاوپەیمانێتیەکی نێونەتەوەیی لەنێوان ئەوانەدا هیچ ڕێگەیەکی روون نابینن بۆ گۆڕان تەنها لە ڕێگەی توندوتیژییەوە نەبێت، چونکە پێیان وایە توندوتیژی ئەو دەنگەیە کە میدیاو خۆرئاواو روانگەی نێودەوڵەتی گوێی لێدەگرن، بە دیوێکی تریشدا دەبێتە پڕوپاگەندەیەکی پێچەوانە لە بەرژەوەندی شوێنکەوتوانی داعشدا.

لەدوای دەستپێکردنی هێرشەکان بۆسەر داعش، پێگەی جەماوەری ئەو ڕێکخراوە لەو ناوەندانەدا زیادیکردووە کە هاوسۆزییان بۆ گروپ و تاقمە تیرۆریستیەکاندا هەیە، بەڵکو تێبینی ئەوە دەکرێت کە چەندین گروپ و بیرمەندی ئیسلامگەرا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەئاشکرا لەڕیزی هاوسۆزی و پاڵپشتی ئیخوانیەوە بازیان داوەتە بەرەی هاندەرانی تاوانکارییەکانی داعش، ئەوەش لە پێناو بەرجەستەکردنی تیۆری (یەکڕەگی) کە بەپێی درێژبوونەوەی مێژووی توێژینەوە لەسەر دیاردەی تیرۆرو توندوتیژی دەکات لە ساتەوەختی لەدایکبوونی ئیسلامگەرا لەپێش دوو سەدە لەمەوبەر.

## دەرچوون لە منداڵدانی «پەراوێزخستن»ـەوە

جموجۆڵەکانی ڕێکخراوی داعشی عێراق کە پێشتر بە ڕێکخراوی قاعیدە لە وڵاتی رافیدەین ناسرابوو، هەر لە سەرەتای ساڵی 2006ـەوە تاکو دەستپێکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، بەهۆی کاریگەری هێرشی هێزەکانی ئەمەریکاوە بە هاوکاری هێزە عێراقییەکان ماوەیەك سستی و متبوونی بەخۆیەوە بینی، ئەو ماوەیەش لە تەمەنی ئەو ڕێکخراوە

چەکدارییانەدا کە لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکاندا دەجەنگن ماوەیەکی کەم نییە، بەڵام نهێنی مانەوەی داعش بە زیندوویی دەگەڕێتەوە بۆ توانای لەڕووی خۆڕێکخستنەوەو کۆڵنەدان لە بـەردەم گەردەلولدا، بەدڵنیاییشەوە هەڵسوکەوتەکانی حکومەتی تائیفی مالیکی، هۆکارو هاوکار بوو لە گەڕاندنەوەی خـێـرای ئـەو ڕێـکـخـراوە تـونـدڕەوە بـۆسـەر گۆڕەپانەکە، بەدڵنیاییەوە لە سەرەتاکانی خۆڕاگەیاندنیدا مامەڵەی میدیایی لەگەڵ داعش بە پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی وایکرد لە ئەنجامدا ببێتە مایەی شۆك و ئاکتێکی چاوەڕواننەکراو، بەڵکو ئەو ڕێکخراوە توندڕەوە گێرەشێوێنە بووە دێوێکی لەدەست دەرچوو بەهۆی ئەو کردەوە تیرۆریستییانەوە کە هیچ عەقڵ و ئایینێك قبوڵی ناکات، لەوەش زیاتر بووە کارتێکی سیاسی گرنگ کە هەموو لایەنەکان بە نەیارەکانیشەوە گەمە دەکەن لەسەر بەکارهێنانی بە باشترین شێوە، چەقی قەیرانەکەش لێرەدایە! چونکە بەکارهێنان یان قۆرخکردنی سیاسیی نابێت دوورمان بخاتەوە لە خوێندنەوەی بارودۆخی قوڵکردنەوەو قەبەکردنی ئەمجۆرە ڕێکخراوانە لەدوای شکستهێنانی بەهاری عەرەبی، بەڵام داعش بەپێچەوانەی هاوشێوەکانیەوە کەوتە کێبڕکێ بۆ بڵاوکردنەوەی دیمەنەکانی سەربڕین و شانازیکردن بەو دیمەنانەو تەماشاکردنی وەکو دەستکەوت، تەنانەت منداڵان بانگدەکەن بۆ وێنەگرتن لەگەڵ قوربانییەکاندا، ئەوەش لە سایەی بێدەنگییەکی سامناکی نێودەوڵەتیدا.

وەکو بیرهێنانەوە، ئەگەر بێتو شریتەیەکی زەمەنی سەبارەت بە گەشەکردنی بیری توندڕەوی چەکداریی وەربگرین، هەر

له سەرەتای دەستپێکردنی شانە سەرەتاییەکانی موجاهیدینی ئەفغانستان تا دەگاتە «داعش» جیاوازییەکی بەرچاومان لەسەر ئاستی هەڵوێستە سیاسییەکان بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەتی لـەدوای بەکارهێنانی شێوازی (دەستکرانەوە) کە لەلایەن ئێرانەوە بەکارهێنراو ئێستاش بەشار ئەسەد سەرکەوتوانە بەکاری دەهێنێت، بەڵام کاتێك مالیکی هەوڵیدا ئەو ئەزمونە دووبارە بکاتەوە، رووبەڕووی شکستێکی گەورە بوەوەو وایکرد هەموو عێراقییەکان لێی بێنە وەڵام، بەوشێوەیەش داعش پەیدا بوو تا ببێتە هۆکارێك بۆ لەکارخستنی مالیکی.

### گەڕانەوەیەکی خێرا

له کۆتایی ساڵی 2011دا له نێوەندی ئـەم قـەیـران و گۆڕانکارییانەدا کە بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیەوە تێیدا دەژیـاو بـارودۆخـی ناوچەکەی داگیرساند، لەوکاتەدا دەوڵەتی ئیسلامی له عێراق زۆر بەهێزو رێکخراوەییەوە گەڕایەوە، دوای ئـەوەی توانی هاوسۆزی سوننەکانی عێراق بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەتایبەتی پاشماوەی هێزەکانی ئەو سەحوە شکستخواردوانەی کە پاڵیان دابووە پاڵ ئەمەریکاو حکومەتەکەی مالیکی، لەسایەی بارودۆخێکدا کە ناوچەکە خۆی بۆ چوونە ناوەوەی قۆناغی بەهاری دیموکراتی ئامادە دەکرد، بەڵام هەر له سەرەتاوە وەکو بەهاری تیرۆری نوێ خۆی نیشاندا، هۆکارو پاڵنەری سەهەڵدانی ئەو دۆخەش دەگەڕێتەوە بۆ شکستە بەردەوامەکانی ئەمەریکییەکان له عێراق و ناوچەکەشدا بەگشتی.

ئامانجی گـەڕانـەوەی داعـش لەو قۆناغەدا بریتیبوو لە لـەرزانـدن و شێواندنی سەقامگیری سیستمی سیاسی لە عێراق، لەبەرئەوە زنجیرەیەك تەقینەوەی شێلگیرانەی ئەنجامدا کە بە هــەزاران قوربانیان لێکەوتەوە، ئەوەش پاڵی بە ئەمەریکییەکانەوە نا دەست بە جموجوڵ بکەن و پاداشتی گەورە دابنێن بۆ دەستگیرکردنی سەرکردە دیارەکانی ڕێکخراوی داعش، بەڵام هیچ لەو پاداشتە بە کەس نەدرا، ئەوەش وەك هەر سیاسەتێکی تری ئەمەریکا لە هەڵمەتی جەنگ لەدژی تیرۆردا کە سەرکەوتوو نەبوو مادام لە ڕێگەی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بەڕێوەدەبرێت، ئەم بەئاسان بینیە لە روبەڕووبونەوەی توندڕەوی لەوکاتەدا عێراقی کردە دۆزەخێکی راستەقینە، کارەساتەکەش ئەوەبوو ئەو گروپە نوێیە پەیدابوو، بەڵکو زیندانەکانی کردە ئامانج و دەرگاکانانی خستە سەرپشت بۆ دەربازکردنی ئەو کادرە گرانبەهایانەی کە لە داهاتوودا دەبنە سووتەمەنیەکی راستەقینە بۆ داعش و جیاوازیەکی وا دروست دەکەن کە ئەوەتا ئەمڕۆ قەسابخانەیان خوڵقاندووە.

**بێتاوانکردنی رژێمی سەدام حسێن**

بەپێچەوانەی ئـەوەی ئێستا باسدەکرێت، بەتایبەتی لەلایەن دوژمنە تائیفەگەرەکانی گروپی داعشەوە، لەسەرو هەموشیانەوە رژێمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران، سوریاو عێراق بە سەرکردایەتی نوری مالیکی کە سەری رمەکە بوو لەدژی «داعش» و سودمەندی یەکەم لە بەهێزبوون و دەنگدانەوەی،

هەرچەندە بوونی هیچ پەیوەندییەکی لەنێوان رژێمەکەی سەدام «لەپێش روخانی» و قاعیدەو هاوشێوەکانیدا نەسەلماند، چونکە نەتوانرا هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆ بدۆزرێتەوە کە پەیوەندی نێوان سەدام و قاعیدە پشتڕاست بکاتەوە.

سەرەڕای ئەو هەموو تۆمارو دۆکیۆمێنتە بێشومارانەی کە لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حسێن دەستیان بەسەردا گیراو گرنگترینیان ئەوانە بوون کە لەلایەن ئاژانسی ناوەندی هەواڵگری ئەمەریکاوە لە ساڵی 2006دا وەرگێڕدران و لەلایەن سەنتەرەکانی توێژینەوە لە ئەمەریکا چەندین راپۆرتیان لەسەر بڵاوکرایەوە، زیاتر لە (34) ملیۆن لاپەڕە لەو دۆکیۆمینتانەی سەردەمی سەدام لەلایەن ئەو سەنتەرانەوە کورتکرانەوە، بەڵام هیچ شوێندەستی بوونی پەیوەندی یان هاوپەیمانێتی لەنێوان قاعیدەو رژێمی بەعسدا بەدینەکرا، چونکە بەگوێرەی ئەنستیتیۆی لێکۆڵینەوەکانی بەرگری سەر بە پێنتاگۆن لە راپۆرتێکیدا ئاشکرای کرد کە پشکنینی لەسەر (600) هەزار دۆکیۆمێنتی رەسمی رژێمی سەدام کردووە، بەڵام دەرکەوت کە هەموو گومانەکان تەنها وەهم و شتی هەڵبەستراو بوون.

**شکاندنی سایکس-بیکۆ یان پاکتاوکردنی نەیارەکان**

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کە جیهان بە رووداوەکانی بەهاری عەرەبییەوە سەرقاڵ ببوو، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) خۆی بونیات دەنا تاکو ئەبوبەکر بەغدادی لە سەرەتای 2013دا سوپرایزێکی تەقاندەوە لە رێگەی بەیاننامەیەکەوە بۆ قوتدانی «بەرەی نوسرە» و راگەیاندنی رێکخراوێکی

بەهێز بەناوی «داعـش» کە دەیەوێت ببێتە دەوڵەتێك و سنورەکانی ئەو دەوڵەتە تەقلیدیە ببەزێنێت کە سایکس-بیکۆ بۆی کێشاوە، ئەگەری مانەوەی داعش وەکو ڕێکخراوێکی هاوردەکراو لە عێراقەوە بۆ شام لە ئەنجامدانی نەیدەتوانی بەردەوام بێت ئەگەر هێزو ڕێکخراوەکانی تری سوریا بەهێز بوونایە، بۆ نموونە سوپای سوریای ئازاد کە لە کێشەو ڕەوشی سوریا نزیکترە نەوەك داعش و هاوشێوەکانی.

هەروەها هەڵگەڕانەوەو پشتلێکردنی بەردەوامی قاعیدە لە داعش زەنگێك بوو بۆ ئەوەی سەرکردایەتی داعش بیر لە دوایین ڕێگەچارەی خۆی بکاتەوە کە شێوازێکە لەلایەن سەرجەم ڕێکخراوەکان، میلیشیاکان و تەنانەت حزبە مارکسی و رادیکالییەکانیشەوە پیادە دەکرێت، ئەویش شێوازی (پاکتاوکردنی نەیارەکان)ـە.

پەیڕەوکردنی (پاکتاوکردنی نەیارەکان) لەلایەن داعشەوە هۆکارێك بوو بۆ بەرجەستەکردنی فۆرمێکی زۆر وەحشیگەرانە کە فۆرمێکی بەدناوی تۆمارکراوە بەناوی (زەرقاوی)ـەوە بۆ پەڕاندنی کەللـەسەرەکان و لەناوبردنی نەیارەکان، ئەمەش هەمان ئـەو شـێـوازە بـوو کە چـەکـدارانـی داعـش لـەدژی ئەندامانی سوپای سوریای ئـازادو بـەرەی نـوسرەو گروپی (احرار الشام) زۆر بە خوێنسادییەوە پەیڕەویان کرد، بەڵکو لەوەش خراپتر هەستان بە تۆمارکردنی ئەو ساتە خوێناوییانەی کردەوەکانیان و بڵاوکردنەوەیان بە گرتەی ڤیدیۆیی ئامادەکراو بە باکگراوندی سرودی ئیسلامی و وشەی توندو ڕەق لەسەر شێوازی دادگاییکردنی خێراو یەکلاکەرەوە، ئامانجی داعش

له تۆقاندنی جیهان بەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتە دڕندانانەی، گەیاندنی پەیامێکی ڕوونە بۆ سەرجەم گروپ و ڕێکخراوەکانی تر بە سەرکردەو ئەندامەکانیانەوە کە داعش بەڵێنەکانی بە هــەوادا هەڵنادات، بەڵکو ئــەوەی هەڵیاندەدات ئەو کەللـەسەرو لاشانەن کە نازانن لەسەر چی کوژران.

چیتر داعش گرفتێکی هەرێمیی تایبەتی نییە، بۆیە لە ئێستادا هەڵاتن لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە داعش لەسەر شێوازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە ڕابەرایەتی هەڵمەتی دژ بە تیرۆریزمی جیهانی دەکات بێسوودە، چونکە گەورەبوونی زیاتری ئەو درمە ئەنجامی کارەساتبارانەی لێدەکەوێتەوە، هەروەها سەرکۆنەکردنی داعش لەسەر ئاستی سیاسی و ئەمنی گرفتەکان چارەسەر ناکات، ئەگەر هاوکات نەبێت لەگەڵ شوێنکەوتنی ڕەگە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی و ژینگەی پەڵکێشکاری و ئەو گوتارە باوەی کە هەیەتی، ئەوەش هەمووی لە پێناو لێکهەڵوەشانی چەمکە سەرەکییەکانی و دەستنیشانکردنی شێوازەکانی بەدەستهێنانی هاوسۆزی و پرۆسەی بەبازاڕکردن و پرۆپاگەندەی داعش لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

ئەمە لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی، واتا ئاستی سەرکردەکان، ئەندامەکان، سەرچاوەکانی پارەپێدان، هاوپەیمانێتی بەستن لەگەڵ هێزو ڕەوتەکان و سەرکردە دیارەکانی تردا، بەتایبەتی ئەوانەی کە داعش بوەتە تاکە هیوایان لەدوای شکستهێنانی ئەزمونی « ئیسلامگەرا «، بەڵام ئایا تەنها تەنگەتاوکردن و لە قاقڕوزەدانی داعش بەسە بۆ دەرچوون لە حاڵەتی داعش؟

بانگەشەکردن و هاوارکردن بۆ ئەوەی خۆرئاوا لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، تەدەخول بکات بۆ لەناوبردنی رێکخراوی داعش، بەس نییە بۆ کۆتاییهێنان و لەناوبردنی، بەڵکو سیناریۆکە دووبــارە دەبێتەوەو داعــش دەخاتە قۆناغی خۆمتکردن و قـۆزاخـەوە، پاشان بە شێوەیەکی بەهێزتر دەگەڕێتەوە گۆڕەپانەکە، ئەزمونەکانی تاڵیبان و قاعیدەو رێکخراوی قاعیدە لە دورگەی عەرەب باشترین نموونەن بۆ سەلمانی ئەو راستییە.

**زۆنگاوی سوریا**

یەکێك لە ناڕوونترین دۆسییەکانی داعــش بریتییە لە خۆتێوەگلاندنی لە زۆنــگـاوی ســوریــا، ســـەرەڕای ئـەوەش بەشداریکردنی لە شۆڕشی گەلی سوریا لــەدژی رژێمی ئەسەد بە دوو ساڵ درەنگوەخت بوو، کاتێك داعش چووە ناو خاکی سوریا، شۆڕشگێڕەکان بەشێکی زۆری ناوچەکانی سوریایان ئازاد کردبوو، بەڵکو نزیکبوون دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنن، بەڵام «داعش» لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی «دەستکردنەوە»ـەوە هەرزوو گۆمەکەی شڵەقاندو ریسەکەی جەنگاوەرە ئازادیخوازەکانی سوریای کــردەوە بە خوری، بەڵکو لەوەش زیاتر کەوتە لێدانی هێزەکانیان و کوشتنی ئەندامەکانیان بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەییانە.

داعــش هەموو دەستکەوتەکانی شۆڕشی سوریای کردە ئامانجی خۆی (شۆڕشی ئــازادی، رێکخراوە سەربازییەکان، گەلی شۆڕشگێڕی سوریا)، ئەوەبوو هەستا بە ئەنجامدانی زنجیرەیەك کــاری تیرۆرکردن و رفاندنی گرنگترین کەسە

دیارەکانی موقاوەمەی سوریاو ژمارەیەك لە دامودەزگا مەدەنی و سەربازییەکانی تێکشکاند، بێگومان ئەمانە چەند کارێك بوو لە بەرژەوەندی رژێمی سوریا کە هەرگیز لە بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشێکی بەهێزو هەڵکەوتوودا خەونیشی پێوە نەبینیبوو.

**هەڵوەشاندنەوەی شۆڕشی سوریا**

هەڵوەشاندنەوەی شۆڕشی سوریا یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییە رانەگەیەندراوەکانی «داعش» کە کاریگەرییەکانی وێرانکەر بوون، چونکە داعش لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە بەرپەرچ دەدرێتەوە کە ئەندام و لایەنگرەکانی لەناو زیندانە تاریکەکانی دەوڵەتی بەغدادیدا روبەڕووی کوشتن، ئەشکەنجەدان و سوکایەتی پێکردن دەکرێنەوە، ئەو کردارانەی دەوڵەتی ئیسلامی پاڵی بە ئەمیری بەرەی نوسرە نا بێتە وەڵام و بەیاننامەکانی دەربکات، بەڵام لەپاش چی، ئەوەبوو فەرمانی دەرکرد بە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام و گەڕاندنەوەی گۆڕەپانی سوریا بۆ دۆخی ئاسایی خۆی لەپێش هاتنی «داعش»، بەڵام ئەبوبەکر بەغدادی لەجێی خۆیدا وەڵامی ئەمیری نوسرەی دایەوەو وتی: «دروشمی گەورەی داعش کە بووە سیمبوڵ بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ماوەو فراوانتر دەبێت تاکو خودا سەریدەخات، یان بە هەلاکەت دەچین، بۆیە هیچ رێگەیەك بۆ پەشیمانبوونەوەو تەسلیمبوون نییە».

ئەم هەنگاوە هەڵەشەو چاونەترسانەیەی بەغدادی لە بەرامبەر ئەمیری بەرەی نوسرەدا بووە هۆی دروستکردنی

درزو جیابوونەوەی چاوەڕواننەکراو لەناو جەستەی گروپە جیهادییەکان لە سوریا، ئەوەبوو نیوە زیاتری چەکدارەکان پاڵیان دایە پاڵ داعش و زۆربەیان ئەوانە بوون کە لە وڵاتی دوورەوە هاتبوون و ناوی (کۆچکەرەکان)یان بەسەردا بڕاوە، ئەمە سـەرەڕای چەند کۆمەڵێکی لۆکاڵی کە بێزاربوون لە سستی سەرکەوتنەکانی سوپای ئازادو لەڕووی ئایدۆلۆجیەوە چوونە ناو ریزەکانی «داعش» کە لەڕووی تیۆرییەوە ئامانجی گەیشتنە بە قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەت، هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەت و دانانی بەبوبەکر بەغدادی بە ئەمیری ئیمانداران، داعش خۆی کردە سەرمەشقی بەزاندنی گۆڕەپانی نەك بەتەنها جیهادی، بەڵکو گۆڕەپانی تەواوی جیهانی ئیسلامگەرایی بە میانڕەو و توندڕەوییەوە.

ناکۆکی لەنێوان داعش و بەرەی نوسرە لەناو خاکی سوریاوە گواسترایەوە بۆ دەرەوەی سوریا، بۆ ناو دۆستان و لایەنگران و هاوسۆزان لەگەڵ بیری توندوتیژی، بەوهۆیەشەوە ژمارەیەك لە کەسە دیارەکانی رێکخراوە فیکری و چەکدارییەکان هەندێك لێدوانیان لێرەو لەوێ لەدژی داعش دا، دیارترینیان مشتومڕی (ئەبو محەمەدی مەقدیسی) بوو کە بە مەرجەعی رەوتە جیهادییە تازەکان دەدەنرێت، مەقدیسی وەکو رەخنەگرو ئامۆگاریکارو هۆشداریدەر لە بەرامبەر داعش بەوپێیەی کە دەنگێکی نەشازەو زیان بە بیرۆکەی جیهادی دەگەیەنێت، بە شێوەیەك کە «بە قسەی مەقدیسی» دوژمنەکانیش نەیانکردووە، بەڵام هۆشدارییەکانی مەقدیسی و ئەوانی تریش رێگر نەبوون لە بەردەم چوونی کەسایەتی زۆری تر بۆ ناو هێڵی ململانێ و

مشتومڕەکان و هەوڵدانیان بۆ نێوانگیریکردن لەنێوان سەرکردە ناکۆکەکاندا.

لەلایەکی تــرەوە شێخ عەبدوڵڵا ئەلمحێسنی سعودی کە کەسێکی نزیکەی لە ڕەوتــە جیهادییە چەکدارییەکان، لە هەوڵدانێکدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ململانێکان لەنێوان سەرکردەی گروپە جیهادییەکاندا داوای لە ئەبوبەکر بەغدادی کرد بگەڕێتەوە بۆ عێراق و بەرەی شام چۆڵ بکات و شەڕەکە بۆ ڕێکخراوە چەکدارییە جۆراوجۆرەکانی سوریا جێبهێڵێت، لە نێوانیشیاندا «داعش» و «بەرەی نوسرە»، بەڵام ئەم بیرۆکە باشەی ئەلمحێسنی کە دەبــووە هەنگاوێك بۆ یەکخستنی ریزەکانی گروپە تیرۆریستییە جیهادییە خــاوەن ئامانج هاوبەشەکان، لەلایەن داعشەوە بەتوندی رەتکرایەوە، بەڵکو لەسەر زەوی و لە رێگەی چەند کردەوەیەکی خۆکوژییەوە بارەگاکانی رێکخراوە جیهادییەکانی تری کردە ئامانج و شکستی بە پڕۆژەی لێکنزیکبوونەوەو پێکەوەهەڵکردن هێناو «داعش» گۆڕا بۆ هێزێکی توندوتیژی قێزەون و خوێناوی تا ئەو ئاستەی کە ناکۆکییەکان پاڵی بە یەکێك لە ئەندامە گەنجەکانی داعشەوە نا بۆ کوشتنی کوڕی مامی کە لەناو بەرەی نوسرەدا بوو.

**مشتومڕە توندوتیژەکانی نێوان داعش و زەواهیری**

دواکەوتنی وەڵامدانەوەی سەرکردایەتی داعش لەئاست نەیارەکانی زۆری نەخایاند، ئــەوەبــوو داعــش کۆمەڵێك بەیاننامەی توندی بەرامبەر بە ئەیمەن زەواهیری و رێکخراوی قاعیدە دەرکــردو بە زمانێکی زبرو هێرشبەرانە نوسرابوون: «خــۆت و قاعیدەت خستە بــەردەم دوو رێگە کە ناتوانی

دەستبەرداریان بیت، یان ئەوەتا لەسەر هەڵەکانت بەردەوام بیت و عینادی بکەیت و شەڕو کوشتار لەنێوان موجاهیدەکان لە جیهان بەردەوام بێت، یان دەبێت دان بە هەڵەکەتدا بنێیت و راستی بکەیتەوەو درکی پێبکەیت، ئیتر ئێمەش سەرلەنوێ دەستی هاوکاریت بۆ درێژ دەکەین بۆ ئەوەی ببیتە چاکترین شوێنگرەوەی کەسی پێش خۆت، چونکە شێخ ئوسامە بن لادن موجاهیدەکانی لەسەر یەك گوتارو یەك هەڵوێست کۆکردەوە، بۆیە داوات لێدەکەین لەو هەڵە کوشندەیەت پاشگەز بیتەوە».

ئەم زمانە زبرە ئەندامان و لایەنگرانی قاعیدە باش لێی تێدەگەن، چونکە ئەوەی لە داعش نزیکبێتەوە واتا تا کۆتایی لە جەستەی قاعیدە جیابوەتەوە مادام بە عەقڵ و مێشکی زەواهیری بەڕێوە دەبرێت کە بەهۆی ملهوڕی و توندڕەوی داعشەوە گێژ بووە کە بە هەڵگیرسێنەری دووبەرەکی تۆمەتباری دەکات و داوای لێکردووە بگەڕێتەوە بۆسەر رێبازە کۆنەکەی قاعیدە.

ئەو سەرئێشەیەی کە داعش لە رێگەی راگەیاندنی جیابوونەوەیەوە لە پێکهاتەی قاعیدە بۆ خودی قاعیدەی دروستکردووە، هەوڵدانێکی بەردەوام بوو بۆ سەربەخۆبوون و خۆدەربازکردنی لە میراتی قاعیدە کە ببووە مایەی بارگرانی و رێگری بۆ رێکخراوێکی تازەی وەکو «داعش» کە لەدوای هاوپەیمانێتی و کارکردنی لەگەڵ پاشماوەکانی بەعس و میلیشیا چەکدارەکان، توانی شارەزایی و سەرچاوەی نوێ بەدەستبێنێت دوور لە رێبازو بیروڕاو وتارە ئایینیەکانی قاعیدە.

## دەوڵەتی بەیداخە ڕەشەکان

داعــش هەتا سـەرەتـای ساڵی 2014 چـاوەڕوانـی کـرد بۆ ئەوەی ستراتیجەکەی لە گرنگیدانی بە زۆنگاوی شەڕی سوریا بگۆڕێت بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی ئەگەرە کراوەکان (عێراق) وەك لایەنگرانی داعش ناوزەدییان کردووە، سەرەتا لە فەللوجەو رومـادی، پاشان موسڵ و ئەنبار کە لانکەی لەدایکبوونی دەوڵەتی خەلافەت بوو، بەڵام دەستبەسەرداگرتنی پارێزگای سەلاحەدین گرنگترین ڕووداو بوو بەلای داعشەوە، چونکە بە ئەڵقەی بەستنەوەی نێوان باکورو ناوەڕاستی عێراق دادەنرێت و ڕێگەیەکە بۆ چوونە ناو قۆناغی دەوڵەتی خەلافەتی خاوەن نـەوت، ئـەوەش زیاتر داعشییەکانی توشی لەخۆباییبوون و دڕندەیی کرد لە بۆتەی جۆرێك تیرۆری نوێ کە لە سایە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامیدا کەموێنەیە.

## ئابوری داعش

لەدوای بەیعەتپێدان بە ئەبوبەکر بەغدادی و دانانی وەکو ئەمیری ئیمانداران، دەستیکرد بە گرنگیدان بە دابینکردن و چنگکەوتنی سەرچاوەی دارایی لە پێناو خۆژێنیدا تا بتوانێت ژمارەیەکی پێوانەیی نوێ لە کێبڕکێی دوورو درێژی تیرۆردا تۆمار بکات کە پڕیەتی لە کۆسپ و ڕێگری، بەو هەنگاوەش داعش توانی زۆر بەخێرایی گەورە بێت و پەل بهاوێژێت و دۆســت و لایەنگران لــەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام تێپەڕاندنی ئەو کۆسپە دارایی و ئابورییانەی کە ڕێگر بوو لە فراوانخوازی داعش دواجار بەدیهات، ئەوەش ڕۆڵی باڵای گێڕا

لە گەورەبوون و فراوانبوونی ڕۆڵی دەوڵەتی خەلافەت لەسەر دەستی داعش.

کردنە ئامانجی بانکە ناوەندییەکان لە شارەکاندا هەنگاوی یەکەمی داعش بوو، پاشان توانی سوود لە سەرچاوەی نەوتی ئەو ناوچانە وەربگرێت کە وەك خۆیان دەڵێن ئازادیان کردووە، سەرەڕای کەمی و سنوورداریتی بڕی نەوت، بەڵام داعش دەستیکردووە بە فرۆشتنی نەوت بە نرخێکی زۆر هەرزان لە ڕێگەی بازرگانان و دەڵاڵەکانیانەوە کە هەموو شتێکی قەدەغەکراو دەفرۆشن، لەلایەکی ترەوە ئەو دۆخی بێدەوڵەتیەی کە بەردەوام لە ناوچەکانی شەڕو ناسەقامگیری سیاسی دروست دەبێت، یارمەتیدەر بوو بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئابوری و دارایی داعش تا ئاستێکی باش.

لە ڕاپۆرتی ئەنجومەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کە بەمدواییە دەرچوو هاتووە: «سەرەتای بوژانەوەی ئابوری گروپی داعش لە ساڵی 2013دا دەرنگوەخت بوو، پێشئەوەی موسڵ لە عێراق کۆنترۆڵ بکات کە بە بۆچوونی شارەزایان خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانی ئابوری گەورە بوو نەك تەنها بۆ داعش، بەڵکو گرنگ بوو بۆ هەموو پلانەکانی کاری چەکداری لە ناوچەکەدا».

گروپی داعش لەپێش کۆنترۆڵ کردنی شاری موسڵ مانگانە نزیکەی (10) ملیۆن دۆلاری چنگ دەکەوت لە ڕێگەی دزینی پارەو سەپاندنی باج و خەراج بەسەر خاوەنکارانی لۆکاڵی و بڕینی پشکێکی زۆر لەو هاوکارییە مرۆییە نێودەوڵەتییەی کە بە خاڵەکانی پشکنینی داعشدا تێدەپەڕین و لە بەرامبەر

ڕێگەپێدانی بە تێپەڕینیان لێیان وەردەگرتن، ئەم ڕەفتارو هەڵسوکەوتانەی چەکدارانی داعش هەروەها بەڕێکەوت نەبوون، بەڵکو ئاشکرایە کە داعش بەپێچەوانەی ڕێکراوەکان و گروپەکانی ترەوە ڕەفتاری کارگێڕییانەی خۆی لەسەر زەوی پەرەپێداوە بۆ شێوە ڕەفتاری مافیایی نـەوەك بونیاتنانی بەرنامەی کارکردن کە لە تێڕوانین و بۆچوونە ئیسلامییەکانەوە سەبارەت شێوەی دەوڵەتداری وەردەگیرێت.

هەروەها ڕاپۆرتەکان باسی گەورەبوونی بودجەی داعش دەکـەن، لـەدوای ئەو گۆڕانکارییە تازانەی کە ڕوویانداوە، زۆرێکیش لەو ڕاپۆرتانە ئاشکرایان کـردووە کە سەرمایەی گروپی داعش لە ئێستادا لە (2) ملیار دۆلار کەمتر نییە.

بـەغـدادی لـە سـەرەتـادا پێداگری لـەسـەر دابینکردنی سەرچاوەکانی پارەو کاری نهێنی دەکرد، ئەوەش لە ڕێگەی شانەی بچوك بچوکەوە کە پێکەوە نەبەسترابوون، ئەو شێوازەی لە سەپاندنی باج بەسەر شۆفێری بارهەڵگرەکان و هەڕەشەکردن لە خاوەنکارەکان بە تەقاندنەوەی شوێنکارەکانیان ئەگەر ئامادەیی هاوکاریکردنی داعش دەرنەبڕن، هەروەها دزینی بانکەکان و دوکانی خشڵ و زێڕی هاووڵاتیان یەکێکی ترە لە سەرچاوەکانی دارایی داعش.

لە ڕاپۆرتێکی گرنگدا کە لـەلایـەن کەناڵی (CNN)ی ئەمەریکییەوە بڵاوکرایەوە، گرنگترین تەوەرەکانی سەرچاوەی تەمویل و دارایی گروپی داعشی ئاشکرا کردووە، دیارترینی ئەو تەورانە بریتین لە:

1. کۆمەك و هاوکاری: زۆربەی ئەو کۆمەك و هاوکاری و

بەخشینانە دەگرێتەوە کە لەلایەن کەسایەتییە دەوڵەمەندەکان لە سەرتاسەری جیهاندا پێشکەش دەکرێت، سەرەڕای بوونی چاودێریەکی چڕ کە لەلایەن ژمارەیەك لە دەوڵەتانەوە لەسەر سەرچاوە داراییەکانی گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان پیادە دەکرێت بە «داعش»ـەوە، بەڵام شێوازی جۆراوجۆر هەیە بۆ گواستنەوەی ئەو کۆمەك و پارانە لە رێگەی حەواڵەی بچوك و راستەوخۆوە، بەوشێوەیەش بەئاسانی دەگاتە دەست چەکدارانی داعش.

2. فرۆشتنی نـەوت: ئاشکرایە کە باکوری سوریا یەکێکە لەو ناوچە نەوتدارانەی کە بەشێکی زۆری کەوتوەتە ژێر دەسەڵاتی گروپی داعش، هەرچەندە بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە شارەکانی باکوری سوریا لەلایەن رژێمی سوریاوە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام ئەو نهێنییە ئاشکرا بووە کە رژێمی ئەسەد هەڵدەستێت بە کڕینی نەوت لە رێگەی دەڵاڵەکانی داعشەوە کە بازرگانی قەیران و جەنگن و سوودمەندن لە بارودۆخی ناسەقامگیری ئەو ناوچانەی شەڕیان تێدایە.

3.بازرگانی مادده هۆشبەرەکان و شتنەوەی پارە: گروپی داعش توانایەکی زۆری هەیە لەڕووی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لە بەرژەوەندی پڕۆژەکانیدا، لەبەرئەوە راپۆرتەکەی (CNN) بەدووری نازانێت داعش لە رێگەی پەیوەندی بەستن لەگەڵ رێکخراوە مافیاییە جیهانییەکان و سوودوەرگرتن لە ئەزموونە داراییەکانیان پەرە بە بەهێزکردنی توانای دارایی دەدات، ئەمەش پێبازێکی کاریگەرە کە پێشتر گروپە جیهادییە بچوکەکان بەخۆیانەوە نەبینیوە.

4. فرۆشتنی کارەبا: راپۆرتێکی رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز)ی ئەمەریکی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە گروپی داعش لە رێگەی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای ئەو شارانەی کە دەستی بەسەریاندا گرتووە لە باکوری سوریا وزەی کارەبا بە گروپ و تاقمی تر دەفرۆشێت بۆ بەرژەوەندی رژێمەکەی بەشار ئەسەد، ئەوەش ئەزمونێکە کە پێشتر لە عێراقدا ئەنجامیانداوە.

5. باج کۆکردنەوەو ناچارکردن: لەدوای کەوتنی شاری موسڵ و دەرچوونی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق، گروپی داعش هەستا بە سەپاندنی بڕی نزیکەی (8) ملیۆن دۆلار مانگانە بەسەر بانکەکاندا وەك ناچارکردنیان بە پێدانی نەختینەو پێدانی باج لەلایەن کۆمپانیا لۆکاڵییەکانەوە، هاوکاتیش لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی رووبەرێکی بەرفراوان لە خاکی عێراق لەلایەن داعشەوە، دەستیکردووە بە سەپاندنی باجێکی زۆر بەسەر شارەکاندا، ئەوەش رێگەیەکە بۆ زۆربوونی رێژەی پارەو پول لەدەستی داعشدا.

6. دەستکەوت و غەنیمە: دەستکەوت (غەنیمە) یەکێکە لە دیاترینی ئەو شێوازە کلاسیکییانەی کە هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندبوون بە سوودوەرگرتن لە شەڕو قەیرانەکان، بەڵام داعش توانایەکی زۆری نیشانداوە لـەڕووی بەڕێوەبردنی دەستکەوت و غەنیمەو تاڵانکردنی بانکە ناوەندییەکان و دامودەزگا داراییەکان، ئێستاش قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە داعش بڕێکی زۆر ئاڵتونی دەستکەوتووە بەهاکەی بە (430) ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت.

7. گەشەکردنی سەربازی: حاڵەتی نوێی داعش لەدوای سەرهەڵدانی پرۆژەی دەوڵەتی خەلافەت و کەوتنی بەشێکی

فراوانی خاکی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی داعشدا، ئەو بازدانەی پێویستی بە بەدەستهێنانی گەشەکردنێکی سەربازی بوو، ئەوەبوو لە عێراق بڕێکی زۆر چەك و تەقەمەنی و ئامێری سەربازی لە سوپای شکستخواردووی عێراق دەستکەوت لە موسڵ، قسە لەسەر ئەوەش دەکرێت کە چەکدارانی داعش لە ئاهەنگ و نمایشە سەربازییەکانیاندا موشەکی سکۆد نمایش دەکەن و لە شەقامەکانی رقەی سوریاش دەیان چەکداری دەمامکداری داعش بەسەر پشکی تانکەکانەوە لە نمایشی سەربازیدا دەبینرێن.

## بیۆگرافیای گروپی داعش

| دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) | |
|---|---|
| دامەزراندن | ٢٠١٣/٤/٩ |
| سەرکردە (ئەمیر) | ئەبوبەکر ئەلبەغدادی |
| سەرکردەی پێشوو | ئەبو عومەر ئەلبەغدادی |
| ژمارەی چەکدار | ١٥٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠ |
| بیروباوەڕ | سەلەفی جیهادی |
| رەفتارو هەڵسوکەوت | رێکخراوێکی تیرۆریستی توندڕەوە |
| پێکهاتەی سەربازی | (٧٤) رەگەزی جۆراوجۆر |
| ئەو هێزانەی لە دژییان شەڕ دەکات | عیراق، سوریا، سوپای ئازادی سوریا، بەرەی نوسرە، حزبوڵڵا، پەیەدە، هەرێمی کوردستان هێزی پێشمەرگە |
| ئامانجی سەرەکی | دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، جێبەجێکردنی حوکمی شەریعەت |
| ئەو شوێنانەی دەستی بەسەرداگرتووە لە سوریا | (الرقە، ریفی حەلەب، الباب، جەرابلوس، ویلایەتی الحسکە (البرکە)، ریفی دێرلزور، ریفی باکوری حومس) |
| ئەو شوێنانەی دەستی بەسەرداگرتووە لە عیراق | (موسڵ، تکریت، سامەڕا، فەللوجە، بێجی، شەنگال) |

## دیارترین کەسەکانی ناو گروپی داعش

| زنجیرە | ناوی کەسایەتی | پلەو پایەی لەناو داعش |
|---|---|---|
| ١ | ئەبو عەلی ئەنباری | وەکیلی بەغدادی بۆ فەتوانی لەسێدارەدان و ئەشکەنجەدانی قوربانییەکان |
| ٢ | ئەبو محەمەد ئەنصاری | وەکیلی بەغدادی بۆ فەتواکانی لەسێدارەدان و لێکۆڵینەوەی قوربانییەکان |
| ٣ | ئەبو ئەسیر ئەلحەلەبی | والی پێشووی حەلەب، کەسێکی کاریگەرە لەسەر هەڵوێستەکانی بەغدادی |
| ٤ | ئەبو موسلیم ئەلمیسری | دادوەری گشتی گروپی داعشە، حوکمی سەیر سەیر دەردەکات |
| ٥ | ئەبو عوبەیدەی مەغریبی | سەرۆکی دەستە ئەمنییەکانی هەواڵگری گشتی داعش |
| ٦ | ئەبو ئەحمەد ئەلحەلەبی | سەرۆکی هەواڵگری حەلەبە، ئەندامی پێشووی حزبی بەعس بووە |
| ٧ | ئەبو حەیدەر | کەسێکی بێدەنگە، بەڵام شارەزایە لە لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانی بەندکراوەکان |
| ٨ | ئەبو مریەم عێراقی | دیارترین لێکۆڵەرەوەکانی داعشە و کەسێکی بەدناوە |
| ٩ | ئەبو محەمەدی فەرەنسی | خەڵکی فەرەنسایە و بە ڕەگەز مەغریبییە، بەڕێوەبەری بەندیخانەکانی داعشە |

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە: گۆڤاری (المجلە)، ماڵپەڕی ئیلاف، ویکپیدیا**


http://www.majalla.com/arb/201408//article55251930

http://www.elaph.com/Web/opinion/2014913145/6/.html

# سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
د.شاسوار کەمال مەحمود
مامۆستای زانکۆ

**ناوەڕۆك:**

*** داعش چییە؟**

*** رابەری داعش کێیە؟**

*** خشتەی زەمەنی دروستبوون و گەشەکردنی داعش؟**

*** داعش چۆن کار دەکات؟:**

*** پێکهاتە، ناوچەی جوگرافی، پارەدارکردن، حوکم کردن.**

*** چەکدارانی داعش، چەکەکانی دەستی داعش.**

*** کۆتایی هێنان بە داعش:**

*** پێویستە یارمەتی کوردەکان بدرێت.**

*** دەبێت ئێران رۆڵی هەبێت.**

**داعش چییە؟**

رێکخراوی تیرۆریستی داعش وەك لقێکی قاعیدە دەستی بە کارەکانی کرد، ئامانج لە کارکردنی بریتییە لە دروستکردنی خەلافەتی ئیسلامی لە ناوچە سوننیەکانی عێراق و سوریا، داعش کورتکراوەی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) ـە بە زمانی عەرەبی، ئێستا ئەو رێکخراوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە عێراق و سوریا خەلافەتی ئیسلامی راگەیاندووەو بە شێوەیەکی سەربەخۆ کارو چالاکییەکانی ئەنجام دەدات.

داعش لە گرتنی ناوچەکاندا توندوتیژییەکی لەڕادەبەدەر بەکاردەهێنێت و هاوکات لەسێدارەدانی ئاشکراش ئەنجام دەدات، ئەم گروپە گوێ بە سنوورە نێودەوڵەتییەکان نادات و ئەو شوێنەی بۆی بکرێت هێرشی دەکاتە سەرو

دەیخاتە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەیەوەو لە ئێستاشدا ناوچەیەکی بەرفراوان لە عێراق و سوریا لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێکخراوەدایە.

**رابەری داعش کێیە؟**

ئەبوبەکر بەغدادی رابەری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشە، نـاوبـراو زۆر بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ بـڵاوکـردنـەوەی زانیارییەکانی تایبەت بەخۆی دەکـات، تەنانەت پێش بڵاوکردنەوەی وتارە ڤیدیۆییەکەی ناو مزگەوتێکی موسڵ تەنها دوو وێنەی ناوبراو لەبەردەست بوون، زۆرێك لە چەکدارانی داعش بەغدادی-یان روبـەڕوو نەبینیوە، لەکاتی قسەکردن لەگەڵ چەکداراندا دەمامك دەپۆشێت، هەربۆیە نازناوی (شێخی نادیار)یان پێبەخشیوە، بەپێی زانیارییەکانی وێبسایتەکانی سەر بە ڕێکخراوی داعش، ناوبراو لە زانکۆی بەغدا بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە لە بواری زانستە ئیسلامییەکاندا.

وا گومان دەکرێت بەغدادیساڵی 1971 لە شاری سامەڕا لەدایکبووبێت، لەکاتی هاتنی سوپای ئەمەریکا بۆ عێراق لە ساڵی 2003دا لە یەکێك لە مزگەوتەکانی ناوچەکە کاری کردووە، پێش ئەوەی پەیوەندی بە ڕێکخراوی قاعیدەوە بکات هێزێکی چەکداری لە سەڵاحەدین و دیالە دروستکردووە.

ماوەی چوار ساڵ لە کەمپی بوکا (Bucca) زیندانی بووە، ئەو کەمپە لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە بەڕێوەدەبرا لە باشوری عێراق، ساڵی 2009 بەغدادی ئازاد دەکرێت. دوای ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی ئەبوبەکر بەغدادی نازناوی (ئەلخەلیفە ئیبراهیم) بەکاردەهێنێت و لە ئێستادا شوێنکەوتووانی بەو ناوە بانگی دەکەن.

سالّی 2010 وەك رابەری قاعیدە لە عێراق دەرکـەوت و پاشان پلەی بەرزبووەوە، کاتێك قاعیدەی عێراق بەنیازبوو لەگەڵ بەرەی نوسرەی سوریا یەکبگرن، زەواهیری داوای لە بەغدادی کرد تەنها خۆی بە عێراقەوە سەرقاڵ بکات و واز لە سوریا بهێنێت بۆ بەرەی نوسرە، بەڵام بەغدادی ئەو بەڵینەی نەداو رێکخراوی داعشی دروستکرد، هەرچەندە زەواهیری دەسەڵاتی بەسەر لقەکانی قاعیدە لە پاکستان و نیمچە دوورگەی عەرەبی و باکوری ئەفریقا هەیە، بەڵام بەغدادی ناوبانگی باشترە لەڕووی رێکخراو بوون و تاکتیکی جەنگییەوە، ئەمەش وادەکـات زۆربەی جیهادییە لاوەکان سەرسام بن بە بەغدادی نەوەك بە کەسایەتییەکی ئایینی وەك زەواهیری.

لە ئۆکتۆبەری سالّی 2011دا ئەمەریکا بەڕەسمی ئەبوبەکر بەغدادی وەك تێرۆریست ناساندو بڕی 10 ملیۆن دۆلاری وەك خەڵات دیاری کرد بۆ هەرکەسێك بە پێدانی زانیاری کە ببێتە هۆی گرتنی یان کوشتنی ناوبراو، پێویستە ئاماژە بـەوەش بکرێت کە بەغدادی هەندێك نـاوی خـوازراوی تریش بەکاردەهێنێت لەوانە (ئەبو دوعا، د.ئبراهیم عەواد ئیبراهیم ئەلبەدری ئەلسامەڕائی)، هەروەها نەبوونی زانیاری دڵنیاکەرەوە لەسەر ناسنامەو شوێنی بەغدادی دەبنە هۆی ئەوەی پرسیارەکان زیاتربن لە وەڵامەکان دەربارەی رابەری ترسناکترین رێکخراوی جیهادی جیهانی.

**خشتەی زەمەنی دروستبوون و گەشەکردنی داعش:**

• سالّی 2004، ئەبوموسعەب ئەلزەرقاوی لقی قاعیدەی لە عێراق دروست کرد.

• ساڵی 2006، قاعیده بە سەرۆکایەتی زەرقـاوی ویستی شەڕی تائیفی لە عێراق هەڵبگیرسێنێت.

• رۆژی 7ی حوزەیرانی 2006 زەرقــاوی دەکـوژرێـت، ئەبوئەیوبی میسری ناسراو بە ئەبو هەمزەی ئەلموهاجیر شوێنی زەرقاوی دەگرێتەوە.

• ئۆکتۆبەری 2006 ئەبوئەیوبی میسری دروستبوونی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق راگەیاندو ئەبو عومەر بەغدادی دەبێتە رابەری ئەو رێکخراوە.

• دوای کوژرانی هەریەك لە ئەبو ئەیوبی میسری و ئەبو عومەر بەغدادی لەلایەن هێزە هاوبەشەکانی عێراق و ئەمەریکاوە، ئەبوبەکر بەغدادی دەبێتە رابەری رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق لە نیسانی 2010دا.

• لە 8ی نیسانی 2013دا رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق لەگەڵ لقی سوریای قاعیده ناسراو بە (بەرەی نوسرە) یەکدەگرن و ناوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام.

• بەرەی نوسرە بەم یەکگرتنە رازی نابێت و دواتر هەردوو گروپ شەڕ لەگەڵ یەکتری دەکەن و قاعیده دووبارە پێکیان دەهێنێتەوە.

• رێکخراوی ناوبراو چەند ناوچەیەك لە سوریا کۆنترۆڵ دەکات.

• 9ی حوزیرانی 2014 چەکدارانی داش فڕۆکەخانەو وێستگەی تەلەفزیۆن و بارەگا حکومییەکانی موسڵ کۆنترۆڵ دەکەن و زیاتر لە 1000 بەندکراو بەرەڵا دەکەن.

• 10ی حوزەیرانی 2014 داعش بەتەواوی شاری موسڵ کۆنترۆڵ دەکات.

• 11ی حوزەیرانی 2015 داعش شاری تکریت کۆنترۆڵ دەکات.

• 21ی حوزەیرانی 2014 داعش شارۆچکەی قائیم و چەند ناوچەیەکی تر کۆنترۆڵ دەکات.

• 30ی حوزەیرانی 2014 نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند کە مەزەندە دەکرێت ملیۆنێك و 200 هەزار کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت بێت بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە.

• هەر لەهەمان رۆژدا ئەمەریکا رایگەیاند کە هێزی زیادە رەوانەی عێراق دەکات، هەربۆیە 300 سەربازو راوێژکاری رەوانەی عێراق کرد بۆ پاراستنی باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکاو فڕۆکەخانەی بەغدا، هەروەها بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی عێراق.

• تەمموزی 2014 تـەواوی شارەکانی نێوان دێـرزۆری سوریاو سنوری عێراق دەکەونە ژێر دەستی داعشەوە.

• 3ی تەمموزی 2014 داعش گەورەترین کێڵگەی نەوتی سوریا ناسراو بە (ئەلعومار) کۆنترۆڵ دەکات.

• 24ی تەمموزی 2014 داعش مەزارگەی نەبی یونس لە موسڵ دەتەقێنێتەوەو خاپوری دەکات.

• 8ی ئابی 2014 بـاراك ئۆباما فەرمانی دەرکــرد بە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی بۆ لێدانی داعش لە عێراق.

• ئەیلولی 2014 داعــش گرتەی ڤیدیۆی سەربڕینی رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی بڵاوکردەوە.

• سەربڕینی رۆژنامەنووسەکە لەلایەن کەسێکی بەریتانیەوە ئەنجامدەدرێت.

• 11ی ئەیلولی 2014 دەزگـای هەواڵگری ئەمەریکا رایگەیاند کە ژمـارەی چەکدارانی داعـش زیاترە لەوەی

پێشبینیان کردووەو وامەزەندە دەکرێت ژمارەیان لەنێوان 20,000 - 31,0000 چەکدار بن لەنێوان سوریاو عێراقدا.

- داعـش گرتەی ڤیدیۆی سەربڕینی کەسانی بیانی و بەریتانی و ئەمەریکی بڵاودەکاتەوە.
- 23ی ئەیلولی 2014 ئەمەریکا گورزی ئاسمانی لە داعش دەوەشێنێت و شاری رقەی سوریا بۆمباران دەکات، شاری رقەی باکوری سوریا مۆڵگەی سەرەکی رێکخراوی داعشە.
- ئۆکتۆبەری 2014 بەردەوامی جەنگ و شەڕ لەنێوان داعش و هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانان لە عێراق و سوریا لە ناوچەیەکی جوگرافی فراواندا.

**داعش چۆن کاردەکات؟**

رێکخراوی تیرۆریستی داعش سەرچاوەی داهاتی نەوتی هەیە، چەکداری هەیە، ناوچەی بەرفراوانی لەبەردەستە لە عێراق و سوریاو بەنیازی دامەزراندنی دەوڵەتەکەی خۆیەتی، هەربۆیە شتێکی پێویستە بزانین ئەم رێکخراوە چۆن کارەکانی رێکدەخات و چالاکییەکانی چۆن ئەنجامدەدات؟

**1- پێکهاتەی داعش:**

ئەم رێکخراوە پێکهاتەیەکی وردی هەیە کە زۆر پسپۆڕی و ئەرك ئەنجامدان لەخۆدەگرێت، بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست سوپای عێراق کەوتوون زۆربەی سەرکردەکانی داعش پێشتر لە سوپای سەدام حسێن-دا سەرباز بوون، لەکاتی هاتنی سوپای ئەمەریکادا دژی ئەمەریکییەکان شەڕیان کردووە، ئەمەش راهێنانی سەربازی و تەکنیکی تیرۆریستی زیاتری پێ بەخشیون بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی داعش بەکاری بهێنن.

ئەبوبەکر بەغدادی خۆبەخەلیفە زان دوو جێگری هەیە، یەکێکیان بۆ بەڕێوەبردنی عێراق و ئەوتریشیان بۆ بەڕێوەبردنی سوریا، هەروەها بەغدادی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەیە کە لە کۆمەڵێك راوێژکار پێکدێن و یارمەتی خەلیفە دەدەن بۆ راپەڕاندنی کارەکان و چەسپاندنی سیاسەتەکانی داعش، ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە راستەخۆ چاویان بە ئەبوبەکر بەغدادی دەکەوێت.

هەروەها دەیان سەرکردەی ناخۆیی (ناوچەیی) تر کار بۆ ئەو رێکخراوە دەکەن لەسەر ئاستی ناوچەکەی خۆیان و راپۆرت و زانیاری بۆ جێگری خۆیان دەنووسن بۆ ئەوەی بگاتە دەست بەغدادی رابەری رێکخراوەکە، (بڕوانە وێنەکەی خوارەوە).

**2- ناوچەی جوگرافی:**

رێکخراوی تیرۆریستی داعش بە ماوەیەکی کەم توانی ناوچەیەکی جوگرافی بەرفراوان لە شارو شارۆچکەکان کۆنترۆڵ بکات کە نزیکن لە رێگاکانی دابینکردن و ژێرخانی گرنگ و ناوچەکانی پەڕینەوەی سەرسنوور، بەدرێژایی ئەم هاوینە داعش بەرەو قوڵایی سوریا هەنگاوی ناوەو دەستی گرتووە بەسەر چەندین بارەگاو بنکەی حکومی، هەروەها زۆر ناوچەی بەدەستهێناوەتەوە کە پێشتر گروپەکانی تر لە داعشیان وەرگرتبوەوە، لە ئێستادا داعش لەهەوڵی ئەوەدایە پێگەی خۆی لەسەر سنووری نێوان عێراق و سوریا قایمتر بکات، پێویستە ئەوەش بوترێت کە چەکدارانی داعش توشی پاشەکشە هاتن دوای ئەوەی ئەمەریکا گورزی سەربازی لێوەشاندن و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێزەکانی عێراق و کوردەکان بەنداوی موسڵ و شارۆچکەی ئامرلی لە داعش رزگار بکەنەوە.

**3- پارەدارکردن (تەمویل):**

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعــش داهاتێکی زۆری نەوتی لەبەردەستە، کە ئەمەش وای کردووە ئەو ڕێکخراوە ببێتە یەکێك لە دەوڵەمەنترین ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهانی لە مێژوودا، شارەزایان مەزەندەی داهاتی داعش دەکەن بە 1-2 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی لەهەر ڕۆژێکدا کە لە ڕێگای کێڵگەو پاڵاوگە نەوتییەکانی عێراق و سوریا دەستی دەکەوێت کە لە ئێستادا لەژێر کۆنترۆڵی داعشدان، زۆربەی پاڵاوگەکانی خۆرهەڵاتی سوریا کەوتوونەتە دەســت داعــش، لە عێراقیش هەندێك ناوچەی نەوتی کۆنترۆڵ کردووە کە ڕۆژانە دەتوانێت25,000 – 40,000 بەرمیل نەوت بفرۆشێت کە بە مەزەندەی شارەزایان تەنها داهاتەکەی لە عێراق دەکاتە یەك ملیۆن و دووسەد هەزار دۆلاری ئەمەریکی. (بڕوانە وێنەکەی خوارەوە).

**4- حوکم کردن:**

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعــش لەکاتی گرتنی هــەر شارو ناوچەیەکدا کۆمەڵێك خزمەتگوزاری هەڵبژراد کە درێژە پێدەدات لەگەڵ بەکارهێنانی هێزێکی توند بۆ چەسپاندنی ئەو تێگەیشتنە رادیکاڵیەی خۆیان کە دەربارەی ئیسلام هەیانە، پۆلیسی ئایینی فەرمان بە داخستنی دوکانەکان دەکات لە کاتی نوێژەکانداو پێویستە ژنانیش سەرو دەموچاوی خۆیان لە شوێنە گشتییەکاندا داپۆشن، ئاڵای داعش لە شوێنە گشتییەکان هەڵدەواسرێت، هەرکەسێك تۆمەتبار بکرێت بە گوێڕایەڵی نەکردنی ڕێکخراوەکە ئەوا لەبەر چاوی خەڵکی لەسێدارە دەرێت یان شوێنێکی دقرتێنرێت، هاوکات نانەواخانەو بازاڕەکان و وێستگەکانی سوتەمەنی کاری خۆیان ئەنجام دەدەن. (بڕوانە وێنەکەی خوارەوە).

**5- چەکدارانی داعش:**

وەك لە سـەرەوە ئاماژەمان پێکرد، دەزگـای هەواڵگری ئەمەریکا رایگەیاندووە کە ژمارەی چەکدارانی داعش زیاترە لەوەی پێشبینیان کردووەو وامەزەندە دەکرێت ژمارەیان لە نێوان -20,000 31,0000 چەکداربن لە سوریاو عێراق، لەو ژمارەیەش نزیکەی 15,000 چەکداریان کەسانی بیانین کە زۆربەیان سەر بە وڵاتانی (تونس و سعودیە)ن و ژمارەیەکی کەمتریش سەر بە وڵاتەکانی (رووسیا، چین، ئەمەریکا، بەلجیکا)ن...

**6- چەکەکانی دەستی داعش:**

داعش بایی زیاتر لە سەدان ملیۆن دۆلار چەکی لە دامەزراوە سەربازییەکانی سوریاو عێراق دزیـوە، هەروەها دەستی بەسەر ئەو چەکانەشدا گرتووە کە نێردراون بۆ گروپەکانی تری سوریا لەلایەن وڵاتانی بیانییەوە، ئەو چەکانەی داعش دەستی بەسەردا گرتوون لەناویاندا چەکی ئەمەریکی و یوگسلافی دەبینرێن. (بڕوانە وێنەکەی خوارەوە)

**کۆتایی هێنان بە داعش**

**1- پێویستە یارمەتی کوردەکانی عێراق بدرێت:**

لە نووسینێکی تایبەتدا رۆژنامەنووس و پێشکەشکاری جیهانی فەرید زەکەریا داوا دەکات ویلایەتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکەی بەهێزترو کاریگەرتر بەشداری بکات بۆ لەناوبردنی داعش، ئەو پێی وایە کە ئەمەریکا دەتوانێت لە رێگای وەشاندنی گورزی ئاسمانی لە داعش و پێشکەشکردنی

مەشق و راهێنان بە هێزەکانی عێراق رۆڵێکی کارای هەبێت.

هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا فەرید زەکەریا ئاماژە بەوە دەکات دەستوەردانی ئەمەریکا لە عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی قەیرانی مرۆیی گەورەتر نەبێت و هەروەها هەلێکی عەقڵانیش لەبەردەستدایە بۆ ئەو دەستوەردانە لە عێراق، دواتر ناوبراو بە شێوەیەکی تایبەت ئامۆژگاری ئیدارەی ئەمەریکا دەکات یارمەتی کوردەکان بدات لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

1- لەماوەی 23 ساڵی رابردوودا ویلایەتە یەکگرتووەکان کوردەکانی پاراستووە لەهەر جۆرە هێرشێك بۆ لەناوبردنیان و لەو ماوەیەشدا کوردەکان ناوچەیەکی مۆدێرن و دیموکراتخوازو رۆژئاواخوازیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کردووە.

2- کوردستان بوەتە ناوچەیەکی کراوەی جیهانی کە ئابووریەکەی لە گەشەکردندایە.

3- زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی شوێنێکە بۆ برەودان بە پەروەردەی مۆدێرن و دایەلۆگی کراوە.

4- کوردەکان هێزێك بوون بۆ پاراستنی ئارامی ناوچەکە، بۆ نموونە لە کۆتایی هێنان بە ململانێی کوردانی تورکیا، دابینکردنی یارمەتی مرۆیی بۆ ئاوارە سوریەکان...

5- بوونی سەرکردەی شەرعی و سوپایەکی راهێنراو کە ئامانجیان بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی خۆیانە.

**2- دەبێت ئێران رۆڵی هەبێت:**

لە نووسینێکی تری جیاوازدا فەرید زەکەریا ئاماژە بەوە دەکات کە ئیدارەی ئۆباما پێویستە رێگایەك بدۆزێتەوە بۆ بەشداریکردنی ئێران لە جەنگی دژ بە داعشدا، ئەگەر

بەڕاستی مەبەستیەتی کۆتایی بە داعـش بێت، چونکە ئێران یەکێکە لە هێزە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرژەوەندی زۆری لە ناوچەکەدا هەیە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات ویلایەتە یەکگرتووەکان کاریگەری لەسەر حکومەتی عێراق هەیە، بەڵام کاریگەری ئێران زیاترە.

فەرید زەکەریا باس لەوە دەکات کە سەرکردەی پارت و حکومڕانانی شیعەی عێراق ماوەیەکی زۆر لە تاران و دیمەشق ژیاون و ئێران بۆ ماوەی چەندین دەیە یارمەتی ئەو حزبانەی داوە، دواتر نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە کاتێك نوری مالیکی لە پۆستەکەی لابرا بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئێران قەناعەتی بەو لادانە هەبوو، هەربۆیە بە یارمەتی ئێران ئەوکارە کرا، کەواتە ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا مەبەستیەتی سوننەکان بەشدارییەکی کارگەریان لە حوکمدا هەبێت ئەوا رۆڵی ئێران یەکلاکەرەوە دەبێت لە قەناعەتهێنان بە شیعەکانی عێراق، بە بۆچوونی فەرید زەکەریا، ئێران دەکرێت رۆڵێکی کاریگەری هەبێت لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

1- ئێران پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سوریا هەیە، بۆیە ئەگەر هەر چارەسەرێك لە سوریا بکرێت و بیانەوێت بەشار ئەسەد دووربخەنەوە، بەڵام هەندێك لە بەرپرسانی سەربازی بهێڵنەوە لە دەسەڵات، ئەوا ئێران دەتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت، چونکە ئەمەریکا پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی ئێستای سوریا نییە.

2- بەرژەوەندی ئەمەریکاو ئێران لە ئەفغانستان لەگەڵ یەکە، هەربۆیە رۆڵی ئێران کاریگەرە بۆ ئەفغانستانێکی سەقامگیر.

3- داعش دوژمنی هاوبەشی ئێران و ئەمەریکاو وڵاتە عەرەبیەکانە.

سەرەڕای ئەو دوو تەوەرەی سەرەوە، فەرید زەکەریا کۆمەڵێك خاڵا باسدەکات کە پێویستە ئیدارەی ئەمەریکا پەیڕەویان بکات لە جەنگی دژ بە داعشدا:

1- پێویست ئەمەریکا بۆخۆی (کات و شێوازی) جەنگەکە هەڵبژێرێت و نەکەوێتە داوی ئەم گروپەوە بەتایبەتی پڕوپاگەندە ڤیدیۆییەکانی داعش کە ئامانج لێیان وروژاندن و بڵاوکردنەوەی ترسە.

2- دەبێت ئەمەریکا ئەم دوژمنە بەچاوێکی کەم سەیر نەکات و هەماهەنگی هەبێت لەنێوان گورزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکاو هێزەکانی عێراق و پێشمەرگەی کورد بۆ رزگارکردنی زەوی لەدەستی داعش.

3- هێرشی سەربازی دەبێت هاوتەریب بێت لەگەڵ بوونی سیاسەتێکی ژیرانە بۆ ئەوەی ئەزموونی خراپی هەڵوەشاندنەوەی سوپای پێشوی عێراق و بەعس دووبارە نەبێتەوە کە بوونە هۆی یاخی بوونی سوننەکان.

ئەم سیاسەتە ژیرانەیە گرنگە بۆ ئەمەریکا تا ئەو بۆچوونە دروست نەبێت کە ئەمەریکا بەرگری لە دوو رژێمی شیعەی- عێراق و سوریا- دەکات دژ بە راپەڕینی سوننەکان، لەکاتێکدا سوننەکان زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە دوای دروستبوونی ئەو قەناعەتە، قورس دەبێت بۆ ئەمەریکا هاوپەیمانی ناوچەیی بدۆزێتەوە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی.

## سەرچاوەکان:

تەواوی زانیارییەکان بۆ نوسینی ئەم بابەتە وەرگیراون و وەرگێڕدراون لە رۆژنامەو گۆڤارو سایتە بەناوبەنگەکانی جیهان وەك: رۆژنامەی نیویۆرك تایمز، سایتی CNN، سایتی BBC، سایتی فەرید زەکەریا، بەو ناونیشانانەی خوارەوە:

1. http://edition.cnn.com/201408/08//world/isis-fast-facts/
2. http://www.bbc.com/news/world-middle-east-27801676
3. http://www.nytimes.com/interactive/201416/09//world/middleeast/how-isis-works.html?_r=1
4. http://globalpublicsquare.blogs.cnn.com/201409/08//why-u-s-should-help-the-kurds/
5. http://fareedzakaria.com/201426/09//the-fight-against-the-islamic-state-must-include-iran/
6. http://fareedzakaria.com/201411/09//can-we-defeat-the-islamic-state/

# هەیکەلی ڕێکخراوی داعش

